دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە

ژمارە ٧٥٣، شەممە ١٥ی پووشپەڕی ١٣٩٨ی هەتاوی، ٦ی جولای ٢٠١٩

www.kurdistanmedia.com

### سی ساڵە بێ قاسملووین و سێ ساڵە بێ کاکۆ

گەرچی بەراوردی هیچ کەس بە قاسملووی ڕێبەر ناکرێت، بەڵام پووشپەڕی خوێناوییە و ڕاسان و حەماسەی کۆساڵانم، تێکەڵ بە قەرەسەقەل بووە و مەڵبەندی ئەردەڵان، لە سێ ساڵەی شەهیدکرانی قارەمانەکانی کۆساڵاندایە.
وەک ژنە شەهیدێک و وەک دایکی شەهیدێکی ئەم نیشتمانە، تەنیا و تەنیا بە مەزهەرەکان دەڵێم، بریا حورمەت و کەسایەتیی ئەوەتان هەبا، شەرمتان لە ئێمەمانان کردبا کە لە ساڵرۆژی شەهیدکرانی ڕێبەرەکەمان و ڕۆڵەکانمان، هەستی پاکی ئێمە بریندار دەکەن، هەستێکی پاک کە بۆ نیشتمانێکە، ئێوە بە دروشم و ئێمە بە خوێن دەیپارێزین.

**دایکی کاکۆ**
**شەهید کاوە جەوانمەرد**
**پووشپەڕی ١٣٩٨**



پڕاگماتیزمی دوکتور قاسملوو...

٤



ڕاسان لە ئەرکی شۆڕشگێڕییەوە....

٦



دیپلۆماسیی هەڕەشە، داهێنانی....

٨



وتووێژی کوردستان لەگەڵ نەسرین قاسملوو

١٠

# لە پێشوازیی هەتوانی هەرماندا



٣٠ ساڵ پێش ئێستە و لە ٢٢ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٦٨ی هەتاوی، مێژووی مرۆڤایەتی پەڵەیەکی ڕەش و چڵکنی بە نێوچاوانی خۆیەوە بینی. لە ڕۆژی تەمتوومانی ٢٢ی پووشپەڕدا، دڵچەپەڵانی ئازادیکوژی گوڵخنکێن زەفەریان بە پێغەمبەری ئاشتی برد و لە ڤییەنی پێتەختی هونەر، خەیانەتی لەبیرنەکراویان تۆمار کرد و مامۆستای هونەر و جوانییان شەهید کرد.

لەو ڕۆژە بە دواوە تا ئێستە ڕێبوارانی ڕێبازی پڕشکۆی قاسملووی هەتوان هەموو ڕۆژێک و هەموو ساتێک بە ناو و یادی ئەم مەزنەمرۆیەی سەردەم ژانی برینە سارێژنەبووەکانیان هێور دەکەنەوە و بەڵێنی بەردەوامی لە ڕێگا و ڕێبازەکەی دەدەن.

ئەمساڵیش لە یادی ٣٠ ساڵەی جینایەتی ڤییەن و شەهیدکرانی پێغەمبەری ئاشتی، کوردانی تاراوگە بڕیاری ڕاسانی تاراوگەیان داوە تاکوو بە کۆبوونەوە لەبەردەم پارلمانی یەکیەتیی ئورووپا لەلایەکەوە پەیمان لەگەڵ ڕێبازی دوکتوری شەهید نوێ بکەنەوە و لەلایەکی تریشەوە بە یەکگرتوویییان یەکدەنگ و یەکڕیز هاواری ستەملێکراوی گەلەکەیان بە گوێی نووستووی جیهان بگەیەنن و تێرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی ڕیسواتر بکەن.

بڕیار وایە لەم ڕێپێوانە جەماوەرییەدا کە ڕێکەوتی ٩ی جوولای ٢٠١٩، کاتژمێر ١١ی سەرلەبەیانی لە شاری بروکسێلی پێتەختی وڵاتی بێلژیک بەڕێوە دەچێ، بەشداربووان بە لێکگرێدانی دەستیان بەشێوەی سیمبۆلیک پەیامی یەکڕیزی بدەن و بە مارشی نەتەوەیی ئەی ڕەقیب دەست بە ڕێپێوانەکە بکەن و تێیدا بە خوێندنی سروودی تایبەت بەم بۆنە و هەروەها وتنەوەی هەندێک درووشمی تایبەت بە زمانەکانی کوردی و ئینگلیسی یەکدەنگ، تێرۆری ڤییەن مەحکووم بکەن.

هاوکات لە نێوخۆی وڵات و لە شار و گوندی کوردستانی ڕۆژهەڵاتی بریندار، وەک ساڵانی پێشوو، خەڵکی بەئەمەگ و ڕزگاریخوازی نیشتمان، پێشمەرگەکانی شار و ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات کە بە وانەکانی شەهید قاسملوو گۆچ کراون، بە ئەنجامدانی چالاکی جۆربەجۆری تەبلیغی دەیسەلمێنن کە تا گەیشتن بە ئاوات و ئامانجەکانی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری دەس لە خەبات و تێکۆشان هەڵناگرن و شار دەکەنە پاڵپشتی ڕاستەقینەی شاخ.

لەمبارەشەوە دەزگای ڕێکخستنی گشتی حیزب چەند ڕێنماییەکی بڵاو کردۆتەوە کە بە کورتی بەم چەشنەیە:

. دەربڕینی ڕق و بێزاری لە سیاسەتی تێرۆر و تۆقاندن و سەرکوتی خوێناویی کۆماری ئیسلامی
. بەرزڕاگرتنی یاد و ناوی شەهیدی ڕێبەر، دوکتور قاسملوو
. ڕازاندنەوەی شەقام و کۆڵانەکان بە ناو و وێنە و پووستێری تایبەتی پووشپەڕ
. نووسینی دروشم و بڵاوکردنەوەی تراکت
. پۆشینی بەرگی کوردی
. کەڵکوەرگرتنی هێمایی لە ڕەنگی شینی ئاسمانی وەک باوەڕی دوکتور قاسملوو بە ئاشتی و ئاوەدانی
. کەڵکوەرگرتن لە گوڵی سوور وەک سومبولی شەهیدان لە هەموو شوێنێکی شارو دێ و سەیرانگا و شوێنە گشتییەکان

## گەمەی ئاگرین

سەرکۆماری ئامریکا ڕێکەوتی ١٤ی پووشپەڕ جارێکی تر هۆشداری جیددی بە کۆماری ئیسلامی دا و ڕایگەیاند کە دەبێ زۆر وریا بن!

ناوبراو لە ڕەوتی سەفەرێکدا بۆ نیوجێرسی بە هەواڵنێرانی وتووە: "لە داهاتوودا دەبینن کە لە ئێراندا چی دێتە گۆڕێ؛ ئێران دەبێ زۆر وریا و ژیرانە بجووڵێتەوە".

ئەم قسانەی دانڵد ترامپ دوابەدوای ئەوە هاتنە ئاراوە کە حەسەن ڕوحانی باسی لە بردنەسەری ڕێژەی پیتاندنی ئۆرانیۆم و کەمکردنەوەی ڕێژەی پێبەندییەکانی ئێران بە بەرجام کردبوو؛ ڕوحانی هەڕەشەی کردووە کە لە ڕێکەوتی ١٦ی پووشپەڕەوە ڕێژەی پیتاندنی ئۆرانیۆم دەگەیەننە سەروو ٣,٦٧٪ و هەتا هەرچەند کە پێویستییان بێت زیادی دەکەن!

ئەم قسانەی ڕوحانی کە لەلایەن عەلیئەکبەر ویلایەتیشەوە دووپات کرایەوە چەشنێک لە گوشارهێنانە بۆ سەر وڵاتانی ئورووپایی ئەندام لە بەرجام؛ پرسێک کە دژکردەوەی بریتانیا، فەڕانسە و ئاڵمانیشی لێکەوتۆتەوە و ڕایانگەیاندووە: "تاران دەبێ پێبەند بێت بە هەموو ماددەکانی نێو بەرجام و وتوویانە: بەهیچ شێوەیەک هەڕەشە و هۆشداریدان لەلایەن تارانەوە قبووڵ ناکەن".

کارناسانی کاروباری ئێران پێیان وایە ئەمە گەمە و یارییەکی ئاگرینی مەترسیدارە کە کۆماری ئیسلامی دەیهەوێ لەگەڵ جیهان بیکات چوونکە دۆڕاوی سەرەکیش هەر دەبێتە کۆماری ئیسلامی. بەڕای ئەوان عەلی خامنەیی لە ئێستەدا کار لەسەر سێ سێناریۆ دەکات: یەکەم وتووێژ لەگەڵ ئامریکا کە بەشێک لە بەرپرسانی تاران وەک "خۆکوژی" ناوی لێ دەبەن، دووهەم خۆتەیارکردن بۆ شەڕ لەگەڵ ئامریکا، کە لەم ڕاستایەدا هەندێک ئارایشی سەربازییان ئەنجام داوە، و سێهەم بردنەسەری ڕێژەی ئاڵۆزی و ناکۆکییەکان لە ئاستی ناوچەیی بەچەشنێک کە سەرنجی وڵاتانی دنیا بۆ لای قەیرانەکانی ناوچە ڕابکێشرێ نەک کۆماری ئیسلامی.

### پەیڤ

## زەمان نایگاتێ

### کەریم پەرویزی

یەکێک لە تایبەتمەندییە دیار و دەرهەستەکانی کات، بریتییە لەوەیکە هەمووشتێک ماوەدار دەکا و بە تێپەڕینی زەمان، کاتیان بەسەر دەچێ. یان بە واتایەکی دیکە، نوێبوونی دیاردە و ڕووداوەکان بە کاتەوە بەستراوەتەوە و تێپەڕینی کات، لە نوێبوونیان دەخا و کۆنیان دەکا.

بەڵام هەندێک شتی تایبەت لە مێژوو و ژیانی مرۆڤایەتیدا هەن کە تێپەڕینی کات ناتوانێ لەپەراوێزیان بخا و تۆزی کۆنبوونیان لێ بنیشێنێ. ئەو شتە تایبەتانە فاکتۆری کاتیان تێدا کاریگەری نییە و کاتدار نین!

کارەساتی ٢٢ی پووشپەڕی ١٣٦٨ی هەتاوی، ١٣ی ژوئیەی ١٩٨٩ی زایینی، لەو ڕووداوانەیە کە کاتی تێدا قەتیس ماوەتەوە. ڕێک لەو چرکەساتەدا کاتژمێر ڕاوەستاوە و تێناپەڕێ.

زەمان لەو چرکەساتەدا مانی گرتووە و چاوەڕێیە. چاوەڕێی پەنجەیەک کە وەگەڕی بخاتەوە چاوەڕێی دەنگێک کە پێی بڵێ دادپەروەری جێی خۆی گرت و ئیدی دەتوانی تێپەڕی؛ بەڵام ئەو کارەساتە لەو کارەساتانە نییە کە تەنانەت دادپەروەریش بتوانێ تێیپەڕێنێ. هیچ دادێک لە جیهاندا نییە کە کارەساتی وەها تێپەڕێنێ، چوونکە فیشەک بەرەوڕووی هزر و بڕوا کراوەتەوە. هەر وەکوو چۆن لە باخی بەهەشتەوە قابیل بە نامرۆڤانەترین شێوە هابیلی کوشت و تا دونیا دونیایە، کات لەو تاوانە تێناپەڕێ، کات لە ٢٢ی پووشپەڕیش تێناپەڕێ، چوونکە هیچ شتێک نییە لە دونیادا بتوانێ داد بەرقەرار بکا لەو کارەساتەدا. تەقە لە هزر و بڕوا چۆن قەرەبوو دەکرێتەوە؟!

لەوە گرنگتریش ئەوەیە کە کات ناتوانێ بەسەر ئەو هزر و بڕوایەدا زاڵ ببێ. ئەو هزر و بڕوایەی کە لە ٢٢ی پووشپەڕی ١٣٦٨ی هەتاویدا تەقەی لێ کرا، هزر و بڕوایەکە لە دەرەوەی بازنەی کات.

بڕوا و هزری دوکتور قاسملوو، کاتی و زەماندار نەبوون. ئەو قووڵتر لەوە بیری دەکردەوە کە زەمان بتوانێ تۆزو خۆڵی لەسەرکا. ئەو بیرکردنەوە و بڕوایەی کە دوکتور قاسملوو باسی دەکرد و چوارچێوە و پێکهاتەی بۆ دادەڕشت لەو هزر و بڕوایانە نەبوو کە بۆ ماوەیەک کاریگەریی هەبێ و بەرژەوەندییەکی تاک و گرووپیی تایبەت پێڕەو بکا و دوایە بە دابینبوونی بەرژەوەندییەکە ئیدی بیرکردنەوە و هزرەکەش کاتی بەسەر بچێ.

ئەو لە دەرەوەی بەرژەوەندیی تاک و گرووپی بیری دەکردەوە و بگرە

درێژە لە لاپەڕەی ٣

# کۆبوونەوەی هاوبەشی ناوەندی سیاسی و دەستەی کارگێڕیی حیزبی دێموکرات بەڕێوە چوو



سیاسی و بڕیاری پێویست لەوبارەوە، بەڕێوە برد.
ڕۆژی یەکشەممە، ٢ی پووشپەڕی ١٣٩٨ی هەتاوی، کۆبوونەوەی هاوبەشی ناوەندی سیاسی و دەستەی کارگێڕیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەڕێوە چوو.

دەستەی کارگێڕی و ناوەندی سیاسی بەڕێوە چوو، دۆخی سیاسیی ئێستای ئێران و کوردستان خرایە بەر باس.
سەرەتای کۆبوونەوەکە بە خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە یادی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان دەستی پێکرد.

دواتر لێپرسراوی گشتی وێڕای خستنە بەرباسی دەستووری کاری کۆبوونەوەکە، ڕاپۆرتێکی سیاسیی لە دۆخی ناوچە، ئێران و کوردستان پێشکەش کرد کە سەرەڕای هەڵسەنگاندنی سیاسی، ڕێوشوێنی پێویست لە بەردەم کورد و حیزبی دێموکراتدا لەو ڕاپۆرتەدا ئاماژەی پێ کرابوو و پێشنیاری هەنگاوە کردەییەکانی بۆ بڕیارلەسەردانی، پێشکەشی کۆبوونەوەکە کرد.
لە درێژەی کۆبوونەوەکەدا، بەشداران ڕا و سرنج و پێشنیارەکانی خۆیان بۆ پوختەترکردنی ڕاپۆرتەکە باس کرد.
کۆبوونەوەکە هەرهەمان ڕۆژ، بە کۆبەندی باسەکە و هەروەها بڕیاردانی پێویست بۆ هەنگاوەکانی دواتر، کۆتایی پێهات.

# ڕاگەیەندراوی دەزگای ڕێکخستنی گشتیی حیزبی دێموکرات، بە بۆنەی ٣٠هەمین ساڵوەگەڕی شەهیدبوونی دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی



خەڵکی خەباتکاری کوردستان!
تێکۆشەرانی ڕێگای ئازادیی گەل و نیشتمان!
دۆستان، لایەنگران و ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!
لەبیرنەکراوە کە سی ساڵ لەمەوبەر کۆماری ئیسلامیی ئێران لە پیلانگێڕییەکی دزێودا، ڕێبەری هەڵکەوتووی بزووتنەوەی ڕەوای گەلەکەمان، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، "دوکتور قاسملوو"ی هەرگیز نەمریان لەسەر مێزی وتووێژ بۆ ئاشتی و پێکەوە ژیان، وێڕای هاوڕێ "عەبدوڵڵا قادری ئازەر"، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب لە "وییەنـ"ـی پێتەختی وڵاتی ئۆتریش شەهید کرد و زامێکی گران و بەژانی خستە سەر جەستەی جووڵانەوەی حەقخوازانەی گەلەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.
کۆماری ئیسلامیی ئێران بەو غەدر و خیانەتەی کە دەرهەق بە متمانەی دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی کردی، زەربەیەکی لە ڕق و بێزاری لە کردەوە چەپەڵەکانی لە پانتایی جیهان و کوردستان و خۆرهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی، هێنایە خرۆشان، ٣٠ ساڵە داستانی ئەو غەدرە و برکی ئەو برینە لە سینگ و بیری نەتەوەکەمان لە چڵ و هەڵدانەوەدایە.
خەڵکی کوردستان لە هەموو بیرەوەری و یادکردنەوەیەکی ئەو پیلانەی ڕێژێم و شەهیدکردنی ڕێبەر دوکتور عەبدولڕەحمانی قاسملوودا، ڕق و بێزاریی خۆیان لە بەرانبەر تەواوییەتی دەسەڵاتی خومەینی و کۆماری ئیسلامی دەردەبڕن و وێنەی شەهیدانی پووشپەڕ بەرز و بەڕێز دەنرخێنن و بەڵێنیی وەفا و بەردەوامی لە ڕێبازییاندا دەدەنەوە.
٢٢ی پووشپەڕی ئەمساڵ، سیهەمین بیرەوەریی شەهیدکردنی دوکتور قاسملووی ڕێبەرە لە لایەن دەزگای تێرۆریزمی دەوڵەتی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە، لەم بۆنەیەدا خەڵکی کورد و ئازادیخوازانی ئێران وێڕای دۆستانی بزووتنەوەی گەلەکەمان لە جیهان، بە شکۆیەکی شایانەوە ڕێز لە ژیان و خەباتی دوکتور قاسملوو دەگرن و ڕق و بێزاری لە تێرۆر و ماکەی تێرۆر، کۆماری ئیسلامیی ئێران دەردەبڕن.
خەڵکی تێکۆشەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان!
دۆستان و ئەندام و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!
دەزگای ڕێکخستنی گشتیی حیزبی دێموکرات، وێڕای ڕێز و ئەمەگداری بۆ خەبات و بەرخۆدانی هەمیشەییتان، داوا دەکات کە بە پیر ٢٢ی پووشپەڕەوە، بە هەموو تواناتانەوە ڕق و بێزاریی خۆتان لە سیاسەتی تێرۆر و تۆقاندن و سەرکوتی خوێناویی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان دەرببڕن. بە هەموو شێوەیەکی گونجاو یاد و ناوی شەهیدی ڕێبەر، دوکتور قاسملوو بەرز و پیرۆز ڕابگرن. ناو و یاد و ڕێبازی شەهید قاسملوو بکەنە دروشم و سەردێڕی نووسینی شێعر و سروود و چالاکییە هونەری و ئەدەبییەکانتان. شەقام و کۆڵان و بازاڕ لە شار و گوندەکانی کوردستان بە یادکردنەوە لە دوکتور قاسملوو بڕازێننەوە، نووسینی دروشم و بڵاوکردنەوەی تراکت و هەڵواسینی وێنە و پووستێر بکەنە چالاکیی سەرەکی و چقڵی چاوی نەیارانی دوکتور قاسملوو. پۆشینی بەرگی کوردی، هێمای ڕەنگی شینی ئاسمانی وەک باوەڕی دوکتور قاسملوو بە ئاشتی و ئاوەدانی، گوڵی سوور وەک سومبولی شەهیدان لە هەموو شوێنێکی شارو دێ و سەیرانگا و شوێنە گشتییەکان ئاوێتەی یادی شەهید قاسملوو بکەن.
دەزگای ڕێکخستنی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، دڵنیایە لەوەی کە ئیرادەی پۆڵایینی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لمبۆزی زۆرداریی دەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمی تێرۆر لە خاکی کوردستان وەردەدات و شکۆی قاسملووی شەهید و ڕێبازەکەی دەکاتە بڵێسەی سەرکڵی "ڕاسان" و بەگژ ڕێژیمی تێرۆریستی کۆماری ئیسلامیدا دەکەن.
سەرکەوێ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی خەڵکی کوردستان
بڕووخێت کۆماری ئیسلامیی ئێران
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
دەزگای ڕێکخستنی گشتی

# سێمینارێکی تایبەت بە یادی دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی لە سلێمانی بەڕێوەچوو



کۆمیتەی بەڕێوەبەریی ڕێوڕەسمەکانی حیزبی دێموکرات، بە بۆنەی سیهەمین ساڵیادی شەهیدکرانی دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی، لە شاری سلێمانی، سێمینارێکی بە بەشداریی چەندین کەسایەتیی سیاسی و ئاکادێمیک بەڕێوە برد.
ڕۆژی پێنجشەممە، ڕێکەوتی ١٣ی پووشپەڕ، کۆمیتەی بەڕێوەبەریی ڕێوڕەسمەکانی حیزبی دێموکرات، بە هاوکاریی بەشی پێوەندییەکانی حیزب لە شاری سلێمانی، بە بۆنەی سیهەمین ساڵیادی تێرۆرکردنی دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی لەسەر مێزی دانووستان و بە دەستی دیپلۆمات تێرۆریستەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران، سێمینارێکی تایبەتی لە شاری سلێمانیدا بەڕێوە برد.
ئەم سێمینارە بە بەشداریی نوێنەری حیزب و لایەنە سیاسییەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان و ئەندامانی حیزب لە شاری سلێمانی و دەوروبەری و بە سروودی نەتەوایەتیی "ئەی ڕەقیب" و ڕاگرتنی ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان دەستی پێکرد. پاشان بەرنامەی کاریی سێمینار و ئامانج لە بەڕێوەبردنی ئەم سێمینارە لە لایەن "دارا ناتق"، جێگری دەزگای ڕێکخستنی گشتیی حیزبەوە، بۆ بەشدارانی سێمینارەکە شی کرایەوە.
دواتر لە لایەن "سمایل ڕەحمانی"، بەرپرسی پێوەندییەکانی حیزب لە شاری سلێمانی، بەخێرهاتنی ئامادەبووان کرا.
ئەم سێمینارە لە دوو پانێل پێک هاتبوو:
لە پانێلی یەکەمدا، "محەممەد نەزیف قادری"، جێگری دووهەمی لێپرسراوی گشتیی حیزب و بەرپرسی پێوەندییە گشتییەکانی حیزبی دێموکرات، باسێکی سەبارەت بە ڕەهەندە جیاجیاکانی کەسایەتیی هزری و سیاسیی دوکتور قاسملوو و دەور و ڕۆڵی ئەم ڕێبەرە مەزن و بلیمەتەی نەتەوەکەمان لە بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان و پرۆسەی دێمۆکراسی لە ئێراندا، پێشکەش کرد.
ناوبراو باسی لە هەوڵ و خەباتی دوکتور قاسملوو بۆ بەنێونەتەوەییکردنی پرسی کورد کرد و وتی: "دوکتور قاسملوو سەفیرێکی لێهاتوو بوو بۆ گەلی کورد لە ئاستی نێودەوڵەتیدا و زمانحالێکی باشی نەتەوەکەمان بوو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەبارەت بە مافی پێشلکراوی نەتەوەکەمان و زوڵم و جنایەتەکانی داگیرکەرانی کوردستان بۆ ڕای گشتیی جیهان".
"قادری" هەروەها وتی: "ئێستا دوای ٣٠ ساڵ لە تیرۆری دوکتور قاسملوو، دەبینین کە ڕێبوارانی ڕێگای خەباتی، بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی ئازادی، دیموکراسی و دادپەروەری و وەدیهێنانی ئامانجە سیاسی و نەتەوەییەکانی کورد لە خەبات بەردەوامن و پرۆسەی ڕاسانی خۆرهەڵات وەدیهێنەری ئەو ئامانجانەیە".
لە پانێلی دووهەمدا، "دوکتور کەیوان ئازاد"، مامۆستای زانکۆ، باسێکی تایبەتی سەبارەت بە ڕێبەرانی سیاسیی کورد لە نێوان شکست و سەرکەوتندا، پێشکەش بە ئامادەبووان کرد. ناوبراو لە باسەکەیدا، تیشکی خستە سەر کەسایەتیی بەرزی شەهید دوکتور قاسملوو و ڕۆڵی لە ڕێکخستنەوە و بنیاتنانەوەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێراندا و بە یەکێک لە ڕێبەرە کاریزماتیک و شوێندانەرەکانی نەتەوەی کورد وەسف کرد.
ناوبراو هەروەها وتی: "دوکتور قاسملوو یەکێک لەو ڕێبەرە بیرمەند و ئاکادیمییەکانی نەتەوەکەمانە کە هزر و ئەندێشەکانی بوونە بە ڕێنیشاندەری ڕێگای خەبات بۆ گەیشتن بە ئامانج و سەرکەوتن". لە بەشێکی تر لە باسەکەیدا "دوکتور کەیوان" ئاماژەی بە هۆکارەکانی سەرنەکەوتنی سەرکردەکانی کورد کرد و باسی لە شۆڕشەکانی سەردەمی ڕابردوو و هۆکارەکانی شکستیانی کرد.
لە کۆتاییدا، ئامادەبووان ڕا و بۆچوونی خۆیان سەبارەت بە مژارەکانی پێشکەشکراو خستە بەرباس .

# حیزبی دێموکرات و پارتی لەسەر یەکگرتوویی هێزە سیاسییەکان جەختیان کردەوە



شاندێکی پەیوەندییە کوردستانییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سەردانی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی پارتی دێموکراتی کوردستان، لە پارێزگای سلێمانی ـ هەڵەبجە کرد.
ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی ٢ی پووشپەڕ، شاندێکی پەیوەندییە کوردستانییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە سەرپەرەستیی "محەممەدسالّح قادری"، بەرپرسی پەیوەندییە کوردستانییەکان و بە یاوەریی "ئیسماعیل ڕەحمانی"، نوێنەری حیزب لە سلێمانی، سەردانی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی پارتی دێموکراتی کوردستان، لە پارێزگای سلێمانی ـ هەڵەبجەیان کرد و لە لایەن شاندێکی پارتی دێموکراتی کوردستان بە سەرپەرەستیی "عارف تەیفوور"، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی و سەرۆکی ئەنجومەنەکەوە، پێشوازییان لێ کرا.
دوو لایەن لە دیدارێکی دۆستانەدا، بارودۆخی کوردستان و ناوچەکەیان تاوتوێ کرد و پێویستیی یەکگوتاری و یەکڕیزیی هێز و لایەنە سیاسی و نیشتمانپەروەرەکانی نەتەوەکەمان لەم قۆناغە هەستیارە مێژووییەدا، بە سەرەنجدان بە بەرژەوەندیی باڵای گەل و وڵات، بە پێویست زانرا.
لە کۆتایی ئەو دانیشتنەدا، شاندی پارتی دێموکرات، وێڕای سپاس و پێزانینیان بۆ سەردانی وەفدی حیزبی دێموکرات، پێداگرییان لە پەیوەندیی دۆستانەی هەر دوو لا کردەوە و لەسەر بەهێزترکردنی پێوەندییەکانی نێوان هەر دوو لایەن جەختیان کردەوە.

# حیزبی دێموکرات و یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان کۆ بوونەوە



شاندێکی پەیوەندییە کوردستانییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری سلێمانی، سەردانی مەکتەبی پێوەندییە کوردستانییەکانی یەکیەتیی نیشتمانی کوردستانیان کرد.
ڕۆژی یەکشەممە، ٢ی پووشپەڕ، شاندێکی پەیوەندییە کوردستانییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە سەرپەرەستیی "محەممەدسالّح قادری"، بەرپرسی پەیوەندییە کوردستانییەکان و بە یاوەریی "ئیسماعیل ڕەحمانی"، نوێنەری حیزبی دێموکرات لە شاری سلێمانی، سەردانی مەکتەبی پێوەندییە کوردستانییەکانی یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان لە شاری سلێمانی کرد و لە لایەن شاندێکی یەکیەتیی نیشتمانی بە سەرپەرەستیی مامۆستا "ئێکرام عەلی"، ئەندامی سەرکردایەتی و لێپرسراوی مەکتەبی پێوەندییە کوردستانییەکانی یەکیەتیی نیشتمانییەوە، پێشوازییان لێ کرا.
لەم دیدارەدا، شاندی دوو لایەن بە ئاوڕدانەوە لە بارودۆخی سیاسیی ناوچە و هاوکێشە سیاسییەکانی پەیوەندیدار بە جووڵاندنەوەی کورد لە باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هاوپەیوەندی و پاڵپشتیی هێزە نیشتمانییەکانی کوردستان بۆ چۆنیەتیی تەعامول و ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ پێشهاتەکانیان، بە پێویست زانی.
هەروەها گرینگیی لێکتێگەیشتن و تەبایی نێوان هێزە سیاسییەکان بۆ پاراستنی دەسکەوتە نەتەوەییەکان لە ڕاستای بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستان بە پێویست زانرا.
لە کۆتایی دیدارەکەدا، دوو لایەن جەختیان لە پەیوەندیی دۆستانەی نێوانیان کردەوە.

# بەشی ئاشکرای دەزگای ڕێکخستنی حیزبی دێموکرات، چەندین دەورەی نیزامیی بەڕێوە برد



بەشی ئاشکرای دەزگای ڕێکخستنی گشتیی حیزبی دێموکرات، لە درێژەی کار و چالاکییەکانی خۆیدا، چەندین دەورەی نیزامیی تایبەتی بەڕێوە برد.
لە مانگی جۆزەردانی ئەمساڵدا، بەشی ئاشکرای دەزگای ڕێکخستنی گشتیی حیزبی دێموکرات، لە درێژەی چالاکییەکانی خۆی و بە مەبەستی پەروەردە و پێگەیاندنی ئەندامانی حیزب لەم بەشەدا، بە هاوکاریی دەزگای فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، چەندین دەورەی نیزامییان بۆ بەشێک لە ئەندامانی ڕێکخستنی ئاشکرا بەڕێوە برد.
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە سەرەتای دامەزرانییەوە تاکوو ئێستا و لەسەر ئەساسی بڕوا بە پەروەردە و پێگەیاندنی کادر و پێشمەرگە و ئەندامان، بە بەردەوامی بە بەڕێوەبردنی دەورەگەلی جیاوازی سیاسی و نیزامی، هەوڵی پەروەردە و بارهێنانی هێزێکی پۆشتە و پەرداخی لە بواری سیاسی و نیزامییەوە داوە و لەسەر ئەم ڕێبازەش بەردەوامە.

# قاسملوو لە ڕێبازیدا زیندووە



ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، وەک نەریتی ساڵانە بە بۆنەی ٢٢ی پووشپەڕ، ساڵڕۆژی تێرورکرانی دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی لەسەر مێزی وتووێژدا، بە دەستی تێرۆریستانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران، بە بەڕێوەبردنی چالاکیی جۆراجۆر، تێرۆریزمی ڕێژیمی ئێران مەحکووم دەکەن.
لە شاری شنۆ، لە بەرەبەری ٢٢ی پووشپەڕدا، ڕۆڵەکانی دێموکرات شەوی سێشەممە، ڕێکەوتی ١١ی پووشپەڕ، لە شوێنەکانی وەک: "چوارڕای کارگەر (ناوەندی شار)، مام تەمر، سەیداوا، میرئاباد، شەهرەکی فەرهەنگیان، شوێنی سیاحەتیی قەڵاتۆک، قوتابخانەکانی شەرەف و ١٥ی خورداد، بیمارستانی ئیمام و بیمارستانی تازە، پردی بازاڕ و پارکی ساحلی"، وێنە و تراکتی تایبەت بەو ڕۆژەیان بڵاو کردووەتەوە.
هاوکات قارەمانانی دێموکرات لە شاری مەهاباد و لە ناوچەی شارویران، بە بۆنەی ٢٢ی پووشپەڕ، ساڵڕۆژی تێرۆرکرانی دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی، ئاڵای کوردستانیان هەڵکرد و بۆ ماوەی چەندین کاتژمێر، ئاڵای کوردستان شەکاوەتەوە.
هاوکات لە گوندەکانی سەر بە دەشتی شارویران وەک: "قوتابخانەی شەقایقی گاپیس، دێهیاریی خورخورە، تاڵاوی کانی بەرازان، تابلۆکانی هاتوچۆ و دێهیاری، قوتابخانەی ڕەئووف لە کۆنەدێی شارویران، قجی ئاوا، گوندی قەرە قشڵاق و گردی یاقووب و چەندین شوێنی دیکەی شارویران، ئاڵای کوردستان و تراکت و وێنەی تایبەت بەو ڕۆژەیان بڵاو کردووەتەوە.
شەوی ١٢ لەسەر ١٣ی پووشپەڕ، ئەندامان و دڵسۆزانی حیزبی دێموکرات، لە چەندین شوێنی بەرچاوی شاری میاندواو، بە بۆنەی سیهەمین ساڵیادی تێرۆری دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی، تراکت و پۆستێریان بڵاو کردەوە.
ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری میاندواو، لە شوێنەکانی وەک: "فەلەکەی عاشوورا، کەمەربەندیی شار، شەقامی باکری، هیلالی ئەحمەر، فەلەکەی سەربازی گومنام، کۆی بەشیرخان کەندی، فەلەکەی گوێکتەپەی حەجەمان، کارگەی ماشینئالاتی میاندواو، کوشتارگەی سیمین باڵ و پۆلیسڕای میاندواو"، زیاتر لە ٢٠٠ تراکت و وێنەی دوکتور قاسملوویان بڵاو کردووتەوە.
هەروەها چاونەترسانی دێموکرات، لە وروودی و خرووجیی شارەکانی بۆکان، سەقز و میاندواو، تراکت و پۆستێری تایبەت بەو ڕۆژەیان بڵاو کردەوە.
هاوکات، تێکۆشەرانی دێموکرات لە ناوچەی شارویرانی سەر بە شاری مەهاباد، بە بۆنەی ٢٢ی پووشپەڕ، ساڵڕۆژی تێرۆرکرانی دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی، لە شاخی سەوزە پۆش، ئاڵای پیرۆزی کوردستانیان هەڵکرد و هەروەها لە گوندەکانی "قەرەقشلاق" و "گرد یاقووب"، بە بڵاوکرنەوەی تراکت و پۆستێر، چالاکیی بەرینی تەبلیغییان بەڕێوە برد.
هەروەها، ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە بۆنەی ٢٢ی پووشپەڕەوە، لە گەڕەکی "غەفوور" و "شارەکی زاگرۆس"ی شاری سنە، تراکت و پۆستێری تایبەت بەم ڕۆژەیان بڵاو کردەوە.
قارەمانانی دێموکرات لە شاری نەغەدە، لە گوندی "خەلیفلیان و مەمەلیان" و هەروەها "سێرێیانی محەممەدیار"، تراکت و پووستێری تایبەت بە ٢٢ی پووشپەڕیان بڵاو کردەوە.
هاوکات ڕۆڵەکانی دێموکرات لە چیاکانی گوندی "مەمەلیان و چەقەڵ مستەفا"، ئاڵای پیرۆزی کوردستانیان هەڵ کرد.
، ڕۆژی سێشەممە، ١١ی پووشپەڕ، تێکۆشەرانی دێموکرات لە شاری بۆکان، لە بەرەبەری نزیکبوونەوەی ٢٢ی پووشپەڕدا، بە بڵاوکردنەوەی ٧٥٠ "سی دی" لە وتە بەنرخەکانی شەهیدی ڕێبەر، "دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو"، یادی دوکتور قاسملووی ڕێبەریان بەرز ڕاگرت.
ئەو شوێنانەی کە لە شاری بۆکاندا چالاکییان تێدا کرابوو، بریتین لە : "کتێبخانەی مامۆستا حەقیقی، کانوونی پەروەرێشی کوودەکان، ئیدارەی پەروەردە و بارهێنان، مەیدانی فوتباڵ، زانکۆکانی ئازادی ئیسلامی و پەیامی نوور و عیلمی کاربۆردی، مزگەوتی جامێعە، بازاڕ، دووکان و پاساژەکانی شار، شارەداری، فەرمانداری و مەتەبی دوکتورەکانی بلواری کوردستان".
هەروەها شەوی ١٠ لەسەر ١١ی پووشپەڕ، چاونەترسانی دێموکرات لە ئاربابا و هەمزاوای بانە، چالاکییەکی بەرین و بەرچاویان ئەنجام داوە.
لەم چالاکییەدا، ئەندامانی حیزب، بە بڵاوکردنەوەی تراکت و پۆستێری تایبەت بە مەحکوومکردنی سپای تێرۆریستی پاسداران و یادی جینایەتی ٢٢ی پووشپەڕ، بەرامبەر بە ڕێبەری گەورەی گەلی کورد "دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو"، ئەمەگداریی خۆیان بەنیسبەت خاک و خەڵکی کوردستان و خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەربڕی.
هەر لەم پەیوەندییەشدا، ڕۆڵە بەئەمەگەکانی ڕێبازی شەهید دوکتور قاسملوو، لە شارویرانی مەهاباد، شەوی ١٠ لە سەر ١١ی پووشپەڕ، چالاکیی بەربڵاوی تەبلیغییان بەڕێوە برد.
لەم چالاکییەدا، ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە هەڵکردنی ئاڵای پیرۆزی کوردستان، لەسەر ڕێگای گوندی "خورخورە"، لە نزیک شاخی "کۆڵباری"ی ئەو گوندە، یادی سیهەمین ساڵوەگەڕی شەهیدکرانی دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو و هاوڕێیانیان بەرز ڕاگرت.
هەروەها کۆمەڵێک تراکت و پۆستێری تایبەت بە ٢٢ی پووشپەڕ، لە شوێنە جیاوازەکانی ئەو ناوچەیەدا بڵاو کرایەوە کە ئەو شوێنانە بریتین لە: "قوتابخانەی سەرەتایی کۆنەدێی شارویران، قوتابخانەی شەقایقی گاپیس، دێهیاریی خورخورە، حەیات وەحشی تاڵاوی کانی بەرازان، تابلۆی ئێعلاناتی دێهیاریی خورخورە، دێهیاریی قجی ئاوا و کۆمەڵێک لە تابلۆکانی هاتوچۆی سەر ڕێگاکانی ئەو ناوچەیە".
١١ی پووشپەڕ، چالاکانی دێموکراتپەروەر لە "سەرگیز"ی شاری شنۆ، بە نووسینی دروشمی تایبەت بە تێرۆری ڕێبەری ناوداری کورد دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، یادی ئەو ڕێبەرە گەورەیەیان بەرز ڕاگرت و بێزاریی خۆیان بەرانبەر بە دوژمنان و داگیرکەرانی گەل ڕاگەیاند.
هەروەها ڕایانگەیاندووە: "بەو چالاکییە، یاد و ناوی ڕێبەری شەهیدمان بەرز ڕادەگرین و لە دژایەتیکردنی هەتاهەتایی داگیرکەر و هەڵسوکەوتە قێزەونەکانی وەکوو کوشتن و لەسێدارەدان و تێرۆرکردنی ڕۆڵەکانی نیشتمان، بەردەوامین و بۆ تۆڵە ئەستاندنەوە، تا کۆتایی ژیانمان ناوەستین".
ڕۆژی یەکشەممە، ٩ی پووشپەڕ، تێکۆشەرانی دێموکرات بە بۆنەی نزیکبوونەوەی ساڵیادی شەهیدبوونی ڕێبەری ناوداری کورد، دوکتورعەبدولڕەحمان قاسملوو، لە شارەکانی سنە و بۆکان، چالاکیی بەربڵاوی تەبلیغییان بەڕێوە برد.
تێکۆشەرانی چاونەترسی دێموکرات لە مەیدانی ئێقباڵی شاری سنە، دەروازەی سەرەتای شار و بان ئاویەر، بە شێوەیەکی بەربڵاو، یاد و ناوی ڕێبەری ناوداری کوردیان بەرزڕاگرت و بەو بۆنەوە چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.
هاوکات، ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە "جادە حەساری بۆکان"، بە نووسینی دروشمگەلێکی وەک: "بژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران" و "پێشمەرگە باسکی بەهێزی گەلە"، چالاکییان ئەنجام دا.
تێکۆشەرانی چاونەترسی دێموکرات، لە "باستام بەگ"ی پیرانشار، بۆ ساڵیادی شەهیدبوونی شەهیدی فەرماندە، "سامان حەسەنپوور"، ناسراو بە "سامان شێوەسەڵی" و هەروەها بە بۆنەی نزیکبوونەوەی ساڵوەگەڕی شەهیدبوونی دوکتور قاسملوو، چالاکیی تەبلیغییان ئەنجام دا.
هەروەها لە شارۆچکەی ساحێب، لەسەر کێوی "سەید ئەحمەد"، بە بۆنەی سیهەمین ساڵوەگەڕی تێرۆرکردنی شەهیدی ڕێبەرمان، دوکتور قاسملوو، وێنەی دوکتور قاسملوو دانرا و ئاڵای کوردستان هەڵکرا.
دروشمەکانی ئەم چالاکییانە بریتی بوون لە: "ڕێبەرم، تاجی سەرم، ئەی ئوستوورەکەم"، دوکتور قاسملوو لە ڕێبازیدا زیندووە" و "شەهیدان ڕێبواری ڕێگاتانین" و...
ڕۆژی دووشەممە، ٣ی پووشپەڕ، دیسان هەڵۆکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بەگوڕتر و بەتینتر لە جاران، وەک هەمیشە ئامانجیان دیاریکراو و بێگۆمان مسۆگەر و سەرکەوتووتر، لە حاڵێکدا کە ڕێژیمی تێرۆریستیی ئێران، کە لە ترسی چالاکیی تێکۆشەرانی دێموکراتدا، شار و ناوچەکانی کوردستانی بە هێنانی جاش و سیخوڕەکان مێلیتاریزە کردووە، چاونەترسانی دێموکرات، کار و ئەرکی خۆیان بە ئەو پەڕی بوێرییەوە بەڕێوە برد.
لەو چالاکییەدا کە لە "پاڵنگان" و "دەوروبەری کامیاران" و تەواوی "ناوچە و گوند و جادەکانی کامیاران بۆ سنە"، ئەنجام دراوە، بە پووستێر و لۆگۆی هێزی پێشمەرگە و لۆگۆی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و وێنەی ڕێبەرانی نەمر، "قازی و قاسملوو و شەرەفکەندی"، بڵاو کراوەتەوە کە لە شاری کامیاران، نزیک بە ٢٠٠ ماشین لەنێو شاردا و هەروەها کۆڵانەکان، بە لۆگۆی حیزب و هێزی پێشمەرگە نەخشێندراوە و ٧٣٦ تراکت بڵاو کرایەوە.
ئەو شوێن و ناوچانەی کە چالاکیی لی کراوە، بریتین لە: " دەژن، وێزیەر، کاشتەر، تەنگیوەر، مەرقەدی حەزرەتی عەکاشە، زیوییە، تیلەکۆ، بە تەواوی جادە ئەسڵییەکانی کامیاران، ملە مروارید، لۆن سادات، چرۆسانە، گەشکی و دەوروبەری ئیستی بازڕەسی کە مۆڵگەیەکی گرینگی ڕێژیمی ئیسلامییە، کۆرەدەرەی خۆرەتاو، کۆرەدەرەی نسار، تروەڕێز، ئاساوڵە، یەختە خان، کۆڵە سارە، کەچەڵە، وامسانە و ماسان".
تێکۆشەرانی دێموکرات لە شاری "گوێکتەپە"، سەر بە ناوچەی شارویرانی مەهاباد و گوندی "قەڵاتەڕەش"، سەر بە شاری پیرانشار، لە بەرەبەری نزیکبوونەوەی سێهەمین ساڵیادی تێرۆرکردنی ڕێبەری هەمیشە زیندووی گەلەکەمان، "دوکتور قاسملوو" و بۆ پشتیوانی لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و بەردەوامیی ڕاسان، چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.
ئەندامانی حیزبی دێموکرات، لە شاری گوێکتەپە، بە نووسینی دروشمگەلی: "بژی قاسملوو و قاسملوو ڕێگات درێژەی هەیە"، چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.
هاوکات، تێکۆشەرانی دێموکرات لە گوندی قەڵاتەڕەشی سەر بە شاری پیرانشار، بە نووسینی: "قاسملوو لە ڕێبازیدا زیندووە، قاسملوو ڕێگات درێژەی هەیە و ڕاسان بەردەوامە"، چالاکییان ئەنجام دا.
تێکۆشەرانی چاونەترسی دێموکرات، لە شاری شنۆدا، بە بۆنەی نزیکبوونەوەی ساڵوەگەڕی شەهیدبوونی ڕێبەری نەمری گەلەکەمان، دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، چالاکیی تەبلیغییان ئەنجام دا.
لەم چالاکییەدا، زیاتر لە ٥٠٠ تراکت لە شوێنەکانی: "شەهرەکی فەرهەنگی یان شەهرەکی یاسا، سەیداوێ، تاچیناوێ، پارکی سەیداوێ، ڕەحیم ئاوا، مامتەمر، قەبری شەهیدان، حەنەفییان، ڕێگای بارزان ئاوا، فەلەکەی دادگا و چەندین قوتابخانە"، بڵاو کراوەتەوە.
بەپێی ڕاپۆرتی نیشتمانپەروەرانی دێموکرات: "هاتوچۆی کەسانی نەناسراو و سەر بە ڕێژیم لە شاری شنۆ و ناوچەکانی دەوروبەری، لە هەمیشە زیاتر بووە و دەیانەوێت ناوچەکە کۆنترۆڵ بکەن تا لە پووشپەڕی ئەمساڵدا و بۆ ساڵوەگەڕی تێرۆری دوکتور قاسملوو، چالاکی نەکرێت، بەڵام چالاکییەکان بەتینتر لە هەمیشە بەردەوامە".
هەروەها لە ترسی بوونی هێزی پێشمەرگە لە نێوخۆی خۆرهەڵاتی کوردستان، جاش و بەکرێگیراوانی ڕێژیم کەوتوونەتە جموجووڵ و بە شەودا لەنێو گوند و شاخەکانی کوردستاندا بە دوای پێشمەرگەدا دەگەڕێن و کوێرانە تەقە دەکەن، تاکوو بڵێن ئێمە هەین و دۆخەکە کۆنترۆڵ دەکەین. لە هەمان کاتدا، ڕۆژانە لە شار، گوند و شاخەکانی کوردستاندا، چالاکیی بەرینی تەبلیغی بۆ پشتیوانی لە ڕاسان و هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەڕێوە دەچێت.
ڕۆژی شەممە، ٨ی پووشپەڕ قارەمانانی دێموکرات لە شاری مەهاباد، لە شوێنەکانی وەک: موکریان، فەرهەنگیان، ئازادگان، بازارچە و گۆمرۆک، بە نووسینی: "بژی دوکتور قاسملوو" و وتە بەنرخەکانی دوکتور قاسملوو، چالاکیی بەربڵاوی تەبلیغییان بەڕێوە برد.
هاوکات، ئەندامانی حیزبی دێموکرات، بەم بۆنەوە لە گۆڕستانی "شەبەک" لە گوندی خورخورەی شارویرانی مەهاباد، بە پاک و خاوێنکردنی گڵکۆی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان، هەڵدانی ئاڵای پیرۆزی کوردستان، بڵاوکردنەوەی وتە بەنرخەکانی دوکتور قاسملوو و سروودی شۆڕشگێڕی و دانانی گوڵ لەسەر گڵکۆی شەهیدان، پەیمانیان لەگەڵ ڕێبازی پڕ لە سەروەریی شەهیدان، نوێ کردەوە.

## درێژەی پەیڤ

بەرژەوەندیی تاکو گرووپیشی بەوپەڕی فیداکاری و لەخۆبردووییەوە فیدای بیری بەرزی مرۆڤانەی دەکرد تاکوو ژیان بۆ نەتەوەکەی مانا بکاتەوە و خەبات پڕشنگدارتر بکا لە پێناوی گەیشتن بە ئامانجی دواڕۆژدا کە بریتی بوو لە ژیانێک شایانی مرۆڤی کورد لە سەر نیشتمانی ڕزگارکراوی کوردستان.
ئەو بیری لەو بنەمایانەی ژیان دەکردەوە و دەیگوت کە ئازادی کەرامەت دەدا بە مرۆڤ، دەیگوت کە بەرزترین و پڕبایەخترین پلەی ژیان، ژیانە لە پێناوی ئارمانێکی بەرزی مرۆڤانەدا و ئەساس بۆمان ئینسانە، هەر بۆیە کات نەیتوانیوە و ناتوانێ دەستی بە هزر و بڕوای ئەو بگا و ڕێگای قاسملوو بۆ ئێستە و داهاتووش هەر نوێیە و درێژەی هەیە.

# پڕاگماتیزمی دوکتور قاسملوو، پڕاگماتیزمی بە پڕەنسیپ



دوکتور ئیدریس ئەحمەدی

دوکتور قاسملوو بەردەوام لە لێدوانە سیاسییەکانیدا، هەروەها لە چاوپێکەتن لەگەڵ ڕۆژنامەوانان و کەسانی ئاکادێمی، جەختی دەکردەوە کە حیزبی دێموکرات حیزبێکی "واقعبینە".

لە لایەکی دیکەوە، لە لێدوان و نووسراوەکانیدا، بەردەوام دووپاتی دەکردەوە کە حیزبی دێموکرات، "حیزبێکی بەرپرسیارە".

بەپێی تێگەیشتنی باو لە چەمکی "سیاسەتی واقعبینانە"، ئەو جۆرە لە سیاسەتکردن لەبەرانبەر سیاسەتی مەرامتەوەر یان ئایدیالیزمدا دادەنرێ و لەو پەیوەندییەدا، ئاماژە بە فکری سیاسی کەسانێک وەک ماکیاڤێلی و بیسمارک دەدرێ. تێگەیشتنی باو لە ماکیاڤێلی ئەوەیە کە ناوبراو ڕای وابوو کە بۆ گەیشتن بە دەسەڵات یان ڕاگرتنی دەسەڵات، سیاسەتڤان یان ڕێبەری سیاسی نابێ هیچ پڕەنسیپێکی ئەخلاقی ڕەچاو بکا. بیسمارکیش پێداگری لە سەر دەوری یەکلاکەرەوەی هێز لە سیاسەتدا دەکرد؛ بۆ نموونە، وتەیەکی بەناوبانگی هەیە کە دەڵێ: "یەکگرتنەوەی ئاڵمان بە لێدوان و بڕیاری زۆرینە بەدەست نایەت، بەڵکوو بە خوێن و پۆڵا مسۆگەر دەبێ."

بە گشتی، سیاسەتی واقعبینانە لە بەرانبەر مەرامتەوەری یان ئایدیالیزمدا دادەنرێ و بە تایبەت کە دەگەڕێتەوە سەر سیاسەتی دەرەوە، لەو نەریتە فکرییەدا کە بە "ریالیزم" ناسراوە، دەوترێ کە نابێ لە سیاسەتی دەرەوەدا پڕەنسیپی ئەخلاقی و مەرامی سیاسی ڕەچاو بکرێ.

هەڵبەت ماکیاڤێلی هەروها کۆمارخواز بوو و پاراستنی ئازادی بۆ گرنگ بوو. هەروەها لە نەریتی فکری کۆمارخوازیدا، گرنگی بە فەزیلییەت دەدرێ لە پێناو ڕێگرتن لە گەندەڵی؛ کەوابوو، لای ماکیاڤێلی، سیاسەت بە تەواوی لە ئەخلاق بەتاڵ نەکرابوو. بیسمارکیش بەرژەوەندی وڵاتەکەی وەک مەرامی سیاسی دیاری کردبوو.

ڕاستە لە سیاسەتی دەرەوەدا زۆر لە دەوڵەتان ڕەچاوی پڕەنسیپی ئەخلاقی ناکەن، بەڵام هەموو دەوڵەتێک خاوەن مەرامی سیاسییە، بۆیە سیاسەتی دەرەوەش بەتاڵ نییە لە مەرامی سیاسی، هەروەها لە سەردەمی مۆدێرندا، یاسای نێودەوڵەتی بۆ لانیکەم هێندێک لە دەوڵەتان و لە هێندێک ڕووەوە بایەخی خۆی هەیە.

لای دوکتور قاسملوو، "سیاسەتی واقعبینانە" چەمکێک نییە کە نە لە مەرامی سیاسی، نەش لە ئەخلاق بەتاڵ کرابێ. ڕاستییەکەی، سیاسەتی واقعبینانە لای دوکتور قاسملوو دانەبڕاوە لە ئەخلاق، بۆیە هاوکات لەگەڵ پێداگری لەسەر گرنگی سیاسەتی واقعبینانە، لەسەر مەسەلەی بەرپرسایەتیشی لە سیاسەتدا جەختی دەکردەوە. دوکتور قاسملوو هەروەها گرنگی دەدا بە وەدەستهێنانی متمانەی کۆمەڵانی خەڵک و تەنانەت لایەنی بەرانبەر لە سیاسەتدا، بۆیە پێداگری لە شەفافییەت لە سیاسەتی حیزبی دێموکراتدا دەکرد.

هەڵبەت دوکتور قاسملوو هەروەها "پڕاگماتیست" بوو، واتە سیاسەتی لە بەر تیشکی پارسەنگی هێز دادەڕشت و لەو شوێنەی پێویست بایا، هاوپەیمانی لەگەڵ لایەنی سیاسی دیکە دەکرد بۆ گەیشتن بە ئامانجی هاوبەشی سیاسی، واتە ئەو لایەنانەی کە لە ڕووی مەرامی سیاسییەوە لە حیزبی دێموکرات جیاواز بوون.

هەڵبەت پڕاگماتیزمی دوکتور قاسملوو، پڕاگماتیزمێکی بەپڕەنسیپ بوو. ئەمەیە پڕاگماتیزمی دوکتور قاسملوو لە پڕاگماتیزمی لایەنی دیکە جیا دەکاتەوە. بۆ نموونە کۆماری ئیسلامیش پڕاگماتیزم لەخۆ دەنوێنێ، بەڵام هیچ پڕەنسیپێکی ئەخلاقی سیاسی ڕەچاو ناکا، نە لە نێوخۆ لەگەڵ دژبەرانی، نە لە ئاست نێودەوڵەتیدا.

کاتێک باسی دوکتور قاسملوو دەکەین، دەبێ هاوشێوەی بیرمەندانی سیاسی بەرجەستە، جیاوازی لە نێوان دوو قۆناغ لە ژیاندا بکەین. لە قۆناغی گەنجیەتیدا، دوکتور قاسملوو زۆرتر ئایدیالیست بوو. لە تێزی دوکتوراکەیدا ئەم ئایدیالیزمە بە ڕوونی دەردەکەوێ؛ هەم سەربەخۆییخواز بوو، هەمیش سۆسیالیزمی بەپێی مۆدێلی مەوجوودی ئەوکات دەویست.

بەڵام کاتێک کە دوکتور قاسملوو دەبێ بە ڕێبەری حیزبی دێموکرات، بە لەبەرچاوگرتنی پارسەنگی هێز لە نێوان گەلی کورد و دەوڵەتانی حاکم بە سەر کوردستاندا وێڕای واقعیاتی سیاسەتی ناوچەیی و نێودەوڵەتی، خودموختاری وەک ئامانجی حیزبی دێموکرات دیاری دەکا. هەروەها بەرە بەرە لە سۆسیالیزمی مەوجوود لە ئەورووپای شەرقی دوور دەکەوێتەوە و دواجار سۆسیال دێموکراسی غەربی پەسەند دەکا. دوکتور قاسملوو بە ئەزموون بۆی دەرکەوتبوو کە سۆسیالیزمی مەوجوود ناتەبایە لەگەڵ ئازادی و دێموکراسی، بۆیە ئامادە بوو کە پێداچوونەوە بە فکری سیاسی خۆیدا بکا.

بەو پێیە، پڕاگماتیزمی دوکتور قاسملوو پێچەوانەی ئەخلاق یان مەرامی سیاسی نییە، بەڵکوو سیاسەتی ژیرانە و بەرپرسیارانەیە لە پێناو گەیشتن بە ئامانجی سیاسیدا.

کەوابوو، پڕاگماتیزم بەتاڵ نییە لە ئایدیال یان مەرامی سیاسی، بەڵام جیاوازی هەیە لەگەڵ ئایدیالیزم، واتە هەڵگرتنی مەرامگەلێک کە زۆر ناکۆک بن لەگەڵ واقعی مەوجوود یان بە بێ ئەوەی لێکدانەوەی دروست کرابێ لە سەر زەمینەی گەیشتن بە ئامانجەی سیاسی پەیوەندیدار بەو مەرامانەوە. بە واتایەکی دیکە، ئەگەر لایەنێکی سیاسی توانایی یان هێزی ئەوەی نەبێ بە ئامانجێکی سیاسی بەرزەفڕ بگا، نەک تەنیا خەڵک پەرێشان دەکا، بەڵکوو دوژمنی زۆریش بۆ خۆی دروست دەکا و دواجاریش تووشی شکست دەبێ.

پڕاگماتیزم هەروەها جیاوازی هەیە لەگەڵ دۆگماتیزمی سیاسی، واتە ئامادەنەبوون بە پێداچوونەوە بە فکر یان مەرامێکی سیاسی کە بە ئەزموون دەرکەوتووە کە واقعبینانە نییە، یان ئامادە نەبوون بۆ هاوکاری لەگەڵ لایەنی سیاسی جیاواز لە پێناو لاوازکردنی دوژمنی هاوبەش یان گەیشتن بە ئامانجی هاوبەش.

بەڵام لای دوکتور قاسملوو، پڕاگماتیزم دەکرێ بڵێین پشتئەستوور بوو بە ئەخلاقێکی بەرپرسانە. بە چ مانایەک؟ بۆ نموونە، کاتێک دوکتور قاسملوو خودموختاری وەک ئامانجی حیزبی دێموکرات دیاری دەکا یان پێکهێنانی سیستمێکی فێدراڵی لە ئێراندا بە مومکین دەزانێ، کە لەوێدا کوردستانی ئێران بتوانێ هەرێمێکی خودموختار بێ، ئەو ئامانجەی لە بەر تیشکی پارسەنگی هێز وێڕای واقعیاتی ناوچەیی و نێودەوڵەتی دیاری کردبوو. ئاماژەی بەوە دەدا کە کوردستان بە سەر چوار دەوڵەتدا دابەش کراوە، بۆیە داواکردنی سەربەخۆیی هەرچەند دروست و پیرۆزیش بێ، دژایەتی هەر چوار دەوڵەت لەگەڵ خۆیدا دێنێ، هەروەها وڵاتانی دیکەش، لەوانە وڵاتانی عەرەبی و زلهێزان، ئەگەر دژایەتی سەربەخۆیی کوردستان نەکەن، پشتیوانیشی لێ ناکەن. لەلایەکی دیکەوە، کوردستان دەستی بە دەریا ناگا، بۆیە لە ڕووی ژێئۆپۆلیتیکەوە، چوار دەورەکەی پێکهاتووە لە نەیار و دوژمن.

بەو پێیە، لێکدانەوەیەکی بابەتییانە، ئەرکێکی ئەخلاقییە لە سیاسەتدا. وردتر بڵێین، دوکتور قاسملوو پێداگری دەکرد کە حیزبی دێموکرات ناتوانێ سۆز یان بەڵێنییەک بە خەڵکی کوردستان بدا یان ئامانجێکی سیاسی دیاری بکا کە زەمینەی وەدەستهێنانی نەبێ.

کەوابوو، پڕاگماتیزمی دوکتور قاسملوو هەروەها جیاوازی هەیە لە گەڵ ئەو لایەنە سیاسیانەی کە پۆپۆلیستن، واتە قسەیەک دەکەن کە ڕەنگبێ بەشێک لە جەماوەر لە ڕووی ئیحساساتییەوە گوێڕایەڵی بن، بەڵام لە ڕاستیدا درۆیان لەگەڵ دەکەن، ئەویش خۆویستانە تەنیا لە پێناو ئەوەی کە پشتیوانی خەڵک بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن یان بە دەسەڵات بگەن. نموونەیەکی دیکە ئەو گرووپانەن کە بە وتەی دوکتور قاسملوو، لە کاتی دانوستاندندا، خوازیاری شەڕن، کاتێکش کە شەڕ بەرپا دەبێ، مەیدان چۆڵ دەکەن.

بەو پێیە، لە فکری سیاسی دوکتور قاسملوودا، سیاسەتی واقعبینانە، هەروەها پڕاگماتیزم وێڕای بەرپرسیاربوون وەک ئەخلاقی سیاسی، پێکەوە پەیوەندییان هەیە و تێکڕا چوارچێوەیەکی سیاسی پێک دێنن بۆ ئەوەی ڕێبوارانی ڕێبازی قاسملوو بتوانن لە بەر تیشکی گۆڕان لە پارسەنگی هێز و هەلومەرجی سیاسیدا، سیاسەت دابڕێژن.

# قاسملوو شۆڕشێک لە بەهاکاندا و وەستانێک لەسەر بنەماکان



ئارەش ساڵح

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی دوکتور قاسملوو کە ئەو لە هەموو ڕێبەرانی تری کوردی پێش و پاش خۆی جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە دوکتور قاسملوو خاوەن تایبەتمەندییێکە کە دەتوانێت داهاتوو لە قاڵبێکی تێکەڵاو لە ئاوەز و خەیاڵدا ببینێت و پلانی بۆ دابڕێژێت. لە زمانی ئینگلیزیدا بە مرۆڤێک کە خاوەن تایبەتمەندی وا بێت دەڵێن ڤیژێنێری (visionary) . ڕاستییەکی بەناوبانگ هەیە کە دەڵێت، لەناو مێژوودا ئەو ڕێبەرانەی کە توانیویانە گۆڕانێک لە دنیای ڕاستییەکانی دەوروبەری خۆیاندا پێک بێنن، ئەوانە بوون کە خاوەنی وەها تایبەتمەندییەک بوون. دوکتور قاسملوو یەکێک لەو کەسانەیە کە دەتوانین بڵێین توانایی بینین و پلاندانان بۆ داهاتووی هەبوو. بینینێک کە هەم ئاوێتەی ئاوەز و ژیری بوو هەم تێکەڵ بە خەیاڵ و فانتازیا. گرینگی هەردوو بەشی ئاوەز و خەیاڵ لەوەدایە کە داهاتوو ئەگەر خەیاڵکردنی تێدا نەبێت لە سنوورەکانی دۆخی هەنووکەیی تێناپەڕێت و ئەگەریش ئاوەزێکی بەهێز و ڕێکوپێک لەگەڵیدا نەبێت ئەوا تاریکتر لە ئێستا دەبێت.

دوکتور قاسملوو وەک ڕێبەرێکی ڤیژێنەری توانیویەتی کە دنیای خۆی بە جۆرێک بگۆڕێت کە بتوانین بە پێش لە قاسملوو و پاش قاسملوو دابەشی بکەین. ئەو دنیایەی کە ئێمە باسی دەکەین، دنیای بەهاکان و بنەماکانە.

پێش ئەوەی بچینە قووڵایی باسەکەوە، پێویستە لەسەربابەتی شۆڕش یەک خاڵ وەبیر خۆمان بێنێنەوە. شۆڕش، بەو ئامانجە ڕوو دەدات کە دۆخی هەنووکەیی گۆڕانێکی قووڵی بەسەردابێت واتە نەتەوەیەکی ژێردەست لە ژێردەستی و لە ژێر زوڵم و زۆر ڕزگاری ببێت یان داگیرکەرێک لە وڵات دەربکرێت. لە هەموو ئەم حاڵەتانەدا دۆخی هەنووکەیی واتە، ژێردەست بوون، لە ژێر دیکتاتۆری بوون یان داگیرکراوبوون سەقامیان گرتووە و سیستمی بەها و بنەماکانی خۆیان هەیە و پێویستیان بەوە نییە کە لەسەریان بیر بکرێتەوە یان بۆیان پلان دابڕێژرێت بەڵام بە پێچەوانە، ئەو دۆخەی کە شۆڕشگێڕ دەیەوێت بیخوڵقێنێت، دۆخێکە کە بوونی نییە؛ بۆیە دەبێت ببیندرێت و پلانی بۆ دابڕێژرێت. بینینی شتێک یان دۆخێک کە هەبوونی نییە پێویستی بە خەیاڵ هەیە و پلاندانانی بە ئاوەز. هەر بۆیە بۆ کوشتنی ڕۆحی ئازادیخوازی لە ناو ژێردەستەکاندا تەنیا پێویستە خەیاڵیان کۆنترۆڵ بکرێت یان توانای خەیاڵ کردنیان سنووردار بکرێتەوە بۆ ئەوەی ئەوان نەتوانن دۆخێک بێجگە لە دۆخی ژێردەست بوون لە خەیاڵیاندا ببینن.

لەم نێوەدا گرینگتر لە گۆڕینی فیزیکی دۆخی هەبوو گۆڕینی سیستمی بەهاکان و بنەماکانی ناو کۆمەڵگایە. ئەوەی ژێردەستەیی بەرهەم دەهێنێتەوە تەنیا فاکتەری فیزیکی و جەستەیی نییە بەڵکوو سیستمی بەها و پڕەنسیپەکان و بنەماکان ڕۆڵێکی گرینگتر لەو پێوەندییەدا دەگێڕن. بۆیە، شۆڕشگێڕبوون وەک تایبەتمەندی ڕێبەرێک زیاتر لە هەرشوێنێک لە توانایی ئەو ڕێبەرە بۆ بینینی داهاتوویەک دەردەکەوێت کە لەوێدا، بەها کۆمەڵایەتییەکان و پڕەنسیپەکان لە خزمەتی بەرهەمهاتنەوەی ئازادی مرۆڤەکان بێت.

یەکێک لەو شوێنانەی کە زۆر بە ڕوونی دەرخەری ئەو تایبەتمەندییەی دوکتور قاسملووە و بە ئاشکرا جیاوازی ئەو لە دنیای دەوروبەری دەردەخات ئەو شوێنەیە کە وەک ڕێبەرێک لە بەرامبەری تەوژم و لافاوی توودەی پڕ شۆر و شۆڕشگێڕی ئامادەبوو لە میتینگی مەهاباد ڕادەوەستێت و بە پێچەوانەی دروشمێک قسە دەکات کە هەموو خەڵکەکە دەیڵێنەوە. لەو ڕۆژەدا و لەو ساتەدا کە هەموو خەڵکی پڕ لە شۆر و پڕ لە هەستی ئامادەبوو لەو شوێنە، بە جارێک یەک شت هاوار دەکەن، بەڵام لەو چرکەیەدا، دوکتور قاسملوو پێگەی ڕێبەربوونی دەردەخات و بەپێچەوانەی لافاوی ئامادەبووان ڕادەوەستێتەوە، جووڵە دەکات و بە ڕێ دەکەوێت و خەڵکەکەش هەمووی بە دوای خۆیدا ڕادەکێشێت. دوکتور قاسملوو لە قامەتی ڕێبەریدا و بەو هەنگاوەی، مەسیر و ڕێچکەی ئەوان و هەموو ڕۆژهەڵاتی نەتەنیا بۆ ئەو ڕۆژە، بەڵکوو بۆ جیلەکانی دوای خۆی دەگۆڕێت.

لەو ڕۆژەدا کاتێک کە خەڵکەکە هاوار دەکەن بژی دوکتور قاسملوو، ئەو وەک ڕێبەرێک هەڵدەستێتەوە و بە ئاپۆرای جەماوەر دەڵێ "نا"! ئەو ڕێگایە ڕێبازێک نییە کە ئێمە بمانهەوێ پێیدا بچین. هەربەو چەشنە کە لە ڕێبەرێکی ڕاستەقینە ڕەچاو دەکرێت، خۆی یەکەم هەنگاو هەڵدێنێت و ئیتر دوای ئەو هەموو ڕۆژهەڵات بە دوایدا دەڕۆن. یەکەم هەنگاو هەڵدێنێت و دەڵێت بژی حیزبی دێموکرات، نەک بژی قاسملوو. دەڵێن ڕێبەر ئەوە نییە کە بە خەڵکەکە ئەمر دەکات کە بەڕێ کەون، بەڵکوو ڕێبەری ڕاستەقینە خۆی یەکەم هەنگاو هەڵدێنێت، جڵەودار دەبێت و بەڕێ دەکەوێت. ئەم ڕووداوە، دەمێک یان لەحزەیێک لە ژیانی دوکتور قاسملووە کە بە گێڕانی ڕۆڵی ڕێبەری خۆی، توانیویەتی بەها کۆمەڵایەتییەکانی ئێمە وەلەرزە بێنێت و پڕەنسیپەکانی کەلتووری سیاسی ئێمە لە ڕۆژهەڵاتدا فۆرم بدات.

دوکتور قاسملوو بە بینین و پلاندانان بۆ داهاتوو لە دەلاقەی ئاوەز و خەیاڵەوە، بۆ چەندین جیلی دوای خۆی کێشەیەک بە ناوی پەرستشی تاکەکان و پیرۆزکردنی ڕێبەرەکان لە ناو ڕێکخراوە سیاسییەکان و کۆمەڵگای کوردستان لە ناو دەبات.

لەم ڕووەوە، ئەو شۆڕشەی کە دوکتور قاسملوو، بە هۆی بینینی داهاتوو لە قاڵبی خەیاڵ و ئاوەزدا لە میتینگی مەهابادەوە دەستی پێ کردووە و بە ئەنجامی گەیاندووە، شۆڕشێک بوو لە بەهاکانی ناو کۆمەڵگای ڕۆژهەڵات و ڕاوەستانێک بوو لەسەر ئەو پڕەنسیپانەی کە خەباتی ئەمڕۆی ئێمەیان لەسەر بنیات نراوە.

# قاسملوو
# هێشتاش بۆ لاوانی کوردستان هەر سەرمەشقی خەباتە



ئیبراهیم لاجانی

**بەشی یەکەم**

پاش تێکشکانی بزووتنەوەی ساڵەکانی ٤٧/٤٦ی هەتاوی، مەیدانی تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕادەبەدەر تەنگەبەر بۆوە. ئەوەندەش کە لە تەشکیلاتی حیزب مابوو، یا لە زینداندا بوو، یا لە کوردستانی گەرمێن لە هەلومەرجێکی زۆر سەختدا مابۆوە ومەجالی کاری سیاسی وحیزبی لێ زەوت کرابوو.ڕاست لە هەلومەرجێکی ئاوادا، قاسملوو وەک ئەپۆستێڵ هاتە مەیدان وبوو بە مەسیحی حیزبی دێموکرات.

تەشکیلاتی حیزبی سازماندایەوە. سەربەخۆیی سیاسی وتەشکیلاتی بۆ حیزب گێڕایەوە، بەرنامەو پرۆگرامی تازەی بۆ حیزب دارشتەوە، ڕۆژنامەی کوردستان، ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی وتێکۆشەر، نامیلکەی نێوخۆیی حیزبی دەرکردەوە. پێوەندییەکانی حیزبی دەگەڵ وڵاتانی جۆراوجۆر وحیزب ورێکخراوە ئێرانی وکوردستانییەکان ڕێکخستنەوە.

قەوارە وکەسایەتی وهەیکەل وهەیبەتی بۆ حیزب گێڕایەوە. تێکۆشەرانی پەرش وبڵاوی حیزبی لێرە ولەوێ کۆکرنەوەوە . بەرانبەر هەیمەنەی حیزبی توودە ولایەنە کوردستانییەکان وەستا و ئیجازەی نەدا کەس دەست لە کاروباری نێوخۆیی حیزبەوە وەردا.

. خزمەتەکانی دوکتور قاسملوو بە حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی ئێران هەر لەو قۆناخەدا، بەسن بۆ ئەوەی ڕۆڵی قاسملوو لە مێژووی حیزبدا بە ڕۆڵێکی مێژوویی لە قەڵەم بدەین.

نەخشی دوکتور قاسملوو لە تەیارکردنی حیزب وبزووتنەوەی کورد لە قۆناخی شۆڕشی گەلانی ئێران وپاشان سازماندانی خەبات وبەربەرەکانێی خەڵکی کوردستان بە دژی هێرش وپەلاماری ڕێژیم بۆ سەر کوردستانیشدا، نەخشێکی حاشاهەڵنەگرە.

گەڕانەوەی بەوەختی کاک دوکتور وباقی ڕێبەری حیزب لەو هەلومەرجەدا، بوو بە هۆی ئەوەیکە حیزبی دێموکرات تەنانەت پاش ئەو هەموو سەرکوت و زەبر وزەنگەش کە بۆ دەیان ساڵ لەسەر تەشکیلاتەکەی هەبوو، جارێکی تریش هەستێتەوە سەر پێ و ڕۆڵی پێشڕەوانەی خۆی لە ڕووداوەکاندا بگێڕێ.

دوکتور قاسملوو بە درێژایی تەمەنی پڕکار وبەرهەمی، خزمەتێکی زۆری بە حیزب وبزووتنەوەی کورد لە کوردستانی ئێراندا کرد. ئەو لەنێو کورداندا لە ئینسانە هەرە وشیار ومەزن وبلیمەتەکانی ڕۆژگاری خۆی بوو.

مێژوو نوسان پێیان وایە ئەوە کە حیزب لە ئیدامەکاری نەوەستاوە، بەشێکی زۆری بەرهەمی ئەو کولتور وستروکتۆرەیە کە قاسملوو بۆ حیزبی دارشتووە. دەتوانین ڕۆڵی قاسملوو وەک لۆکۆمۆتیڤ پێناسەبکەین. لۆکۆمۆتیڤ ئەو ماتۆڕەیە کە قەتار بە دوای خۆیدا رادەکێشێ .دوکتور قاسملووش ئەو نەخشەی لە حیزب وبزووتنەوەدا هەیە. ئەو تەنانەت پاش شەهیدبوونیشی بە قودرەتی زۆرەوە هەروا دەمانباتە پێش. لەو وەزعە ناهەموارەشدا کە حیزبی تێدایە، ئەوە قاسملوویە پاش سی ساڵ لە شەهیدبوونیشی، هەر ئینێرژی موسبەت بە حیزب وبزووتنەوە تەزریق دەکا.

تایبەتمەندی هەرە گەورەی قاسملوو ئەوە بوو کە نیشتیمانپەروەر بوو. ئەو کەسایەتییەکی جیهانی، ناوچەیی، ئێرانی بوو، بەڵام کوردستانی بوونەکەی جەوهەری ئەسڵی کەسایەتی قاسملوو بوو. کوردستانی بە هەموو وجودەوە خۆش دەویست.

دەیگووت دەچمە هەر وڵاتێک، هەست دەکەم کە بە حورمەتەوە وەرم دەگرن. بۆیە شانازی دەکەم کە ڕۆڵەی کوردستانم وبە ناوی کوردەوە قسەدەکەم. یەکێک لەو دەرسانەی نەوەی نوێ دەبێت لە قاسملووی فێربێت، لە راستیدا ئەو نیشتیمانپەروەربوون وکوردپەروەربوونەیە.

قاسملوو لە هەموو کەس باشتر توانای فۆڕمۆلەکردنی داخوازەکانی کورد و ڕوونکردنەوەی کێشەی کوردی هەبوو. وتەبێژێکی لێوەشاوەی نەتەوەی کورد بوو لە ئاستی دونیادا هەر بۆیە مێژوونوسان دەڵێن کە لە نێونەتەوەیی کردنی کێشەی کورددا نەخشی بنەڕەتی هەبووە.

دوکتور قاسملوو پێشمەرگەیەکی ئازاو قارەمانیش بوو. بە جەرگ ونەترس بوو. دلێربوو. لە خەبات وبەربەرەکانێ وشەڕ ومقاوەمەتدا، نموونەی ورەی بەرز و لەشکاننەهاتوو بوو. ڕۆحیەیەکی بەرزو پۆڵایینی هەبوو. پەیامەکانی کە ڕۆژانە بۆ هێزی پێشمەرگە و خەڵک لە ڕادیۆ بڵاو دەبوونەوە، یەکپارچە دەبوونە ورەو هێزیان وەبەر ئەژنۆی خەڵک و پێشمەرگە دەنا.

قاسملوو بۆ تێکۆشەران و پێشمەرگەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستانیش پەیکەرەی لەشکاننەهاتوویی ومقاوەمەت بوو.

ڕێبەرێکی بە ئۆتۆریتەبوو. دەیەویست هەموو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە دەوری بزووتنەوە وئامانجە میللیەکانی کۆکاتەوە. هەمیشە لە هەوڵی ڕێکخستنی هێزە کوردستانی وئێرانییەکاندا بوو. تێدەکۆشا گەرووپەکی هاوبەش بۆ هاواری کورد ڕوو بە دونیای دەرەوە درووست بکات. دەیگووت دەبێ بە یەک زمان وفۆڕمۆڵ بە تایبەتی لە چوارچێوەی مافی مرۆڤ وپەسندکراوە نێونەتەوەییەکاندا مەسەلەی کورد بەرینە نێو بیروڕای گشتی .

دوکتور قاسملوو لە بەیانکردن ودەربڕینی هەڵوێستە سیاسییەکانیدا، گوێی نەدەدایە بەرژەوەندی شەخسی و تێبینییە ڕواڵەتییەکان. لە هەڵوێستگرتندا بۆ ئەو، ئامانجە ئینسانی ودێموکراتیکەکان و حەقیقەت، پێوانە بوون. زۆر جار بەپێچەوانەی ئاڕاستەی ڕووبار مەلەی سیاسەتی دەکرد و لە خنکانیش نەدەترسا.

ئەگەر ئەو ئالای بەربەرەکانی لە گەڵ کۆماری ئیسلامی هەڵگرت، ڕێژیم لە ئەوپەڕی هێز وتوانا وتەنانەت مەقبوولیەتیشدا بوو بەڵام ئەو زوو ماهیەتی کۆنەپەرستانە ی ئەو ڕێژیمەی تەشخیس دا و کەوتە لەقاودانی. ئەوە ئەو دەم کارێکی زۆر سەخت بوو.

مەحکومکردنی بەبارمتە گرتنی پێرسونێلی سەفارەتی ئەمریکا لە کاتی خۆیدا، مەحکومکردنی پەلاماری سۆڤیەت بۆ سەر بەهاری پراگ، مەحکومکردنی سیاسەتەکانی حیزبی توودە لە پێوەندی لەگەڵ ڕێژیمدا، ڕەخنەگرتن لە سۆسیالیزمی مەوجود لە کاتێکدا کە قوتبێکی گەورەی سیاسەتی دونیا بوو. ڕاوەستان لە بەرانبەر هێژمۆنیخوازی موجاهیدین، حیزبی توودە وهەندێک هێزولایەنی دیکەی کوردستانیدا، هەموویان نیشانەی ڕاستی ودروستی ئەو قسەیەن.

گەورەیی قاسملوو لە سیاسەتدا هەمیشە لەوەڕا هاتووە کە مەینستریمی چالێنج کردووە وخستویەتە ژێر نیشانەی پرسیار.

ئەگەر لەسیاسەتدا، تێگەیشتنی بەرژەوەندییە میللی ونەتەوەییەکان وخێری گشتی ودیاریکردنی ئامانجی سەرەکی، لە هەموو شت گرنگترە. ئەگەر دۆزینەوەی ڕێگاو میتۆدی گەیشتن بە ئامانجی سەرەکی وخێری گشتی مەسەلەیەکی زۆر پڕ بایەخە. ئەگەر هەوڵدان بۆ دەکارکردنی ئەو ڕێگاو میتۆدانە وتەختکردنی کۆسپەکانی سەر ڕێگا، کلیلی مەسەلەکەیە، ئەوە بێ شک دەتوانین بڵێین دوکتور قاسملوو لەو کارەدا لە ڕیزی پێشەوەی کەسایەتییە سیاسییە ئێرانی وکوردستانییەکاندا بووە.

ئەو ئامانجە سیاسییەکانی بزووتنەوەی کوردستان وتاکتیکی خەباتگێڕانە وچالاکی وکردەوەی سیاسیی ڕۆژانەی بە شێوەیەک لێکگرێ دابوون، کە سیاسەت وخەباتی خستبوونە خزمەت ڕزگاری میللەتی ژێرچەپۆکەی کورد.

ئەو دەیەویست میللەتی کوردستان ڕزگاربێ وژیانێکی شیاوی ئەم سەردەمەی هەبێت. لەخۆڕا نییە دەیگوت خودموختاری ئەگەر نێوەرۆکەکەی نەبێتە ژیانێکی پڕ لە ڕفاه وئازادی بۆ خەڵکی کوردستان، بایەخی ئەو هەموو خەباتەی نییە، واتە ئەو سیاسەتی بۆ دوو شت دەکرد بۆ ڕزگاری کوردستان و بۆ ژیانێکی پڕ لە سەعادەت بۆ خەڵکی کوردستان. سیاسەت لای قاسملوو شتێک نەبوو جگە لە کاروخەباتی ڕۆژانە بۆ گەیاندنی میللەتی کورد بە ئاستی میللەتانی دونیا.

لە ڕیزەکانی شۆڕشدا بایەخی زۆری بە ژیان وجلوە جوانەکانی ژیان دەدەدا. لە شایی وزەماوەندی پێشمەرگەکاندا بەشداری دەکرد. جوانی وڕێکوپێکی وکاروزەحمەتی و هونەر ومۆسیقا وئەدەب وژیانی بنەماڵەیی تەشویق دەکرد.

حزوورێکی بەردەوام ودیاری هەبوو. لە ریزەکانی بزووتنەوەدا، لە نێو بنکەکانی پێشمەرگەدا، لە کۆمیتە شارستانەکاندا، لە نێو تەشکیلاتی نهێنیدا، لە نێو ڕووناکبیراندا، لە نێو نوسەرانی کوردو ئێرانی وئەدیب و هونەرمەنداندا، لە نێو کۆڕوکۆمەڵە سیاسییە ئێرانی و کوردستانی و ناوچەییەکاندا، حزووری بەرچاوی سیاسی و مەعنەوی پڕڕەنگی هەبوو. پێشمەرگەکان چ لە دفتەر بان، چ لە ناوچە ولە قوڵایی مەیدانەکانی خەباتی پێشمەرگایەتیدا، ئەویان لە پەنا خۆیان دەدیت. لە هەموو جێیەک ئەو حزوورە گەرم وسەمیمی وسەنگینەی لەنێو ڕیزەکانی شۆڕش وخەباتدا هەبوو.

ئەو حزوورەی ڕێبەری بوو کە هێزی ئەخلاقی ومەعنەوی دابوو بە خەباتی پێشمەرگە. دوژمن لە هەموو بارێکەوە بەهێزتر وپۆشتەو پەرداختر بوو، بەڵام ئەوە هەر پێشمەرگە بوو زەبری دەوەشاند، ڕەمزی ئەوە لە هێزی ئەخلاقی پێشمەرگەوە سەرچاوەی دەگرت. بەشی زۆری ئەو قودرەتە مەعنەوییە، دوکتور قاسملوو ئیلهامدەری بوو.

سونامی بوو لە نێو بزووتنەوەدا، لە مەیدانی خەبات وسیاسەتی ئێران وکوردستاندا، لە پارچەکانی دیکەی کوردستانیشدا پارامیترێکی جیددی بوو. وەک سونامی بوو، لە هەموو لایەکڕا دەهات، نەتدەتوانی خۆی لێ لادەی ولە بەردەستی ڕاکەی. دەکرا موخالیفی بی، دژی بی، تەنانەت دوژمنی بی، بەڵام کەس نەیدەتوانی حاشا لە گرینگی وفاکتۆربوونی ئەوبکا یا ئینکاری بکا. هیچ هێزو لایەنێک نەیاندەتوانی ئینکاری جیدی بوونی قاسملوو لە سیاسەت وخەباتدا بکەن. بەتایبەتی لە مەیدانی سیاسەتی کوردستان وئێراندا.

لە کۆڕوکۆبوونەوەکاندا، لە مەجلیس ومیوانی وجەژن وزەماوەندەکاندا، لە نێوماندا، چ لە ڕۆژانی شایی و چ لە ڕۆژە سەخت و دژوارەکاندا، دەدرەوشایەوە. بە قسەو وتە جوان وپڕماناکانی شوێنەواری لە سەر هەموان دادەنا. لە خۆڕا نەبوو کۆشنێر دوای شەهیدبوونی وتی لە نێو ڕێبەرانی دونیای سێهەمدا، من ڕێزوحورمەتم لە هەموان زیاتر بۆ قاسملوو هەبوو.

قاسملوو ڕووناکبیرێکی خەباتگێر بوو. کاری فکری دەکرد، دەیخوێندەوە، وەزعی سیاسی دونیای لە هەموو گۆشەنیگاکانەوە تەماشا دەکرد و وەدوای ڕووداوەکان دەکەوت. قەت لە خۆی غافڵ نەبوو. زۆری دەخوێندەوە، چاک فێردەبوو بەڵام فەرقی گەورەی ئەو دەگەڵ کەسانی دی ئەوە بوو کە ئەو هەرچی فێری دەبوو، لەجێی خۆی بەکاری دەهێنا. ئەو فێردەبوو تا لە ژیان وخەباتدا بڕواتە پێش.

بە عیشقەوە ئەدەبیاتی کوردی وفارسی وفەڕانسەوی وعەرەبی دەخوێندەوە. ئاگای لە ئاخرین ڕووداوەکانی دونیای ئەدەب وهونەر وسینەماو مۆسیقاو فەلسەفە بوو.

هەموو ڕۆژێ هەواڵەکانی دونیا و ناوچە و ئێرانی تاقیب دەکردن وپێوەندی نێوان ئەوانی دەدۆزییەوە وباشترین تەفسیری لێ دەکردن وبۆ ڕوونکردنەوەی ڕێی خەبات کەڵکی لێوەردەگرتن.

پێوەندییەکی بەرینی کۆمەڵایەتی ودۆستایەتی هەبوو. لەگەڵ کەسایەتییە سیاسی وئەدەبی وڕووناکبیرییەکانی کوردو ئێرانی وعەرەب وبیانی پێوەندی هەبوو. هەرکەس یەکجار دیتبای دەچووە ژێر تەئسیری.

لە سەرتاسەری ئەو ماوەدا کە سکرتێری حیزب بوو، بەتایبەتی لەو ساڵانەی دواییدا، شەووڕۆژ بۆ بەهێزکردن وڕێکخستنی حیزب کاری دەکرد. باشترین کات وسەعاتەکانی تەمەنی خۆی بۆ نووسین وقسەکردن ودەرس وتنەوە وپێکهێنانی کۆڕوکۆبوونەوە ودیداری جۆراوجۆری سیاسی وحیزبی ودیپلۆماسی تەرخان دەکرد.

**ئەگەر لەسیاسەتدا، تێگەیشتنی بەرژەوەندییە میللی ونەتەوەییەکان وخێری گشتی ودیاریکردنی ئامانجی سەرەکی، لە هەموو شت گرنگترە. ئەگەر دۆزینەوەی ڕێگاو میتۆدی گەیشتن بە ئامانجی سەرەکی وخێری گشتی مەسەلەیەکی زۆر پڕ بایەخە. ئەگەر هەوڵدان بۆ دەکارکردنی ئەو ڕێگاو میتۆدانە وتەختکردنی کۆسپەکانی سەر ڕێگا، کلیلی مەسەلەکەیە، ئەوە بێ شک دەتوانین بڵێین دوکتور قاسملوو لەو کارەدا لە ڕیزی پێشەوەی کەسایەتییە سیاسییە ئێرانی وکوردستانییەکاندا بووە**

**لە مەیدانی خەبات وسیاسەتی ئێران وکوردستاندا، لە پارچەکانی دیکەی کوردستانیشدا پارامیترێکی جیددی بوو؛ دەکرا موخالیفی بی، دژی بی، تەنانەت دوژمنی بی، بەڵام کەس نەیدەتوانی حاشا لە گرینگی وفاکتۆربوونی ئەوبکا یا ئینکاری بکا؛ هیچ هێزو لایەنێک نەیاندەتوانی ئینکاری جیدی بوونی قاسملوو لە سیاسەت وخەباتدا بکەن، بەتایبەتی لە مەیدانی سیاسەتی کوردستان وئێراندا**

# ڕاسان لە ئەرکی شۆڕشگێڕییەوە هەتا خوڵقانی گوتارێکی نوێ



سارێژ کوردستانی

## بەشی یەکەم

پاش هەڵوەشانەوەی ئەمارەتە کوردییەکان و دامەزراندن و هاتنە سەرکاری دەوڵەت نەتەوە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە تایبەت لە بانووی ئێران و ئاناتۆلیدا کە سەردەمانێک دوو دەسەڵاتی دژبەیەکی سەفەوی و عوسمانی، کوردستانیان وەک مەیدانی شەڕ و بەربەرەکانی خۆیان بەکار هێناوە و خەڵک و خاکەکەیان لە ژێر پێدا لە ناو بردووە، کوردستان بۆتە جەولانگە و مەیدانی تەڕاتێنی ئەو دوو هێزە و هەر دەم بە دەست لایەنێکەوە بووە و بە دژی ئەویتر بە کار هێنراوە.

لەگەڵ یەکەم شەڕی جیهانی و هاتنی هێزە بیانییەکان بۆ ناوچە و کەمکردنەوەی دەسەڵاتی ئەو دوو هێزە، بیانییەکان بە داسەپاندنی دەسەڵاتی ئیستیعماری خۆیان، سنوور و کەوشەنەکان دەگۆڕن و هێندێک دەوڵەتی تازە لە ناوچە بۆ بەرژەوەندیی خۆیان بەدی دێنن. لەو نێوەدا بە هۆی دڵچڵکنییەک کە لە ڕابردووی کورد و کوردستان هەیانبوو، چ لە باری ئایینی و چ لەباری نەتەوەیی و چ لە باری بێکەسی و چ لە باری مەترسی لە داهاتوو و بەرژەوەندیی خۆیان، هاتن کوردستانیان بە سەر چوار وڵاتی ناوچەکەدا دابەش کرد کە لە هەر وڵاتێک کوردیان کرد بە کەمینەی کەمتر لە بیست لە سەد. ئەم شێوە دابەشینە کارێکی وای کردووە کورد لە هەموو ماف و دەسەڵاتێک لە هەموو بەشەکان بێبەش بێ و لە هەستانەوە و بەربەرەکانێ و خۆرزگارکردن لاواز بێ؛ بەڵام بەو حاڵەش لە هەوڵ و تێکۆشان بۆ ئازادی و رزگاریی نەتەوەکەی و وەدەستهێنانی کیانێکی کوردی وەک وڵاتانی خوداپێداو درێغی نەکردووە. هەموو کات بەپێی هەلومەرج و بارودۆخی خۆی و وڵات و دوژمن و ناوچە پەلاماری داگیرکەرانی داوە و نیشانی داوە کە نەتەوەیەکی خەباتگێڕ و رزگاریخوازە و بۆ وەدەستهێنانی ئازادی و سەربەخۆیی هەموو کات گیان لەسەر دەستە، بەڵام هەر وەک باسکرا بە هۆی باڵادەستبوونی دوژمن هەموو کات نوشستی هێناوە. ئەو خەبات و شۆڕشانە لە سەردەمی پاشاکانی ئێران و سوڵتانەکانی عوسمانی و پاشان بە درێژایی ئەو چەندسەد ساڵەی رابردوو لە هەموو پارچەکانی داگیرکراودا درێژەی هەبووە و هەر لەبەر هێزی بێئەژماری دوژمن و تەنیا و تەریک مانەوەی کورد، جوڵانەوەکە خامۆش کراوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەی لە هەر چوار پارچەی کوردستان هێزی کوردی لە بەراورد لەگەڵ هێزی داگیرکەران هەموو کات لە کەمینەدا بووە، قەت دەستی لە بەربەرەکانی و خەبات هەڵنەگرتووە و هەمیشە سینگی قەڵغانی گوللەی دوژمن بووە و سەری نەوی نەکردووە.

ئەگەر چاوێک بە مێژووی لانیکەم دووسەد ساڵی رابردوودا بگێڕین گەلێک قۆناغی شۆڕش و سەرهەڵدان و هەوڵی رزگاریی کورد لەم ژێردەستەییە دراوە، هەر دەم لە لایەکەوە پەلاماری دوژمن دراوە و هاوار و نەعرەتەی مافخوازی و رزگاریخوازی گەیاندۆتە ناوەندی دەسەڵات و کۆشکی زۆردارانی وەلەرزە خستووە. بەڵام بەداخەوە ئەو شۆڕشانە هەر چەند ماوەیەکی دووروردرێژ توانیبێتی خۆی لە بەرامبەر هێرشی دڕندانەی دوژمنی تەیاردا ڕابگرێ، هەر کە سەرۆک و ڕێبەری جوڵانەوەکە نەماوە، ئیتر لەشکری کورد وەک تۆوی دەم با بڵاوبۆتەوە و شۆڕشەکە خامۆش بووە.

لە نێوان شەڕی یەکەم و دووهەمی جیهانیدا و بە تایبەت پاش شەڕی دووهەمی جیهانی بە هۆی هەڵەی ڕەزاخانی میرپەنج لە داکۆکی و لایەنگری لە هاورەگەزی ئاریایی خۆی واتە هیتلێری نازی و ئاڵمان، لەگەڵ هەڵایسانی شەڕدا بۆشاییەک ساز دەبێ. لەو سەروبەندەدا بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردی بە شێوەیەکی مودێڕن و بەرنامەبۆدارێژراو و تۆکمە لە بەشی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە شێوەیەکی زۆر نهێنی بە ناوی (ژێ . کاف) دەست بە تێکۆشان دەکا. ڕێکخراو و تەشکیلاتێکی سیاسی بە نەزم و دیسیپلین کە بوار بۆ سەرهەڵدان و شۆڕشێکی نوێ خۆش دەکا. پاش شکستی نازییەکان لە وڵاتانی هاوپەیمان و پاشەکشەیان بۆ ئورووپای ڕۆژئاوا، ئێران بە هۆی ئەو ئاکارەی لە لایەن ویلایەتەیەکگرتووەکان و سۆڤیەتەوە دەستی بەسەردا دەگیرێت. رووسەکان، ئازەربایجان و بەشێک لە کوردستان داگیردەکەن، بەهاتنی رووسەکان ئەم کەلەبەر و بۆشاییە زیاتر دەبێ. "ژێ . کاف" هەڵسوڕانی سیاسی و تەشکیلاتی و تێکۆشانی خۆی ئاشکرا دەکا و بە کەڵکوەرگرتن لەو دەرفەتە ناوی خۆی دەگۆڕێ. لە ڕێکەوتی ٢٥ گەلاوێژی ساڵی ١٣٢٤ یەکەم حیزبی مۆدێڕنی کوردی بە ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دایک دەبێ. یەکەم جار جمهوری لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست رادەگەیەنێ و بۆ یەکەم جار کورد دەبێتە خاوەن بەیداخ و بۆ یەکەم جار دەبێتە خاوەن سروودی نەتەوایەتی و بۆ یەکەم جار ناوی پێشمەرگە بۆ سەربازی کورد دیاری دەکرێ و بۆ یەکەم جار کورد سەرکۆمار و سەرۆکوزیر و وەزیری دەبێ. بۆ یەکەم جار کورد ڕێکخراوی ژنان و لاوان دادەمەزرێنێ و بۆ یەکەم جار لە خوێندنگەکان وانەی کوردی دەوترێتەوە و بۆ یەکەم جار بە ماوەی یازدە مانگ دەسەڵاتی کوردی لە ناوچەیەکی بەرتەسک (ورمێ و مەهاباد و سەقز) حوکمڕانی دەکا. پاش یازدە مانگ کۆمار دەڕووخێ و سەرکۆمار و ڕێبەری بزووتنەوەکە لە دار دەدرێ و شەهید دەبێ، جووڵانەوەکە و تەشکیلاتەکە کز دەبێ بەڵام بە پێچەوانەی شۆڕشەکانیتری کوردی لە ناو ناچێ. هەر بەو ناو و هەر بەو ڕێباز و هەر بەو ئامانجەوە دیسان خۆ دادەڕێژێتەوە و کاری تەشکیلاتی و چەکداری هەڵدایسێنێتەوە و خەو لە چاوی گازەرد دزرێنێ. (گازەرد ناوێک بوو کە رادیۆ پەیکی ئێران بۆ حەمەرەزاشای پەهلەوی دانابوو) ساواک پیلان و پلان بۆ خامۆش کردن و بڵاونەبوونەوەی شۆڕش دادەڕێژێ. کەچی جوڵانەوەی ٤٦ — ٤٧ گۆمی مەییو دەشڵەقێنێ و دورگەی ئارامی لێ دەکەن بە زەریای پڕ شەپۆلی کارەسات و قەیران.

پاش ڕووخانی ڕێژیمی پەهلەوی و هاتنە سەرکاری ڕێژیمی مەلایان، کوردستان دەکەوێتە دەست پێشمەرگە و حیزبی دێموکرات وەک ڕێبەری جووڵانەوەی خەڵکی کوردستان، بە وردبینی و زەکاوەت و شارەزایی دوکتور قاسملوو لە ڕێبەرایەتیی حیزبدا، لە ناساندنی رووخساری مەترسیدار و فریوکارانەی ئەو تازەبەدەسەڵاتگەیشتووانە وایکرد کە خەڵکی کوردستان لە بەرامبەر یەکەم سەرەڕۆیی مەلایان ڕابوەستن و لە یەکەم ڕێفراندۆمی ناشەفاف و پاوانخوازانەی کۆماری ئیسلامی لە ١٢ خاکەلێوەی ساڵی ١٣٥٨ دا دەنگ نەدەن و بایکۆتی بکەن.

زەخت و فشارەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کوردستان پەرە دەستێنێ و شەڕی سێ مانگە دەست پێدەکا و ڕێژیم لە بەرامبەر پێشمەرگە خۆ ڕاناگرێ و داوای دانوستان و موزاکرە دەکا. لە ماوەی هاتووچۆی هەیئەتی حوسنی نییەت بۆ کوردستان، بە ناوی دانوستان تەنیا وەخت دەکوژن و خەڵک فریو دەدەن و جاش دەکرن و سپای خۆیان تەیار دەکەن. هەر بۆیە داوای خودموختاریی کورد ڕەد دەکەنەوە و دەڵێن خودگەردانی دەدەین. هەر چەند دوکتور قاسملوو دڵی بۆ ئەوەندەش لێدەدا بەڵام خەڵک و هێزە سیاسییەکانی کوردستان دەڵێن خودگەردانی یانی سەرگەردانی! پاش شکستخواردنی دانوستانەکان جیهاد دژی خەڵکی کورد دەردەکرێ و وردە وردە هێرش بۆ سەر کوردستان و داگیرکردنەوەی ناوچەکانی ژێردەستی پێشمەرگە دەست پێدەکا. هەر ڕۆژ ناوچە و شارێک و گوندێک داگیر دەکەن. پاش چەند ساڵ خۆڕاگری و بەربەرەکانێی نابەرابەر و جوامێرانە کە هەموو داستانێکن لە لەخۆبردوویی و گیانبازیی خەباتکاری کورد بۆ وەدەستهێنانی ئازادی و مافی دیاریکردنی چارەنووس، پێشمەرگە ناچار دەکرێ بگەڕێتەوە چیاکان و لە سەر سنوورەوە شەڕی پارتیزانی دژ بە ڕێژیم درێژە پێبدا. پاش ڕاپەڕینەکەی ساڵی ١٩٩١ زایینی لە کوردستانی باشوور، حیزب بە بیانووی پاراستنی دەسکەوتەکانی شۆڕشی باشوور، بۆ قوڵایی خاکی هەرێمی کوردستان پاشەکشە دەکا. ماوەی بیست ساڵ لەگەڵ ئەو هەمووە سەختی و بێدەرەتانی و کەم مەیلی و بێمەیلی سەردەکەن! لەو لاشەوە ڕێژیم هەر دەم بە بیانوویەک پەلاماری پێشمەرگە و بنکەکانی حیزب دەدا و تیمی تیرۆر لە سەرانسەری کوردستانی باشوور بۆ قەڵاچۆی پێشمەرگە وەڕێدەخا. تەنانەت لەم دواییانەدا پیلانی دوورکردنەوە لە کوردستانی باشوور دێنێتە ڕۆژڤەوە و دیهەویست بەکرێگیراوان و سیخوڕەکانی خۆی هان بدا و تەنگیان پێ هەڵبچنێ و پێشمەرگەش وەک موجاهیدین دەربەدەری وڵاتان بکا. ئەوە لە کاتێکدا بوو کە هەموو کات لە پڕوپاگەندەکانی لە مێدیاکانی خۆی و جیهانیدا بهانگەشەی ئەوەی دەکرد کە شتێک بە ناوی حیزب و جووڵانەوەی کوردی نەماوە و بە قسەی ئەوان دژی شۆڕش فەوتاوە و شکستی خواردووە. ئەوەی ڕاستی بێ جووڵانەوەی کوردی کز ببوو بەڵام نەفەوتابوو؛ نائومێدی نا بەڵام ئیستاییەک باڵی بەسەردا کێشابوو.

### ڕاسان، سەرهەڵدانێکی نوێ

لەگەڵ ئەو هەموو نسکۆ و تەگەرە و شەهیدبوونی ئەو هەموو کادر و پێشمەرگە بەوەج و ئەو سەرکردە و ڕێبەرە هەڵکەوتووانە و کێشەکانی ناوخۆ و دەرەوەی حیزبی کە تووشی هاتبوو، لەولاشەوە بە هۆ گەلێک، کردنەوەی ڕێگا بۆ ئەندامان و پێشمەرگەکانی کە کۆچ بکەن بۆ دەرەوە و وەک پەنابەری سیاسی لە دەرەوە وەربگیرێن، ئەندام و کادر و پێشمەرگە یەکجار زۆر لە کەمی دا و چووکبوونەوەی قەبارەی تەشکیلاتی و ڕێکخراوەیی و هاوتەرازبوونی زۆرێک لە کادر و بەڕێوەبەرەکان لە هەمان کاتدا دە بۆسەدابوونی دوژمنان بۆ زەربەلێدان لە پەیکەری دێموکرات بە شێوەیەک کە نەتوانێ هەستێتەوە، بە پیلاندانان، بە پلان سازکردن، بە کێشەنانەوە، جیاوازی خستنە نێوان، فریودان، تەنانەت بە دانی پووڵ بۆ وەدەرکەوتن لە حیزب و ڕۆیشتن بۆ دەرەوە، وای کرد کە ئەگەر نەشڵێین نائومێدی، بەڵام ئیستایی و کەمجووڵەیی و یەکڕەنگی هەموو ڕۆژانەی، خەباتکارانی بۆ ئەم ڕێگایە پاڵنابوو و سێبەری قورسی خۆی بەسەر هەموو لایەکدا کێشابوو.

لە وەها کاتێکدا لە بەهاری ساڵی ١٣٩٥ ی هەتاوی لە چیاکانی کێلەشین کاک مستەفا هیجری وەک سکرتێری حیزبی دێموکرات، ئاگری پیرۆزی جێژنی کۆنی نەورۆز و مەشخەڵانی پڕ نووری ڕاسانی گڕ دا. ڕاسان چەخماخەیەک بوو لەو بومەلێڵەدا. هەڵایسانی ڕاسان توانی هیوایەک بۆ خەبات بگێڕێتەوە و ئومێدێک لە دڵی ئەویندارانی ئازادی و ڕزگاریی کوردستاندا دیسان دابگیرسێتەوە و ڕۆحێکی نوێ وەبەر بزاڤی رزگاریخوازانەی گەلی کورد بێنێ. گۆڤەندێکی ڕەشبەڵەک لە هەموو دڵانی تینووی کوردایەتی بگێڕێ و مەشخەڵان بەدەست هەموو کەلێن و قوژبنێکی کوردستان بگرێتەوە. دیسان خەوی لە چاوی ڕێڕەوانی پیری جەماران دەزڕێنێ و جۆش و خرۆشێک لە نێو کۆمەڵگادا پێکدێنێ. ڕاسان دەسپێکێکی دیکە و قۆناغێکی نوێیە لە خەباتدا کە کۆمەڵگا و لاوان و شۆڕشگێڕان چەند ساڵ بوو لێیان ون ببوو یان لێیان دوور بوو.

**ڕاسان چەخماخەیەک بوو لە بومەلێڵەدا; هەڵایسانی ڕاسان توانی هیوایەک بۆ خەبات بگێڕێتەوە و ئومێدێک لە دڵی ئەویندارانی ئازادی و ڕزگاریی کوردستاندا دیسان دابگیرسێتەوە و ڕۆحێکی نوێ وەبەر بزاڤی رزگاریخوازانەی گەلی کورد بێنێ.**

**لەگەڵ ئەوەی لە هەر چوار پارچەی کوردستان هێزی کوردی لە بەراورد لەگەڵ هێزی داگیرکەران هەموو کات لە کەمینەدا بووە، قەت دەستی لە بەربەرەکانی و خەبات هەڵنەگرتووە و هەمیشە سینگی قەڵغانی گوللەی دوژمن بووە و سەری نەوی نەکردووە.**

# حدکا بە میحوەر و جەوهەری بیری نەتەوەیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەناسرێت!



محەممەد سلێمانی

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە درێژایی مێژووی پڕ لە هەوراز و نشێویدا، چەند هەنگاوێك لە پێش هێزەکانی تری کوردستان بووە سەبارەت بە پرسی سیاسی و نەتەوەیی گەلی کورد و لەو پەیوەندییەدا مێژوویەکی پڕشنگدار و گەشی هەیە و خەڵکی کوردستان وەك هێزێکی نەتەوەیی و داکۆکیکارێکی بوێری ئەو بوارە، وێڕای بەخشینی متمانەیان بەو هێزە گەورە و بە نفوزەی کوردستان، بە پێشڕەوی ئیرادەی تێکۆشانی خۆیانی دەزانن و بە هەنگاو و بەرنامە سیاسی و مێژووییەکانی دڵخۆشن. حیزبی دێموکرات بەوپەڕی وشیاری سیاسی و کۆمەڵایەتی دەڕوانێتە بارودۆخی سیاسی و ئابووری و سەربازی حکوومەتی ئاخوندی و لە ئەگەری هێرشی ئەمریکادا بۆ سەر ئەو وڵاتە، مەسەلەی فرەنەتەوەیی بوونی ئێران وەك سەردێڕ و بابەتی جەوهەری کۆبوونە و سازانی سیاسی و نیشتمانی لە ئێراندا دێتە ئاراوە و حیزب و ڕێکخراوەکان پێویستە زۆر بە گرینگییەوە بڕواننە ئەو بابەتە و وەك کردارێکی هەنووکەیی بکەوێتە دەستووری کاری سیاسی هێزە خەباتگێڕەکانی ئەو بەشەی کوردستان. وەختێك نوێنەرایەتی سیاسی گەلی کورد دەکەوێتە قۆناغەکانی لێکتێگەیشتن و سازانی سیاسی و نەتەوەیی لەگەڵ کۆی ئەو هێزانەی کە باوەڕیان بە دێموکراسی و مافی دیاریکردنی چارەنووسە سەرجەم گەلانی وڵات هەیە. هێزێکی بەئەزموون و خۆڕاگری وەك حیزبی دێموکرات کە بە پێشەنگی خەباتی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی ناسراوە، زۆر بەڕێزی و هێوری بواری سەرهەڵدانی خەباتی جەماوەری و ڕاپەڕینی سەرانسەری خستۆتە ژێر چاوەدێری و بۆ گەیشتن بە لوتکەی سەرکەوتن لە هەموو شێوەکانی خەبات بەدژی ڕێژیمی تیرۆریستی ئاخوندی ئێران سوود وەردەگرێ و لایەنگری هاوکاری و کۆدەنگی سیاسی دەکات لە نێوان هێزەکانی کوردستان و بۆ ئەو مەبەستەش هەنگاوەکانی بەرفراوانتر کردووە.

حکوومەتی تاران لەگەڵ قەیرانی گەورەی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی گەورە بەرەوڕوویە و ڕزگاربوون لەو بارگرژییە کە خۆیان هۆکاری بوون، بێگومان ئەوەندە ئاسان نییە و سیاسەتی پاوانخوازی ئەو ڕێژیمە گەلانی وڵاتی تووشی کۆمەڵێك کێشەی ژیان و گوزەران کردۆتەوە و خەڵك بەئاستەم دەتوانن لە سایەی ئەو دەسەڵاتەدا بژیوی ڕۆژانەیان دابین بکەن. ئەمریکا هەتا دێت زیاتر گەمارۆ ئابووری و بازرگانییەکان لە سەر حکوومەتی ئاخوندی بەربڵاوتر دەکا و بە دەرکردنی ڕیزەبڕیارێکی نوێ بەشێك لە پلەباڵاکانی ڕێژیمی ئێران کە لە نێویاندا عەلی خامنەیی هەیە، کەوتنە ژێر گەمارۆی کۆشکی سپی و بەو هەنگاوەش فشاری بۆ ڕێبەرانی بڕیاربەدەستی سیاسی ڕێژیم هێناوە.

لە بارودۆخێکی ئەوتۆدا خەڵکی کوردستان، زۆر بە ئومێدەوە سەرنجیان خستۆتە سەرهەنگاوە سیاسی و نەتەوایەتییەکانی هێزە تێکۆشەرەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە چۆن و بە چ ڕێگایەکدا زامنی ماف و ئازادییەکانی گەلی کورد بکرێت لە پاش ڕووخانی حکوومەتی تاراندا. کاربەدەستانی سیاسی ڕێژیمی ئاخوندی بەکردەوە کەوتوونەتە نێو زەلکاوی سیاسی و سەربازی و ڕزگاربوون لەو دۆخە، بە پاشکۆیەتی سیاسی تاران کۆتایی دێ. بزووتنەوەی سیاسی کوردستان شارەزاییەکی زۆر باشی سەبارەت بە ژینگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و پەیوەندییە سیاسی و دیپلۆماسییەکان لەگەڵ سەرجەم هێزەکانی بەشەکانی تری وڵاتدا هەیە و بێگومان لەو قۆناغەشدا هێزە کوردییەکان و لە نێویاندا حدکا لازمە زۆر بە ژیری لەو بارەوە هەڵسوکەوت بکا و کارێك نەکرێ، بە ڕێککەوتنێك لە گەڵ کۆمەڵێک هێزی ئێرانیدا زیان بە ویست و ئامانجە سیاسی و نیشتمانییەکانی کورد بگات.

پێویستە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای خستنەڕووی بەرنامە و هەنگاوە سیاسییەکانی، بەرچاوڕوونی زیاتر لەو پەیوەندییەدا بخاتە پێشچاوی هەموولایەك و لەو ڕێگایەوە زەمینەی یەکیەتی سیاسی و نەتەوەیی لە سەر ئاستی کوردستاندا پێك بێنێ. حیزبی دێموکرات بە سەرچاوەی خەباتی شێلگیری نەتەوەیی ناسراوە و، لە هەنگاوە سیاسییەکانی داهاتووی وڵاتدا، بە دڵنیاییەوە وەك لوتکەی قەراری سیاسی و نیشتیمانی و بە خستنەڕووی جەوهەری بەرنامەی سیاسی حیزبەکەی لە پێناوی دابینکردنی ماف و ئازادی گەلی کورددا، هەر وەك هەمیشە ڕۆڵی خۆی دەبینێ و ناهێڵێت زیان بە خەباتی لە مێژینەی جووڵانەوەی سیاسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بگا. حدکا بە درێژایی مێژووی خەباتی سیاسی لە مەیدانی بەکردەوەشدا و ئەوکاتەی کە تاکەهێزی گەورەی کوردستان بووە، پشتیوانی دیالۆگ و گفتوگۆی سیاسی کردووە و هەوڵ دەدات بە ڕێگای سیاسیدا پرسی لە مێژینەی کورد لە سەر بنەمای فیدراڵی لە ئێراندا چارەسەربکرێت.

حدکا وەك هێزێکی دیار و بەرچاوی نێو بزووتنەوەی کورد، خاوەنی بڕیاری گەورە و سیاسی ژیرانە بووە لە ڕابردوو و بێگومان لە داهاتووی سیاسی وڵاتیشدا ڕۆڵی بوێری دەبێ و شوێنی لە سەر کۆی پرس و بابەتە یەکلاکەرەوەکانی ئێرانی فرەنەتەوە دەبێت. حیزبی دێموکرات هەوڵ دەدات لەگەڵ سەرجەم هێز و لایەنەکانی تری وڵاتدا بە ڕێگای دیالۆگی نیشتیمانیدا، بڕیار لە سەر چارەنووسی حکوومەتی پاش ڕوخانی ڕێژیمی ئێران بدا و هەر وەك لە بەرنامەی حیزبدا هاتووە، بۆ گەیشتن بە مافی سیاسی گەلی کورد، باشترین ڕێگای چارەسەرکردنی پرسی فرەنەتەوەیی لە وڵاتێکی گەورەی وەك ئێراندا کە لە گەلانی ئەو وڵاتە پێك هاتووە، میکانیزمەکەی زۆر بە ژیری لە بەرنامەی ڕوونی سیاسی حیزبدا ئاماژەی پێکراوە. زۆر گرینگە حکوومەتی داهاتوو لەسەر بنەمای بەفەرمی ناسینی مافی گەلانی پێکهێنەری ئێران دابمەزرێ و بۆ سەرڕاستی و یەکسانی لە دەسەڵات و حوکمڕانیدا، پێویستە هەموو لایەك پشتیوانی ئیدارەکردنی وڵات و حکوومەتە فیدراڵییەکان لە سەر شێوەی فیدراڵی و سازانی نیشتمانی چارەسەربکرێ. جەوهەری چارەسەرکردنی کۆی پرۆسەی سیاسی لە ئێراندا، نیازی بە هاوپشتی وکۆدەنگی گەلانی پێکهێنەری ئەو وڵاتە هەیە و لانیکەم گەلی کورد ڕابردوویەکی زۆر ناخۆش و تاڵی لەگەڵ نەتەوەی فەرمانڕەوایدا هەیە و ئەگەر سەبارەت بە پرسی نەتەوەیی لە ئێراندا ڕفتاری سیاسی خۆیان نەگۆڕن، بە دڵنیاییەوە وڵات بەرەو لێکترازان و دوورکەوتنەوەی دیکە دەبات.

بەسەرنجدان بە هەلومەرجی سیاسی و فرەنەتەوەیی ئێران، هەر ڕێککەوتنێك کە سەبارەت بە مەسەلەی نەتەوایەتی ئەنجام بدرێت، پێویستە بەرئەنجامی وشیاری سیاسی و نەتەوەیی خەڵکی کوردستان بێت و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە نوێنەرایەتی بزووتنەوەیەکی بە تەواوی سیاسی و شۆڕشگێڕی بەدژی حکوومەتی ئاخوندی ئێران دەکا، هەرلەوکاتەشدا وەك هێزێکی سیاسی و پێشڕەوی بیری خەباتی نەتەوایەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پێویستە لەو پەیوەندییەدا زیاتر لە سەر هەست بێ. ئەگەر سەرنج بخەینە سەر وتار و شیکردنەوە سیاسی و مێژووییەکانی ڕێبەری گەورە و مێژووی هاوچەرخی شۆڕشی نوێی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دوکتور قاسملووی مەزن، بە بەردەوامی وشەی کوردستانی لە ئێران جیا کردۆتەوە و زۆر ژیرانە لەو پەیوەندییەدا سیاسەتی حیزبی لە سەر ئاستی ئێران و کوردستاندا بردۆتە پێشەوە.

کاتێك بەیاننامەی کۆمیتەی ناوەندی سەبارەت بە هەر بابەت و ڕووداوێکی سیاسی وڵات بڵاو دەکرایەوە بە ڕاشکاوی ئەو کات و ئێستاش دەگووترێت: " گەلانی بەشەرەفی ئێران و خەڵکی کۆڵنەدەری کوردستان". کەوابوو بە ڕوونی دەردەکەوێت کە مانای ئەو لێکجیاکردنەوەیە چییە و بە چ مەبەستێکی سیاسی گەورە ئەو کارە کراوە. وشەی جوداخوازی هەر لە خۆیەوە نەخراوەتە پاڵ حدکا و دوکتور قاسملووی ڕێبەر. چوونکە سەبارەت بە ماف و ئازادییە دێموکراتیکەکانی خەڵکی کوردستان زۆر لێبڕاو و جەسوورییەوە ئەو ڕێچکە سیاسییەی لە نێو بزووتنەوەی کورددا ڕێبەری و بەڕێوە بردووە و گوێی بۆ لۆمە و تانەوتەشەری ئەملا و ئەولای نەگرتووە. بەداخەوە بە هۆی کەشوهەوای ناسالمی سیاسی و کۆمەڵایەتی نێوخۆیی و جۆری بیرکردنەوەی هێزە دژبەرەکانی ڕێژیمی ئاخوندی، وەك پێویست هەتا ئەمڕۆش باوەڕیان بە فرەنەتەوەیی وڵاتی گەورەی ئێران نەهێناوە و پێیان وایە گەلی کورد و گەلانی تری وڵات نابێ وەك نەتەوە مافەکانیان لە چوارچێوەی وڵاتدا بسەلمێنرێن. ئیدی ڕێککەوتن لەگەڵ ئەو هێزانەدا کە خاوەنی بیرکردنەوەی هاوشێوەن، جگە لە زیان گەیاندن بە ڕەوتی خەباتی لەمێژساڵەی گەلی کورد ناتوانێ سوودی ئەوتۆی هەبێت.

زۆر گرینگە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەك میحوەری کۆکردنەوەی کۆی هێزە سیاسی و تێکۆشەرەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕەشنووسی پرسی سیاسی و نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئامادە بکا و بیخاتە سەر مێزی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان بۆ ئەوەی لەو ڕێگایەوە کۆدەنگییەکی سیاسی و نەتەوەیی پێك بێت. لە ئەگەری هەر وەرچەرخانێکدا کە لە ئێران و کوردستان ڕوو بدات، گەلی کورد بەمەرجێك خۆی بیهەوێ، بە ئاسانی دەتوانێت بە دەسکەوتەکانی بگا و کۆنترۆڵی خاکی کوردستان بکا. لەو کاتەوە کە حیزبی دێموکرات وەك هێزێکی تێکۆشەر و ئازادیخواز و نەتەوەیی لە مەیدانی بەکردەوەدا بوونی خۆی سەلماندووە، خەڵکی کوردستان خۆی بە خاوەنی ئەو ڕێکخراوە زانیوە و لە هاوکاری و پشتیوانییەکانی بێبەش نەکردووە. بێگومان هەنگاو و ڕوانینە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەرئەنجامی لێکدانەوەی ژیرانەی سیاسی بووە سەبارەت بە بارودۆخی کوردستان و زۆر گرینگە کە ئەو ڕێچکەیە زیاتر شەنوکەو بکرێتەوە.

هێزە کوردییەکانی دژبەری ڕێژیمی ئاخوندی ئێران کە مێژوویەکی گەلێك تاڵ وناخۆشیان لەگەڵ ئەو حکوومەتەدا هەیە، سەبارەت بە بنەمای فیکری و تێڕامان و خوێندنەوەیان لەبابەت فرەنەتەوەیی بوونی وڵات و ماف و ئازادی گەلان. بەو ڕادەیەش کورد ئەزموونی گەلێك ناخۆشی لەگەڵ کۆی نەیارانی تاران کە نوێنەرایەتی بیری شۆڤێنیانەی فارس دەکات، هەیە و هەر ئەو ڕەوتەش دەتوانێت لە داهاتووی سیاسی ئێراندا گەورەترین زیان بە شۆڕشی سەرانسەری و پرسی نەتەوەیی بگەیەنێتەوە، ئەگەر بە وریایی لە گەڵیاندا نەڕۆینە بەرەوە. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەك هێزێکی میللی دێموکرات کە بە ئاڵاهەڵگری بیری نەتەوەیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناسراوە، سەرەڕای پابەندبوونی بە بەرنامەی سیاسی و بڕیار و ڕاسپاردەکانی کۆنگرەی خۆی، بە درێژایی مێژووی خەبات و تێکۆشانی بەوپەڕی سداقەتەوە ڕەچاوی ڕەساڵەتی مێژوویی و ستراتێژی نەتەوەیی کردووە و هەر جۆرە ڕێککەوتنێك کە ئەنجام دەدرێت لە گەڵ هەر لایەنێکدا، لەسەر ئەساسی خوێندنەوەیەکی زانستی و وشیاری سیاسی و نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی بێتە ئاراوە. وەختێك حکوومەتی ئاخوندی بەدەسەڵات گەیشت و تۆزێك جێگای خۆی قایم کرد، کەوتە لێدانی بزوتنەوەی سیاسی گەلی کورد و شەڕی بەدژی خەڵکی کوردستان ڕاگەیاند. لەبەر ئەوەی لە ماهیەتی ئەو ڕێژیمەدا نەبوو بە ڕێگای ئاشتی و سەلیمدا گرینگترین پرسی سیاسی کە چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوایەتی بوو، هەنگاوی شیاو لەو پەیوەندییەدا هەڵبگرێت.

بارودۆخی سیاسی کوردستان بەداخەوە بە هۆی ئەو داگیرکارییەی کە بەسەریدا سەپێنراوە، بەشێکی زۆری خاکەکەی لەبەردەم هەڕەشەی شێواندن و مەترسی گەورەدایە و دانیشتن و کۆبوونەوە و پێکهاتن لەگەڵ نوێنەرانی گەلانی ئێران و یەك لەوانیش فارسدا، دەبێت لە سەر بنەمای جوغرافیای سیاسی و نەتەوەییدا ئەنجام بدرێت. بەڕەسمی ناسینی سنوور و سەراوردە جوغرافییەکان، بێگومان جەوهەری چارەسەرکردنی کێشەی لە مێژینەی گەلی کورد دەبێت لە ئێراندا. سەرەتا ئەوە ڕوون بکرێتەوە کە سنوور و سەراوردە جوغرافییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چۆن دیاری دەکرێن و بنەما و تایبەتمەندییەکانی بەتەواوی دەسنیشان بکرێن و دیاری بکرێت سەروەری سنووری کوردستان لەکوێوە دەست پێدەکات و تاکوێ درێژ دەبێتەوە.

بەدڵنیاییەوە بۆ مەبەست و ئامانجێکی لەو چەشنە لە نێو خەباتی ڕزگاری سیاسی نەتەوەییدا، بیرکردنەوە لە هێڵێکی تۆکمەی گشتیی سیاسی و یەك بڕیاری لە نێوان هێزە کوردییەکاندا، کە تایبەتە بە هەلومەرجی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بێگومان زەروورەتێکی گەورە و مێژووییە و نابێت کورد ئەو جارەیان دەرفەت لەدەستبدات و هەر هەنگاوێك دەیهاوێژێت گرینگە زۆر بە ژیری و هەستیارییەوە بێ ڕەچاوی بارودۆخی سیاسی و ململانێی نێوخۆیی وڵات بکات. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە کرۆکی کۆی ئەو داخواز و ئامانجە سیاسی و نەتەوایەتییانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناسراوە کە بە درێژایی مێژوو خەباتی لە پێناودا کردووە و ژینگەی سیاسی و ڕێکخراوەی جەوهەری ئەو خەباتە سیاسی و مێژووییە کە لە مێژساڵە حدکا بەبێ پسانەوە لە پێناویدا تێدەکۆشێت و لادان لەو بنەما و ڕەساڵەتە گەورەیە.

# دیپلۆماسیی هەڕەشە، داهێنانی عەقڵییەتی ئیمپراتوریی ئێرانی

کەیوان دروودی

ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران هەر لە سەرەتاوە بە هەڵگرتنی دروشمی هیلالی شیعی و هەناردەی شۆڕش، بە جۆرێک خۆی لە تەک ئایدیای ئیمپراتوریی ئێرانی کە دەرهاویشتەی بیرێکی هێژمونخواز و دەسدرێژیکارە و دارشتن و جارِدانی بۆ سەرەتای پرۆژەی مودێرنیتەی پەهلەوی دەگەڕێتەوە، ڕێک خست.

لە ڕاستیدا ئەم دوو ئایدیایە جگە لە ئایینتەوەری و ڕەگەزتەوەری هیچ جیاوزاییەکی ئەوتۆیان پێکەوە نییە. بنەوانەی ئایدیای ئیمپراتوریی ئێرانی لە دیوی ناوەوەی جوغرافیای ئێران پشت بە نکۆڵی لە فرەڕەنگییەکان دەبەستێ و لە دەرەوەش هەستێکی خاوەندارییەتیی بێسنووری لەسەر ناوچەی دەوروپشتی هەیە. هاوکات ئەم دوو ئایدیایە لە خاڵێکیتردا یەکدەگرن. ئەوان تێڕوانینێکی گوماناوی و کەلەڕێژ لە ڕەشبینیان لە حەنای ڕۆژاوا هەیە و لایان وایە کە تەنیا ئەوانن کە دەتوانن لە ئەگەری _ بەریەککەوتنی بەرژەوەندییەکان _ پێش بە ئیمپراتوریی ئێرانی بگرن.

ئەگەر هەتا ئێستا دوو سەری ڕمبی ئەم ڕادیکاڵیزم و سەرەڕۆییە هاوچەشنە، لەژێر ململانێی برەو و دەسەڵاتی زیاتردا خۆیان بەرامبەر بە یەکتر پێناسە دەکرد، ئەوە لە ئەم بڕگەیەدا بە ڕوونی دەرکەوتووە کە ئەوان نەک بەرامبەر و دژ بە یەکتر نین بەڵکوو لە ناوەڕۆکدا لەسەر بنەمای نەگۆڕی هەڕەشە و دیپلۆماسیی هەڕەشە، دەستەملانن.

چارەسەریی سیاسیی و کۆمەڵایەتی فرەڕەنگی لە ئێران بەدەر لە بژاردەی ڕادەست کردنی بەشێک لە بڕیار و دەسەڵاتی "حکوومەتی بەهێزی ناوەندی" مومکین نییە. خۆبواردن لە هەنگاوهەڵێنان بۆ ئەو مەبەستە، بووەتە هۆی ئەوەیکە بەشێک لە نەتەوەکان خۆیان بە بەشێک لە ململانێی ناوچەیی و جیهانیی ئەم حکوومەتە نەزانن. هەر ئەمە لە بڕگە هەستیارەکانی وەکوو ئەوەی ئێستە هەیە، دەبێتە خاڵی لاوازی بۆ ئەو ڕێژیمەی لەسەر کارە بەڵام ئەگەر جێبەجێ بکرێ لە ڕاستیدا حکوومەتێکی بەرپرسیاری ناوخۆیی لێدەکەوێتەوە کە گرینگی بە پرسە ناوخۆییەکان دەدات کە ئەمەش لەبەر دەرهێنانی سەرچاوەکانی هێز لە دەستی حکوومەتی ناوەندی، لەقبوونی بنەمای سەرەکیی ئایدیای ئیمپراتوریی بەدواوە دەبێت. کەوایە ڕێژیم لە ڕوانگەی عەقڵانییەتیی خۆیەوە ئەوە بە دروست دەزانێ کە هەنگاوێکی ڕاستەقینە بۆ ئەم مەبەستە هەڵنەگرێ، ئەگەرچی وەک باس کرا ئەم خۆبواردنە دەتوانێ لە کات و ساتی تایبەتدا ببێتە هۆکاری سەرەکیی دارِمانی خۆی. لەسەر دوو بابەتی هەستی خاوەندارییەتیی ناوچەیی و هەروەها ڕەشبینی و گومان لە حەنای ئورووپا باسی دوورودرێژ هەیە کە لەم وتارەدا ناگونجێ بۆیە لە درێژەدا دەپرژینە سەر چەند خاڵ و تێبینییەکیتر.

## پارادۆکس و نواندنەکانی لایەنگرانی ئیمپراتوریی ئێرانی

زۆرینەی ئەوانەی بە ڕواڵەت لایەنی ئۆپۆزیسیۆن بوون، لە سەرەتای سەرەتاتکێکانی ڕێژیم لە سووریە و عێراق و هتد، پاساوی بەرگری لە سنووریان بۆ سپای تێرۆریستیی پاسداران دەهێنایەوە، بەڵام ئەمڕۆ کە هەڵوێستی کۆمەڵگەی جیهانی بەرامبەر بە ڕێژیم توندتر بووە، خۆیان وەکوو بەرگریکارانی ئاشتی و سەقامگیری دەنوێنن. سەرەکیترین پرسیار لەم کەس و لایەنانە ئەوەیە کە ئێوە چۆن دەستێوەردان و ئاژاوەنانەوەی دەسەڵاتی زاڵ بەسەر ئێران لە وڵاتانیتر بە پاساوهەڵگر دەزانن بەڵام کاتێ ئەم کردەوە، دژکردەوەی لێ دەکەوێتەوە بەرپرسایەتیی پاڵپشتیی هەمەلایەنەی خۆتان لە کردەوەکە، وەئەستۆ ناگرن و چۆنە کە چاوەڕوانن لە بەرامبەر هێرش و دەستێوەردانا ئاشتی و تەناهیتان پێ پێشکەش بکرێ!؟ سەیرتر ئەوەیە کە هەر ئەمانەی هاندەری کردەوەکانی سپای تێرۆریستیی پاسداران بوونە، خۆیان بە ئاشتیخواز لە قەڵەم دەدەن و لایەن و ڕەهەندە نەرێنییەکانی شەڕ و بەریەککەوتن بۆ خەڵک شی دەکەنەوە!

ئایدیای ئیمپراتوریی ئێرانی کە خۆی لە دەسەڵاتی دووهەزار و پێنسەد ساڵ لەمەوبەر دەبینێتەوە، لای وایە کە دەکرێ بەپێی سەردەمی پەرەپێدانی جوغرافیای ژێردەسەڵات و وەرگرتنی باج وماڵیات لە خەڵکی ژێردەسەڵات، سیاسەتی ئەمڕۆیی دابڕێژێ؛ هەر بۆیەش نەزۆک دردەکەوێ، ناتوانێ ئەو سیاسەتە جێبەجێ بکات و تووشی بەرەوڕووبوونەوە دەبێت؛ لە دەسەڵاتێکی سەرەڕۆ و ملهۆڕ کە چاوی تەماحی بڕیوەتە ناوچەی دەوروپشتی بۆ دەسەڵاتێکی ئاشتیخواز و لایەنگری ڕێز و سەروەری هەمەلایەنە؛ ڕەنگی دەگۆڕێت. ڕەنگدانەوەی ئەم نواندن و خۆگۆڕینە لە گەڵاڵەی بێ وەڵامی "پێشگرتن لە دەستێوەردانی هەمەلایەنە"ی زەریف بۆ وڵاتانی ناوچە و نوسخەی خەباتی "شەروند"یی هەندێک لە بەناو ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی؛ لەم ماوەیە خۆی دەرخستووە.

تێبینییەکیتر ئەوەیە کە جیا لەو کەسانەی کە تەنیا کێشەی جۆری ئایدیۆلۆژیی هێز و دەسەڵاتی ئیمپراتوریی ئێرانییان لەتەک ڕێژیم هەیە؛ ژمارەیەک دەموچاوی دیار کە پاساو بۆ وەزعی شپرزەی ناوخۆیی دێننەوە، یان لە دەزگای دەسەڵاتی ڕێژیمەوە ناسێندراون و لەبەر سڕینەوە و وەلانانیان لە ناو ململانێی ناوخۆیی بوونەتە ڕەخنەگر و بەرگی نوێنەرایەتیی داخوازیی خەڵکیان لەبەر کردووە یان ڕاستەوخۆ لەلایەن ڕێژیمەوە ڕاسپێردراون کە ژمارەیەکیان لە ساڵانی ڕابردوودا ڕووی ڕاستەقینەیان دەرکەوتووە.

## هەڕەشەی پیتاندنی ئورانیۆم و پەلاماری بەرژەوەندیی وڵاتان لە ناوچە

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا ژمارەیەک لە بەرپرسان و ڕایەدارانی ڕێژیم هەر یەک لە تریبوونێکەوە ڕایانگەیاند کە بڕیاری بردنەسەرەوەی پیتاندنی ئورانیۆم دەرکراوە و ئەم بڕیارەش کەوتووەتە بواری جێبەجێکردنەوە. هەروەها ئەم بەرپرسانە ئەوەشیان نەشاردەوە کە ئەم ڕەوتە هەنگاو بە هەنگاو بەرەو هەڵکشان دەڕواتە پێش و هەر ماوەیەک جارێ ئەوەندەی کە بە پێویستی بزانن ڕێژەی پیتاندنی ئورانیۆم دەبەنە سەرەوە.

وەک دیارە ڕێژیمی ئیسلامی لەسەر بنەمای ئەو بێمتمانەیی و ڕەشبینییە کە باسی لێوەکرا؛ گەرەکی نییە مل بۆ داخوازیی ڕۆژئاوا و وڵاتانی ناوچە ڕابکێشی. ناوەندی دەنگوڕەنگی ڕێژیم ساڵانێکی دوورودرێژە کە بە پڕۆپاگاندا "تیۆریی پیلانگێڕ"یی وڵاتانیتر بۆ کۆمەڵ بڵاو دەکاتەوە. ئەمەش دیسان ئەوە دەگەیەنێ کە عەقڵانییەتی ئیمپراتوری لای خۆیەوە بەوردی دەزانێ کە فراوانخوازییەکانی لە جێگایەکدا لە زەلکاوی دەسکردیدا دەچەقێ و بەرەوڕووی هەڵوێستی ناوچە و جیهان دەبێتەوە، بەڵام بۆ شاردنەوەی ئەم ڕاستییە پەنا بۆ تیۆریی پیلانگێڕی دەبات. نموونەی ئەم دوکتورینە لە زۆرینەی دەسەڵاتە سەرەڕۆکاندا ئەزموون کراوە کە یەکیەتیی سۆڤییەتی ئەوسا یەکێک لەو نموونایەیە. کەوایە ئەوە کردەوە نارەواکانی ڕێژیمن کە بوونەتە هۆی کاردانەوەی یەکانگیری ئەوانیتر، نەک ئەوەی کە بەڕاستی "پیلانێک دژی ئێران و ئێرانی" لە ئارادا بێ.

ڕێژیمی ئێران بەگرتنەبەری ڕەوتی هەڵکشاندنی پیتاندنی ئورانیۆم بەجۆرێ داوای باج لە لایەنەکانی ناو بەرجام و بەتایبەت ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا دەکات. ئەمەش لە درێژەی هەمان سیاسەتی پەلاماری کەشتیی بازرگانییەکان، بەندەرەکان و پاڵاوگە نەوتییەکانە کە بە وتارەکانی زەریف و کەسانیتر دەیکات بە "دیپلۆماسیی هەڕەشە"ی داهێنانی عەقڵانییەتی ئیمپراتوریی ئێرانی.

لە تەنیشت ئەم هەڕەشە نوێیانەدا، هەڕەشەی کۆن و سواوی سڕینەوەی وڵاتی ئیسراییل، داگیرکردنی ناوچە شیعەنشینەکانی وڵاتانی دراوسێ، لەباربردنی بەرژەوەندییەکانی ئامریکا و لێژدانەوەی پەنابەر و مادەی سڕکەر بۆ ڕۆژئاوا و هەروەها تێرۆر و تەقینەوە و دیان بابەتیتر ئەوە دەردەخەن کە ڕێژیم بەڕاستی باوەڕی بەوە هێناوە کە لەدوای چوار دەیە ڕاگرتنی خۆی بە گرتنەبەری ئەم سیاسەتە دەتوانێ داهاتووش بەم ڕێوشوێنە مسۆگەر بکات.

لە ئێستەدا تەنیا دڵەڕاوکێی لایەنگرانی ئیمپراتوریی ئێرانی ئەوەیە کە ڕیسکی هەڕەشەی ڕووبە دەرەوە زۆر لە سەرەوەیە. بەو واتایە کە پوتانسییەلەکانی ڕێژیم بۆ کۆکردنەوەی قەیرانە مەترسیدارەکانی سەر خۆی و ئافراندنی قەیرانە ئاراستەکراوەکانی دڵخوازی، وەڵامدەر نییە. هەربۆیەش بەگشتی ڕوویان لە خەڵک کردووە و بە فۆبیای "تجزیە و توطئە" لە هەوڵی سرکردنی هێزی شەقام و کپ کردنی دەنگە ناڕازی و گۆڕانخوازەکانن. ئەوان بۆ ئەم مەبەستە لە نواندن و درۆ کەڵک وەردەگرن و بە پشتکردن لە دنەدان و وروژاندنەکانی پێشوویان بۆ بەرینکردنەوەی دەسەڵاتی جوغرافیایی سپای تێرۆریستیی پاسداران، وێژمانی ئاشتی و سەقامگیری و ئیسلاحاتیان گرتووەتە پێش. ئەمە بەڵای ئەوانەی عەقڵانییەتی ئیمپراتوریی ئێرانی دەناسن جگە لە دووڕوویی و ڕیاکاری هیچ بابەتێکیتری لێ هەڵناهێنجرێ، بەو حاڵەشەوە پێویستە کە ئۆپۆزیسیۆنی ڕاستەقینە و گۆڕانخواز ئەوپەڕی هەوڵی خۆی بۆ کۆکردنەوەی چینە چەوساوەکان، نەتەوە بندەستەکان، ژنان و سەرجەم توێژە ژێرپێنراوەکان بدات و بە دەنگێکی ڕوون و ڕاشکاو ئەوپەڕی گوشار بۆسەر ڕێژیمی ئیسلامی دروست بکات. لە ڕاستیدا ساڵانێکی دوورودرێژە کە دەستێوەردانی دەرەکی لە ئێران، نەک نارەوا نییە بەڵکوو دەچێتە خانەی "دەستێوەردانی مرۆڤدۆستانە"وە و پێویستە کار بۆ تێکشکاندنی دەزگای هەڕەشەی ئیمپراتوریی ئێرانی بکرێ و ناوەڕۆکی دژەمرۆیی و دەسدرێژیکارانەی بۆ کۆمەڵگەی جیهانی ڕوون بکرێتەوە. دەبێ ئەوەمان لە بیر بێ کە وەکوو کورد نابێ خۆمان بەو گوتارانە ببەستینەوە کە لەژێر ڕۆشنایی ئەو ئایدیایەدا داڕێژراون و بۆ یەکگرتوویی نەتەوەکانی ناو جوغرافیای ئێران و گەڕاندنەوەی سنووری ناسنامەیی بۆ هەرکامەیان کار بکەین.



# پاسدار سەلامی تێرۆریست لە سنە چی دەوێ؟!

حەسەن ساڵحزادە

ڕۆژی ۳۰ جۆزەردان، "حسەین سەلامی" فەرماندەی گشتی سپای تێرۆریستی پاسداران، سەردانی شاری سنەی کرد و لە کۆبوونەوەیەکی نمایشی و ئامانجدار باسی بابەتگەلێکی کرد کە دەبێ جێگەی سەرنج و رامانی خەڵکی کوردستان بن.

ڕۆژی ۳۰ جۆزەردان هاوکات بوو لەگەڵ کەوتنەخوارەوەیا فڕۆکەیەکی بێ فڕۆکەوانی ئەمریکا، هەر بۆیە گرژییەکانی نێوان ئێران و ویلایەتە یەکگرتووەکان بە ڕادەیەک لە سەرەوە بوو کە کۆمەڵگەی جیهانی لە ئاستی ناوچەو دەرەوەدا بە هەستیاری لە دۆخەکەیان دەڕوانی و شیمانەی تۆڵەی ئەمریکایان لە هەمبەر ئەو دەستدرێژییە دەکرد. هەستیاریی ئەم ڕووداوە بە ڕادەیەک لە سەرێ بوو کە نیزام وێڕای ڕاگەیاندنی حاڵەتی ئامادەباش، جێگەو شوێنی بەشێک لە بەرپرسانی پلەبەرزی نیزامی و سیاسی گۆڕی بوو. هەروەها زۆربەی زلهێزەکان هاوڕای سیاسەتی ئامریکا بوون کە هێرش بۆ سەر ئەو فڕۆکەیە و کەشتییەکانی کەنداو لە لایەن سپای پاسدارانەوە ئەنجام دراوە.

لە وەها دۆخێکی لێڵ و قەیراناویدا کە دەبینین فەرماندەی گشتیی هێزەکانی سپای پاسداران، پۆستەکەی خۆی جێ دەهێڵێت و بە بیانووی بەشداری لە کۆبوونەوەیەکی بچووک و لاوەکی بە ناوی "کنگرە شهدای استان کردستان" خۆ دەگەیەنێتە شاری سنە، بەڕاستی جێگەی پرسیارو لێوردبوونەوەیە. ئەگەرچی کاکڵی کۆبوونەوەکە و حوزوری بەشداران جیا لەوەیکە هیچ نیشانەیەکی ئەوتۆی پێوە نەدەبینرا کە نوێنەرایەتی خەڵکی کوردستان دەکا، بەڵام زیاتر وەک شانۆیەکی ساختە دەهاتە بەرچاو. بەو حاڵەش بەڕێوەبەرانی ڕێوڕەسمەکەو شەخسی فەرماندەی سپای تێرۆریستی ڕێژیم لە هەوڵدان بۆ بەلاڕێدابردنی کۆمەڵگەی ڕاستەقینەی کوردستان و ویست و داخوازییەکانی خەڵک لە هیچ دەسیسەو چەواشەکارییەک درێغییان نەکرد.

دیارە سەرانی ڕێژیمی دیکتاتۆری ئاخوندەکان، هەروەک چۆن لە میانەی شەڕی قورس و ماڵوێرانکەری ئێران و عێراق بۆ ساتێکیش چاویان بەرایی نەدا کە دەست لە جینایەت و دەستدرێژی بۆ سەر خەڵکی کورد هەڵبگرن و لە هەل و دەرەتانێکی ئاشتیخوازانە بگەڕێن، ئێستاش دەبینین کە هیچ ئاڵوگۆڕێک بە سەر بیرو ئەندێشەی کەنەفتیاندا نەهاتووە. ئەوان کە لە ساتە قەیراناوی و هەستیارەکان زیاتر لە جاران کوردستانیان وەبیر دێتەوە، جێگەی تێرامان و وشیاربوونەوەیە. ئێستا دەسەڵاتی ئاخوندی زیاتر لە هەمووکات چاوی بڕیوەتە کوردستان و نرخ و بایەخی لە ڕادەبەدەر بە کورد و نیشتمانەکەی دەدا. ئەویش نەک نرخ و بەهادان بۆ ئاوەدان کردنەوەو خزمەتگوزاری یا گەشەی کولتووری بەڵکوو بە پێچەوانە، لە ڕاستای چەواشەکاری فەرهەنگی، مێژوویی، سیاسی و کۆمەڵایەتی، بە مەبەستی ئەوەی کە بەردەوام بتوانێ ئەو خاک و ئاوە بە کۆلۆنیزەکراوی بێڵێتەوە و لە ڕاپەڕینی ئەم گەلە نەترس و چاوکراوە بەرگری بکات.

لە ڕوانگەی ڕێژیمەوە، کوردستان قەڵایەکە لە خۆڕاگری و بەرخۆدان، هەر بۆیە بە بەردەوامی چاودێری دەکەن و هاوکات لە گەڵ نوێبوونەوەی هەر توێژێک لە نەسڵی لاوانی کورد و لەگەڵ ڕابوونەوەو هەر چەشنە سەرهەڵدان و بزووتنەوەیەکی ڕزگاریخوازانە، دژکردەوە لە خۆیان نیشان دەدەن. داگیرکەران بۆ گەیشتن بە ئامانجە گڵاوەکانیان، تاکتیک نوێ دەکەنەوە و بە دەسیسەو پیلانی ڕۆژ خۆیان تەیار دەکەن.

دەسەڵاتی مەزهەبی تاران ئەو ڕاستییە باش دەزانێ کە گەلی کورد لە هیچ بارێکەوە باوەڕی بە ناوەڕۆکی ئەم دەسەڵاتە داگیرکەرە نییە و لە ئەگەری سووک کردنی باری قورسی سەرکوت، یا لە ئەگەری ڕوودانی بچووکترین هەڵدا، بارودۆخەکە بە قازانجی خۆی هەڵدەگێڕێتەوە.

ئاوڕدانەوەیەکی خێرا لە ڕابردوو، ئەو ڕاستییەمان بۆ دەسەلمێنێ کە ڕێژیم هەرە مۆرە گرینگەکانی خۆی چ وەک فەرماندەی جۆراوجۆری نیزامی و بەسیج، یان وەک پارێزگار، فەرماندار، سەرۆکی دادگا، بەڕێوەبەرانی سەرەکی و گشتیی پارێزگا، نوێنەری ویلایەتی فەقیه و هتد بۆ ئیدارەی کوردستان بە کار دەهێنێ. جیا لەوەی کە کەسانێکی وەک احمدی نژاد، محمدرضا رحیمی، روحانی، چەمران، ... هەر کامیان لە کوردستان سەرکردایەتی پرۆژەی دژە ئینسانی داگیرکاریی و کاولکاریی سەروماڵی خەڵکی کوردیان بە ئاشکرا لە ئەستۆ بووە، لە لایەکی دیکەوە دەبێ لەوە دڵنیا بین کە سەدان و هەزاران مۆرەی نهێنی لە ڕێگەی جۆراوجۆرەوە سەرقاڵی بەلاڕێدابردنی بیروڕای گشتی و شاردنەوەی ڕاستییەکان لە کوردستان بوون و هەن تا بەشکم لە درێژەی پرۆسەی داگیرکاری سەروماڵی خەڵکدا بە سەرکەوتوویی بمێننەوە.

لە ماوەی ٤٠ ساڵ تەمەنی نگریسی ئەم ڕێژیمەدا هەر یەک لە پاسداران موحسین ڕەزایی، رحیم سەفەوی، محەممەد عەلی جەعفەری و حسەین سەلامی، ٤ بەرپرسی گشتی سپای پاسدارانن کە لە کوردستان ئەرکیان پێ دراوە. ئێستە ئەو پرسیارە دێتە گۆڕێ کە ئایا دەکرێ جێگیر کردنی ئەم گەورە مۆرانەی ڕێژیم لە کوردستان، بە ڕێکەوت بزانین و بۆ ساتێک لە خۆمان نەپرسین بۆچی؟ ئەم کەسانە کە بە نۆبەی خۆیان بەرپرسایەتی ئەم سپا زەبەلاحە تێرۆریستییەیان لە ئەستۆ بووە و هەیە، هەر هەموویان وەک فەرماندەی نیزامی لە لایەن ڕێبەرایەتی نیزامەوە نێردراونەتە کوردستان و لە مەیدانەکانی شەڕدا هەم ڕووبەڕووی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوونەتەوە و هەم لە جینایەتە هەمەڕەنگەکانی دەرهەق بە خەڵکی بێ تاوانی کوردستان دەستی باڵایان هەبووە.

کوردستان مەیدانی ئەزموون و تاقیکاری مۆرەکانی ڕێژیمی داگیرکەری سەرکوت و سێدارەیە و ڕێبەری ویلایەتی فەقیه وەک باشترین پێوەر لە هەمبەر هەڵبژاردنی مۆرەکانی خۆی بۆ جێگۆڕکێی دەسەڵات ڕەچاوی دەکا.

ئامانجی سەرەکی دەسەڵاتی ئاخوندی لە هەمبەر ڕەوانە کردنی ڕاسپاردەکانیان بۆ کوردستان، لە لایەک دەستەمۆ کردنی کۆمەڵگەی کوردستان لە ڕێگەی شەڕی نەرمە و لە لایەکی ترەوە سوور کردنەوەی شمشێری ڕق و نفرەتی ڕاستەوخۆ لە هەمبەر ئەو خەڵکە مافخوازو خەباتکارەیە کە سەریان هەڵداوەو خاوەن هێزو بڕیاری تایبەت بە خۆیانن.

لە ڕوانگەی بەرپرسانی نیزامەوە، ئەو کەسە لە هەموان "باتقوا"ترە کە لە کوردستان جینایەتی زۆرتری کردبێ. نموونەی هەرە ئاشکرا، هەڵبژاردنی تێکڕای بەرپرسانی سپای پاسدارن لە ماوەی ٤٠ ساڵی ڕابردوو دایە.

ئەگەرچی ڕۆژی ۳۰ جۆزەردان هاوکات بوو لە گەڵ لێدانی فڕۆکەی بێ فڕۆکەوانی ئەمریکایی و دەیتوانی ببێتە دەرفەتێک بۆ خۆڕانانی لە ڕادەبەدەر، بەڵام بەو حاڵەش کاکڵی قسەکانی فەرماندەری گشتیی سپای پاسداران هەر لە چوارچێوەی هێرش بۆ سەر خەباتی ڕەوای خەڵکی کورد دەخولایەوە. ناوبراو بە پێی عادەتی هەمیشەیی هاوبیرە شۆڤینیست و دەمارگرژەکانی، بە سازاندنی درۆ و بوختان، کۆمەڵێک ئاماری ساختەی سەبارەت بە کۆمەڵگەی کوردستان دایە دەر هەتا بەشکم بتوانێ ڕووی ڕاستییەکان بشارێتەوە. لە درێژەدا، بە ڕووهەڵماڵدراوی وتی کە دەسەڵاتی بەرەحم و دلۆڤانی کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتاوە پاسدارەکانی ئیسلامی بۆ پارێزگاری لە خەڵکی کورد ناردووەو جەختی لەوە کردەوە کە ئیجازە نادەین دوژمنان زیانتان پێ بگەیەنن و هەر وا لەگەڵتان دەمێنینەوە.

ئەم وتەگەلە ئەگەرچی لەباری ئەخلاقی و ئینسانییەوە، سنوورەکانی بێ شەرمیان بەزاندووە، بەڵام لە هەمان کاتدا ترس و نیگەرانییەکانیان ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەخەن کە لە ڕوانگەی ئەوانەوە کوردستان وڵاتێکی موستەعمەرەو داگیرکراوە و ڕۆژێک دادێ کە لە دەست ستەم و داگیرکاری ڕزگاری دەبێت.

# هەڵوێست و قسەکانی خامنەیی، بۆنی فریو و خوێنی لێوەدێت

نەوید کەرەمی

"نە شەڕ ڕوو دەدات و نە وتوویژ دەکەین"
"موقاومەت دەکەین"
"ئێمە لەگەڵ ئامریکا هیچ دانیشتنێک ناکەین"
"ئێمە بەو ئاکامە گەیشتووین کە سیستمی پارلەمانی وڵام ناداتەوە، سەرۆکایەتی باشترە بۆ ئێمە"
"دەبێت ئیزن بدەین کە گەنجەکان بێنە سەرەوە و لە پۆستە گرینگەکانی وڵاتدا ڕۆڵ بگێڕن"

ئەگەر تا دوێنێ هەموو شتێک لە پێناو بەدیهێنانی ئارمانەکانی خومەینی و سیاسەتی هەناردەکردنی شۆڕش بۆ دەرەوەی سنوورەکانی ئێران بوو، پێدەچێت کە لەمەوبەدوا هەمووشتێک لە پێناو ڕێژیم و مانەوەی ویلایەتی خامنەیی گەڵاڵە و هەزینە بکرێت.

لە پێناو جێبەجێکردنی بیرۆکە و ویستەکانی خومەینی، هەموو خەڵکانی ڕاپەڕیوی ئێران فریو دران و ئاکامی ڕاپەڕینەکەیان بە کەڵکوەرگرتن لە فرتوفێڵ و چەواشەکاری، دروست کردنی ترس و تەنانەت پاکتاوکردن، کوشتن و لەنێوبردنی هەر فیکر و ڕەوتێکی سیاسی جیا لە خەتی ئیمام، لە لایەن چەکدار و لایەنگرە توندڕەوەکانی خەتی ئیمامەوە دەستی بەسەردا گیرا و شۆڕشی گەلانی ئێران کە بۆ پێکهێنانی ئێرانێکی دێموکراتیک و داهاتوویەکی باشتر دەستی پێکردبوو، بەلارێدا برا.

پاش قەبزەکرانی دەسەڵات لە لایەن خومەینییەوە، بە یەکجارە هەموو ئەو بەڵێنانەی ناوبراو کە پێشتر لە پاریس و هەروەها لە ڕۆژەکانی یەکەمی گەڕانەوەی بە خەڵکی ئێرانی دابوون "…. همە آزادند، ……. زنها آزادند، ….. ملتها آزادند، …… پول نفت را برسر سفرەی شما میاوریم، ……. خانە و اتوبوس را مجانی میکنیم و …." هەموو لەبیرکران و وتارەکانی ئیمام سیما و ڕوخسارێکی دیکەیان بەخۆوە گرت و ڕووی ڕاستەقینەی ناوبراویان بۆ هەمووان دەرخست.

چیدیکە لەو قسەخۆشانە هیچ خەبەرێک نەبوو و لە باتی جێبەجێکردنی ئەو هەموو بەڵێنانە، هەڕەشەو هێرش کردنەکانی ئیمام بوون کە دەیگووت: " …. همە رابکشید ….. این کافرها را مجازات اسلامی کنید ….. مسامحە نکنید …. بروید با همە توان زمینی و دریایی بە کردستان حملە کنید …. بە هیچکدامشان رحم نکنید …. ما انقلابمان را برای تمام جهان صادر میکنیم …. باید همە از نعمتها و رحمتهای اسلام برخوردار باشند "!!!

بەو شێوەیە بۆ سەرکوت و داگیرکردنی کوردستان فتوای جیهاد دەرکرا و بە زەبری هێز کوردستان کەوتە ژێر پۆستاڵی سپای تیرۆریستی پاسداران و کوردی ڕۆژهەڵات سەروەری و کیانی سیاسی خۆی لەدەست دا و کورد وەکوو یەکەم میللەت لە مانای ڕاستەقینەی ئیسلامی خومەینی تێگەیشت.

هەر لەو ساڵانەوە هەتاکوو ئێستا چ لە سەردەمی ویلایەتی خودی خومەینی و چ پاش ئەو و لە سەردەمی ویلایەتی خامنەییدا، هەموو سەرمایە و هێز و تێکنۆلۆژی ئێران لە پێناو ئەو قسانەی خومەینیدا، واتە: "بە هیچکەس ڕحم نکنید …. آنها کافرند، همەشان را بکشید …. باید اسلام و انقلابمان را بە تمام جهان صادر کنیم و …. "، بۆ سەرکوتی هەرجۆرە مافخوازییەکی ناوخۆیی یان لە پێناو تیرۆرە نێودەوڵەتییەکان و کاری تیرۆریستی و هەروەها ڕێکخستنی گرووپ و تاقمی تیرۆریستی لە وڵاتانی دیکە، سەرف کراوە و هەموو سەرمایەی ئێران بۆ ئەو ئامانجانە تەرخان و خەرج کراوە؛ بەڵام درێژەدان بەو سیاسەتە خەریکە بە قیمەتێکی زۆر گران بۆ خامنەیی تەواو دەبێت و ئەگەری ئەوەش لەئارادایە کە ئەگەر خامنەیی پێداچوونەوەیەک بەسەر بڕیاری (پەلهاویشتن بۆ دەرەوە و داگیرکردنی وڵاتان و هەناردەکردنی ئیسلام و ئینقلاب بۆ هەموو جیهان) نەکات، هیچ دوور نییە کە بەرەوڕووی هێرشی هاوپەیمانانی جیهانی و ناوچەیی ئامریکا ببێتەوە.

لەوانەیە ئەو ڕاستییە کە زیاتر هانی خامنەیی دەدات هەتاکوو لەم کاتەدا پێداچوونەوە بەسەر ئەو سیاسەتانە بکات و تەنانەت لەوانەشە لە بەیەکجاری یان کورتماوە وازی لێ بهێنێت، پرسی جێگرەوەی خۆی و هەڵبژاردن و دەستنیشانکردنی وەلی فەقی داهاتووی ڕێژیمە، پێش لەوەی کە خۆی بۆهەمیشە ماڵئاوایی لە ژیان بکات.

ئەگەرچی لەم ڕۆژانەدا هەندێک لە چاوەدێرانی سیاسی چەندین بابەتیان بە نیسبەت دەستنیشانکردنی جێگرەوەی خامنەیی و تاکتیکەکانی خامنەیی بۆ ئەو کارە نووسیون، بەڵام قسەکانی خامنەیی لە ماوەی چەندین مانگی ڕابردوودا خەریکە ئاراستە و پیلانەکانی ناوبراو زیاتر و زیاتر ئاشکرا دەکەن.

ئەوەیکە زیاتر تێبینی دەکرێت ئەوەیە کە لە ئاست دەرەوەڕا هەروەک میراتێک کە لە خومەینییەوە بۆ خامنەیی و هەموو کاربەدەستانی ئەو ڕێژیمە ماوەتەوە، بە سووڕانەوەیەکی ١٨٠ دەرەجەیی بە نیسبەت هەموو ئەو هەڵوێستانەی کە هەتاکوو ئێستا بە نیسبەت دانەنیشتن و وتوویژ لەگەڵ ئامریکا کردوویانە، دەچنە سەر مێزی وتوویژ و بە زۆربەی هەرە زۆر و بگرە هەموو مەرجەکانی ئامریکا ڕازی دەبن.

بەڵام خامنەیی لە پێناو چیدا ئەو کارە دەکات؟

هیچکات دارمانی ئابووری، هەڵاوسانی بازار، هەژاری خەڵک و قەیرانە یەک لەدوای یەکەکانی خەڵکانی ئێران هۆکاری ئەو سیاسەتەی خامنەیی نین، بەڵکوو ناوبراو تەنیا لەپێناو نەهێشتن و لابردنی ئەگەری هێرشی دەرەکی و یارمەتینەدانی وڵاتان بە گەلانی ئێران لە ئەگەری شۆڕش و ڕاپەڕین، ئەو جامە ژەهرە دەخواتەوە.

بە پێی ئەو مۆرەچنینانەی خامنەیی و دانانی کەسانی وەک ئیبراهیم ڕەئیسی بۆ بەرپرسی داد، سادق لاریجانی بۆ بەرپرسی گرووپی دیاریکردنی بەرژەوندییەکانی نیزام، هێشتنەوەی ئەحمەد جەنەتی لە پۆستی بەرپرسی شورای نیگابان و هەروەها دانانی ناوبراو وەکوو بەرپرسی مەجلسی خۆبرەگان، کەمکردنەوەی سەڵاحیەتەکانی وەزارەتی ئیتلاعات کە لەژێر بڕیاری دەوڵەتدایە و لە بەرانبەردا بەرفراوانترکردنەوەی سەڵاحیەت و هێزی ئیجرایی سازمانی ئیتلاعاتی سپای پاسداران و هێشتنەوەی حوسێن تائیب وەکوو بەرپرسی ئەو نیهادە تیرۆریستییە، خامنەیی زۆر لە مێژە وەلی فەقیهی داهاتووی ئێرانی دەستنیشان کردووە و پلانی چۆنیەتی هێنانە سەرکار و ڕادەستکردنی دەسەڵاتەکەی بۆ وەلی فەقیهی داهاتوو، داڕشتووە.

ناوبراو بە دوو هۆ یەکێک لە کوڕەکانی خۆی وەکوو وەلی فەقیهی داهاتوو دەستنیشان دەکات؛

یەکەم: ئەگەر جگە لەوە بێت بەپێی ئەو هەموو جینایەتانەی کە ناوبراو بۆ لەنێوبردنی نەیارانی خۆی لە ناوخۆی ئێران و هەروەها لە وڵاتانی دەرەوەشڕا ئەنجامی داون، پاش خۆی هیچ جێگایەکی ئەم جیهانە بۆ بنەماڵەکەی ئەمن نابێت و هەموو بنەماڵەکەی لە ئاگری تۆڵەدا دەسووتێن.

دووهەم: بە هۆی ململانێی کەسایەتی و باڵەکانی ناو دەسەڵات بۆ دانیشتن لەسەر کورسی ڕێبەری، ڕێژیم توشی شەڕی ناوخۆیی دەبێتەوە و لەو حاڵەتەش بەئەگەری زۆرەوە بەرەوڕووی ڕاپەڕینی گشتی خەڵک یان کوودەتای سپای پاسداران ببێتەوە.

ئەو دوو ئەگەرە وا لە خامنەیی دەکات کە لە پێناو هێنانەسەرکاری یەکێک لە کوڕەکانی خۆی و ئامادەکردنی بۆ نیشتنەسەر کورسی ڕێبەری ڕێژیم لە ناوخۆدا دەست بداتە هەندێک ئاڵوگۆڕ لە یاسای بنەڕەتی وڵات، چنینی ئەو مۆرانەی کە باسیان لێوە کرا، یارمەتیدەری خامنەیی دەبێت بۆ ئەو ئامانجەی، لە دەرەوەشڕا بە چوونەسەر مێزی وتوویژ و قەبووڵ کردنی مەرجەکانی ئامریکا بە وازهێنان لە ئارمانی ئیمام "ناردنی ئیسلامی ویلایەت بۆ هەمووجیهان" واز لە پاڵپشتی کردنی تیرۆریستان بهێنێت و وزە و هێزی خۆی بۆ سەرکوتکردنێکی بێبەزەییانەی خەڵک و بەرەنگاربوونەوەی ناڕەزاییەکان لە ناوخۆدا ئامادە و تەیار بکات.

بەڵام پێشبینی ئەوە دەکرێت کە بەشی دەرەوە و چۆنیەتی مامەڵە لەگەڵ ئامریکا و چۆنییەتی پێکهاتنی بەرجامی ٢، بە حکوومەتی نوێ، بە سەرۆکایەتی کوڕەکەی بسپێرێت، بۆ ئەوەی لە لایەکەوە سیمایەکی تازە و گەنج و ئاشتیخواز بە جیهانیان و دونیای دەرەوە نیشان بدات و بتوانێت بۆ چەندین ساڵی دیکە جیهان فریو بدات، هەتاکوو سەرۆکی نوێ دەرفەتی ئەوەی هەبێت کە پایەکانی دەسەڵاتەکەی قورس و قایم بکات و هەموو هەڕەشە و مەترسییە ناوخۆییەکان سەرکوت و لەنێو ببات، بەڵام ئەو کارەی خامنەیی دەبێتە هۆی ئەوەیکە ڕێژیم بەتەواوەتی لەبەرچاو خەڵک بکەوێت و نێوانی خەڵک و ڕێژیم ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ئاڵۆزتر دەبێت و سەرەڕای بەردەوام بوونی ڕێژیم لە سەرکوت، بەرەی خەڵک هەرڕۆژ بەهێزتر و بەهێزتر دەبێت و هەتاکوو ڕووخاندنی یەکجارەکی ئەو ڕێژیمە دیکتاتۆر و گەندەڵە درێژە بە خەباتی خۆی دەدات.

# فۆبیای ناسیۆنالیزم

ڕێباز ٢

هەر ڕێژیمێکی ئیدۆلۆژیک لە هەر شوێنی جیهان بێت گەورەترین دوژمنی پلۆرالیزم دێتە ئەژمار و بێ گومان دێموکراسیش وەک بەرژەوندیخواز و بەرگریکاری پلۆرالیزم مەترسیدارە و نابێت سەر هەڵکات.

پاش دارمانی پاشایەتی ئێران کە تێزی سەرەکی وی جۆرێک پان ئێرانیزم بوو و هەموو هەوڵی ئەوە بوو لە دەوری بازنەی ئیدۆلۆژی پان ئێرانیزم و نەتەوەی ئێرانی گەورە و گەڕانەوە بۆ دەسەڵاتداری هەخامەنێشییەکان خۆ بەزلزانینی و باڵادەست بوونی نەتەوەی فارس هەڵدەسووڕا ئیدۆلۆژییەکی نوێ هاتە سەرکار، واتە بە هەرەسی ئەم جۆرە لە فاشیزمە ئیدۆلۆژییەکی نوێ جێگای گرت بەناوی مەزهەب .

هەر زۆر زوو بەرهەمی شۆڕشی دژی فاشیزمی" فارس برتری" بە فیرۆ ڕۆیشت و "مذهب برتری" جێگای گرتەوە بەڵام ئەم ئیدیۆلۆژییە تازە چی بوو؟ ڕاستی ئەوەیە هەر تازە نەبوو بەڵکوو جیا لەوەی خودی خۆی ئیرتجاع و پاشگەزبوون بوو، هیچ ئەم بیرۆکەی گەڕانەوە بۆ ئیسلام و مەزهەب زۆر زووتر لە لکی تری ئیسلام واتە سوننە مەزهەبەکان سەری هەڵدابوو و ئەمەی لە ئێران دەگوترا ویڕژنی شیعی ، سەلەفیەت سوننە بوو لە ژێر ناوی کۆماری ئیسلامی هاتە گۆڕ و مەیدانی گرت. بازنەی سەرەکی ئەم ئیدۆلۆژییە دەسەڵاتی ئیسلامی شیعە لە سەر ئێران بوو و هەمووان دەبا لە دەوری ئەمە سووڕابان و هیچ بیروڕای جیاواز تەحمووڵ نەدەکرا. وشەی "امت واحدە اسلامی" ڕێگری هەر جۆرە بیروڕای جیاوازی دەگرت و بەدژی ئەم بۆچوونە بوون بە واتای بەدژی خوا بوون بوو و ئێستاش بەردەوامە. دەستەیەک سەردارەکانی سوپای پاسداران پلاتفۆرمی دەسەڵاتی ئێرانیان داڕشت وەک کەسێک بە ناوی ڕەهبەر "خلیفە" لە سەر هەموو یاسا و دەسەڵاتێکدا بێت و ئەوان لە پشت پەردە بن. ڕەهبەر هەموو خواست و ویستی وان بە پاساوی شەرعی بڵێت و پاسدارەکان وەک مجاهدین فی سبیل اللە یاخود سربازان گمنام امام زمان و…بناسێنێت و پیرۆزیان بکات و ئەوانیش ئەم وتەبێژەی خۆیان بپارێزن تا هەر دووکیان کەڵک لێک وەرگرن بۆ دەسەڵات. بەڵام ئێران پێکهاتەیەکی یەکدەستی نییە یانی نە هەمووی فارسە و نە هەمووشی شیعە، یانی نەتەوەکانی عەرب، بەلووچ، کورد، تورک، تورکمەن،فارس وەک نەتەوە و دین و مەزهەبەکانی شیعە، سوننە، مەسیحی و یەهوودی و بەهایی و … هەموو لە ئێران دەژین .

ئەمە وای کردووە هەرگیز تێزی امت واحدە اسلامی کە واتای هەموو جیهانی ئیسلام بێڕەچاوگرتنی ڕەچەڵەک و نەتەوە بچنە ژێر چاوەدێری ڕەهبەر، دیارە و پێویست بە گووتنە کە لە دەرەوەی ئەو سنوورەی ناوی ئێرانە ئەم تێزە بەپێی فرەمەزهەبی نەبوو کە سەری نەگرت بەڵکوو بەپێی لکی سوننەی ئیسلام سەری نەگرت و دواتر هەر لەژێر ناوی امت واحدە اسلامی هەوڵی دامەزراندنی هیلالی شیعی هاتە ئاراوە و دوژمنایەتی قورسی وڵاتانی عەربی لێکەوتەوە هەرچەند لە دەرەوە ئێران هەرگیز ئەم هیلالە ڕووی حەقیقی بە خۆوە نەگرت بەڵام ناسەرکەوتووش نەبووە، پەرەی دەسەڵاتی ئێران زۆر زۆر بەرفراوان بووە . بەڵام لە ناوخۆی ئێران و نیزام دەبا گەورەترین دوژمنی سوننە مەزهەبەکان و سەلەفیەت و مەزهەبی توندڕەوی ئیسلامی سوننە بێت کە بە هیچ جۆرێک یەکتر تەحمووڵ ناکەن کەچی ڕێژیمی ئێران تەنیا لەو ناوچانە بەگژ مەزهەبە توندڕەوەکاندا هاتەوە کە هیچ بیر و هزری دیکەی لێ نەبوو کەچی لە کوردستان نەتەنیا بەگژ پەرەسەندنی مەزهەبە توندڕەوەکان نەهات بەڵکوو هەموو خۆشلکردن و ڕێگەخۆشکەرێکی نهێنیشی بۆ پەرەگرتنیان دابەر؛ بۆ وێنە لە بەلووچستان زۆرتر باسیان لە سەر پێشگرتن بە پەرەی ئیسلامی توندڕەوی سوننەیە، لە کوردستان بە پێچەوانەیە زۆری کار بە کاریان نییە و لەژێر چاوەدێری نهێنی و ئاشکرای خۆی شاهیدی پەرەگرتنی ئەم جۆرە بیرەیە، پرسیار ئەمەیە ڕێژیم بۆ پێی خۆشە مەزهەبێکی دژی خۆی لە کوردستان وا پەرە بگرێت؟

لە سەرەتای خۆسەپاندنی ڕێژیمی نوێ بە سەر ئێران تەنانەت پێش ئەویش لە کوردستان جوڵانەوەی ناسیۆنالیستی ڕیشەی داکوتابوو و داخوازی مافی ڕەوای خۆی دەکرد واتە کورد لە مێژە خۆی وەک نەتەوە ناساندبوو بە دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئەم داخوازی مافە بە جۆرێکی نوێ و سەردەمیانە و بە پێی زانست خۆی دەرخست تەنانەت کاریگەری حیزبی دێموکرات لە سەر پارتەکانی دیکەی کوردستان کە دواتر هاتنە ئارا، دیار بوو و هەموو حیزبە کوردییەکانی سیستماتیک بوون بە هەر ئیدۆلۆژییەک تەنانەت چەپە ڕادیکاڵەکانیش و ئیسلامییەکانیش هەر ڕەنگ و بۆنی ناسیۆنالیستیان هەر پێوە دیار بوو. ئەمە ترسێکی خستە ناو دڵی ڕێژیم کە بەربەرەکانی کردن دەگەڵ ئیدۆلۆژی ئاسانترە تا دەگەڵ خواستی نەتەوەیەک. کاتێک کە حیزبی دێموکرات ئیستراتێژی خۆی لە سەر بنەمای خودموختاری بۆ کوردستان و دێموکراسی بۆ ئێران داڕشت، ڕێژیم تێگەیشت کە زانای کورد گەیشتۆتە ئاستێک کە نەتەنیا داوای مافی ڕەوای خۆی دەکات تەنانەت دەشزانێت پاژنەی ئاشێلی ڕێژیم کوێیە؟ بەڵام بەربەرەکانی هەتا کەی و کوێ دەکرا و دەکرێت پاش هاتنە سەرکاری دەوڵەتی خاتەمی کەسانێک لەناو ڕێژیم دەسەڵاتیان گرت کە چیتر هەر چەک و سەرکوت بە مێشکیاندا نەدەهات بەڵکوو تێزی بەلاڕێدابردنی جوڵانەوی کوردی تێزێک بوو کە چاکتر وڵامدەریان بوو واتە تێچووی کەمتر و بەرهەمی باشتری هەبوو. ئیدۆلۆژی چەپەکان ڕادیکاڵ چیتر لە باودا نەبوون و توانای ڕاکێشانی خەڵک بۆیان کەم بوو هەر بۆیە بیری مەزهەبیان کردووە. کوردستان زۆرینە لە دوو مەزهەبی ئیسلامی سوننە و ئیسلامی شیعە پێکهاتووە، شۆڕشی کورد پتر لە بەشی سوننەدا پەرەی گرتبوو، کەچی وردە وردە بەشی شیعەی کوردستانیش کە بەشێکی هەر زۆری کوردستانیشە دەگەڵ پەرەی خوێندەواری بەم شوناسە نەتەوەییەی خۆی دەگەیشت و بۆ ڕێژیم تێکەڵبوونی بەشی شیعەی کوردستان بە شۆڕش واتە دووبەرامبەربوونی مەترسی چ لە بواری جوغرافیایی و چ لە بواری ڕێژەی حەشیمەت. ئەگەر لە بەشی سوننەی کوردستان کە سەنتەری شۆڕش بوو ئیدۆلۆژێکی مەزهەبی توندڕەوی سوننە سەری هەڵدابا یەکەم بەشێکی زۆری پتانسێلی شۆڕشی نەتەوەی بە خۆوە دەخافڵاند و بەلارێدا دەبرد و هەم دەگەڵ ئەوەی ئیسلامی توندڕەوی سوننە هەرگیز دانی دەگەڵ مەزهەبی شیعەی ئیسلام ناکوڵێت ئەگەری یەکگرتنەوە و تێکەڵبوونی بەشی شیعەی کوردستانیشی لە ریشە دەسووتاند هەر بۆیە زۆر بە نهێنی ڕێگەی دەدا تەنانەت هانیشی دەدان مەلا توندڕەوەکان لە دەرەوەی کوردستانیش بێن لە ناو کوردستان بە وتەی خۆیان تەرویجی مەزهەبی بکەن هەروەها توندڕەوە ئیسلامییەکان بە ئاشکرا بە شێوازی تایبەتی خۆیان وەک ڕیشی درێژ و پانتۆڵی قوڵە و …لە کوردستان و لە مزگەوتەکان ئەم جۆرە ئیسلامە نامۆیە لە کوردستان بڵاو بکەنەوە و لە بنەوەش ئەمانە بە جۆرێک کانالیزە بکەن کە شۆڕشی نەتەوەیی بێ سوود بزانن و تەنانەت هەڕەشەی ئاشکرا و نائاشکراش بکەنە سەر دۆزی کورد و لایەنە کوردییەکان و شۆڕشی حیزبە کوردییەکان وەک جوڵانەوەیەکی دوور لە شەریعەت بناسێنن. ئەم سیاسەتە هەتا ئێستاش درێژەی هەیە وەک وتمان چەند قازانجی بۆ ڕێژیم هەیە یەکەم بەفیڕۆبردنی پتانسیلی لاوان و گەنجانی کورد و دوورخستنەوەیان لە شۆڕشی ناسیۆنالیستی کوردستان، دووهەم لە بەریەک ڕاگرتنی کورد بەرامبەری یەک، سێهەم خستنەوەی ئاژاوەی شیعە و سوننە لە کوردستان و پێشگرتن بە یەکگرتنی کوردستان، چوارەم هەبوونی هێزێکی ئاڵترناتیو بۆ حیزبە ناسیۆنالیستەکان کە بێ ئەوەی خۆیان بزانن لە ژێر کۆنترۆڵی خۆیاندان (وەک دیتمان لە شانۆی هێرش بۆ پارلمانی ئێران) و پێنجەم نیشان دانی ڕوویەکی ترسناکی خەڵکی کوردستان لە ئێران و پەرەدانی ترس و دڵەڕاوکێ لە ناو غەیرە کوردەکان نیسبەت بە خەڵکی ئاشتیخوازی کوردستان.

ڕێژیمی ئێران لە مێژە بە تەوەهۆمی دوژمن و ئەمنیەت خەڵکی ئێرانی چاوترسێن لە دونیای دەرەوە کردووە هەرچەند ناتوانین بڵێین ڕێژیمی ئێران نەیتوانیوە هێندێک لاوی کورد بە لارێ نەبات و بەداخەوە جارناجارێک بۆ ئامانجە گڵاوەکانی خۆی چ لە ناوخۆی ئێران و چ دەرەوەی ئێران بێ ئەوەی خۆیان بزانن کەڵکیان لێوەربگرێت بەڵام بە دەرکەوتنی مەشخەڵانی ڕاسان لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەرکەوت کە نەتەنیا ئەم پلانە درێژخایەنەی ڕێژیم سەرکەوتوو نەبووە بەڵکوو بە پێچەوانەش ڕێژەی خوێندەواری و پەرەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وای کردووە هەموو حەولەکانیان پووچەڵ بێتەوە و لاوانی کوردستان نە چوونە ناو ئەو بڵقاوەی ڕێژیم و زۆر زۆر پڕڕەنگ و بەشکۆ بە هەموو جۆرێک و لە هەموو شوێنێکی کوردستان و بە هەر مەزهەبێک تێکەڵ بە ڕاسان بن. ئەمەش بەرهەمی خەباتی چەندین ساڵەی تێکۆشەرانی دێموکراتە کە لەناو فەرهەنگی کوردیدا سەقامگیر بووە و بۆتە بەشێک لە کەسایەتی و هۆویەتی کورد کە باوری بە دێموکراسی تا ناخی ئێسقانە بە جۆرێک کە دەگەڵ حورمەت بۆ مەزهەبی خۆی (چ شیعە چ سوننە) بەڵام داخوازی نەتەوەیی خۆی لە سەرووی هەموو شت دادەنێت و توندڕەویش ناتوانێت تێکەڵ بە خوێنی کورد بێت .

ئێستا و پاش بڵێسەگرتنی ڕاسان دەردەکەوێت کە فۆبیای ڕێژیم لە ناسیۆنالیزمی کوردی بێ هوودە نییە؛ چاک دەزانن تا چ ڕادەیەک شۆڕشی ناسیۆنالیستی کوردستان دەتوانێت ببێت بە هێما و ئۆلگویەک بۆ نەتەوەکانی تری ئێران. ڕێژیم لە ناسیۆنالیزمی دوور لە فاشیزمی کوردستان دەترسێت، ڕێژیم لە دێموکراسی سەقامگرتووی کەسایەتی کورد دەترسێت، ڕێژیم لە پەرەی شوناسی نەتەوەیی دەترسێت، ڕێژیم لە کورد وەک ئاڵاهەڵگری دێموکراسی دەترسێت، دێمۆکراسییەک کە پاژنە ئاشیلی ڕێژیمی تۆتالیتری ئێرانە.

## نەسرین قاسملوو:

# ڕۆژنامەنووسان، سیاسەتمەدارەکان، نوێنەرانی ڕێکخراوە نادەوڵەتییەکان هەموویان نەتەنیا خۆشحاڵ دەبوون کە لەگەڵ "ڕەحمان" قسە بکەن بەڵکوو هەموویان، ڕازی بوون کە بتوانن لەگەڵ وەها دیپلۆماتێک قسە بکەن.

هێلێن کرۆلیچ یان نەسرین قاسملوو هاوژینی ڕێبەری مەزنی گەلەکەمان دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو یەکێک لەو کەسایەتییە دیار و بەرچاوانەیە کە لە ساڵانی سەختی خەباتدا چ بە نهێنی و چ بە ئاشکرا هاوکار و یارمەتیدەری ڕێبەری بلیمەتی بزووتنەوەی کوردستان بووە. لەم ژمارەی کوردستاندا و لە بەرەبەری سیهەمین ساڵوەگەڕی تیرۆری ناجوامێرانەی شەهید قاسملوو لەگەڵ نووسەری کتێبی "ئۆرووپاییەک لە وڵاتی کورداندا" وتووێژێکمان ئەنجام داوە کە دەخرێتە بەر دیدی ئێوەی ئازیز:

### هەڤپەیڤین:
### د.ئومید ساعێدی
### هیوا میرزایی



**. کاتێک کتێبی " ئۆرووپاییەک لە وڵاتی کوردان " ئەخوێنینەوە، بەسەرهاتی ژنێک دەبینین کە سەختی و دژواری زۆری دیتوە، ئەم کوێرەوەری و ژیانە سەختە لە پێناوی چیدا بوو؟**

دەزانن، کاتێک کە لە تەمەنی لاویەتیدا سیاسی بیر بکەیتەوە، ئەو کات کە دەچیتە نێو جۆرێک خەباتەوە، بۆتان شتێکی سەلمێندراوە کە ئەم ڕێگە ئاسان نابێ، کاتێک کە ئاسان نییە، ئێوە دەزانن کە بۆچی ئاسان نییە، ئەمەیە کە کاتێك دەچیتە نێو خەبات لە دژی ئەم فیکرە، ئیدی بۆتان سەلمێنراوە کە یان دەبێ بەرەو پێش بڕۆیت یان دەبێ بێدەنگ بی و من نەمدەویست بێدەنگ بم، ئەمەیە کە دروستە کە ئاسان نەبوو بەڵام لە زەینمدا جۆرێك هێز هەبوو دەدرا بە ڕۆحی من و من دەمتوانی درێژەی پێ بدەم بێ ئەوەی کە نەخۆش بم، بێ ئەوەی کە ناراحەت بم لە بواری ڕۆحی، بێ ئەوەیکە لە واقێعدا ئەو شتەی کە خەڵك خەبات ناکەن و بیردەکەنەوە کە زۆر دژوارە بۆ من زۆر دژوار نەبوو.

**• دەکرێ باسی جیهانبینی دوکتور قاسملوومان بۆ بکەی، چۆن دەیڕوانییە جیهان؟**

من دەتوانم تەنیا ئەوە بڵێم کە "ڕەحمان" هەر لە سەرەتای ژیانییەوە، یەکەم بیری لە کورد دەکردەوە، بیری لە کوردستانی خۆی دەکردەوە بەڵام دەیزانی کە بە بێ جیهان ناتوانێ ژیان بکا و ژیانی کوردستان بەشێکە لە ژیانی جیهان و هەر بەم هۆکارەش جیهانبینیەکەی زۆر بەربڵاو بوو. بۆ خۆیشی دەیسەلماند و بۆ هەر کوێی دونیا بڕۆیشتبا هەوڵی دەدا کە لە خەڵك تێبگات و لێهاتوویی و شارەزاییەکی زۆری هەبوو کە خۆی بەخەڵك بناسێنێ و لە خەڵکیش تێبگات، لەم بوارەدا بەڕاستی "ڕەحمان" کەسێکی تێگەیشتوو بوو.

**• دوکتور قاسملوو چەندە باوەڕی بە نوێگەری بوو و چەندە هەوڵی دەدا کە هەم خۆی و هەمیش حیزبەکەی بەڕۆژ و مودێرن ڕابگرێ؟**

لە وڵاتێکدا کە نەخوێندەواری زۆرە، یەکێك کە تێگەیشت کە دێموکراسی مانای چییە؛ بۆ ئەو وڵاتە دواکەوتووە، دێموکراسی مودێرنە و شتێکی نوێیە. جوان لە بیرمە کاتێك کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەشی ناوەندی کوردستانی ڕزگار کردبوو و لە بەرنامەی حیزب نووسرابوو کە بەرەو دێموکراسی حیزب دەبێ هەنگاو هەڵبگرێ و چ شتگەلێك پێویستە، خەڵکی کوردستانی نیشتەجێی ئەو شوێنە هەوڵیان دا بە خێرایی، بە خێراییەکی سەرسووڕهێنەر هەموو ئەم گۆڕانانە ئەنجام بدەن، ئەمە ئیمانی "ڕەحمان" بوو کە دەبێ دێموکراسی بێنێت بۆ کوردستان. مودێرنیزەکردنی کوردستان ئەو کات شتێك بوو کە لە واقێعدا مودێرن بوون لە کوردستان جۆرێك مانای نەرێنی هەبوو بەڵام "ڕەحمان" توانی ئەو مانایە بە پێچەوانە بکاتەوە و بڵێت کە دێموکراسی سەرەڕای ئەوەیکە شتێکی مودێرنە، ئیدەیەکە کە ئازادی دەدا بە خەڵك. دەتوانین بڵێین کە لە واقێعدا "ڕەحمان" ڕێبەرێکی زۆر مودێرن بوو. ئەم ئەزموونەی کە من کردم لەو سێ بەشە ئازادەی کوردستاندا، لە فیکر و زەینی مندا ماوەتەوە کە ئیمکانی نەبوو پێشتر لە شوێنێکی دیکە بیبینم. بەدڵنیاییەوە حەتمەن لە شوێنێکی دیکەش شتی وا ڕوویداوە لە مێژووی وڵاتانی ئۆرووپایی، بەڵام من ئەو کات هێشتا لە دایك نەبوو بووم و ئەم ئەزموونە بۆ من شتێکی زۆر سەرەنجڕاکێش بوو.

**• لە پێوەندیە دیپلۆماسیەکاندا و ڕوو لە دونیای دەرەوە دوکتور قاسملوو چۆن دەیڕوانی و هەڵسوکەوتی دەکرد؟**

بۆ وڵامی ئەم پرسیارە تەنیا دەتوانم بڵێم کە حیزب هیچکات دیپلۆماتکارێکی وەها تێگەیشتووی نەبووە، لانیکەم تا ئەو کات نەیبووە، نازانم ئێستا بە چ شێوەیەکە. ڕۆژنامەنووسان، سیاسەتمەدارەکان، نوێنەرانی ڕێکخراوە نادەوڵەتییەکان هەموویان نەتەنیا خۆشحاڵ دەبوون کە لەگەڵ "ڕەحمان" قسە بکەن بەڵکوو هەموویان، ڕازی بوون کە بتوانن لەگەڵ وەها دیپلۆماتێك قسە بکەن و دوای ساڵانێکی زۆر ئەوانەی کە دوکتور قاسملوویان دەکەوتەوە بیر، هێشتایش یادی ئەو ئازادی و ساکار قسەکردنەکانی ئەو دەکەنەوە. بەڕای من ئەمە پێوەندی بە خوێندەواری کامڵی "ڕەحمان" بوو، پێوەندی بەوە هەبوو کە چەندین زمانی دەزانی، پاشانیش ئەخلاقیێکی زۆر ساکاری هەبوو و هەموو ئەمانە دیپلۆماتێکی لێ دروستکردبوو کە نایاب بوو.

**• ئەو ڕێنوێنی و ڕێگەچارانەی کە دوکتور قاسملوو بۆ نەوەکانی پاش خۆی بەجێی هێشت چ بوون؟**

کاتێك کە چاو لە وێنەکانی نەوەی ئەمڕۆ دەکەم، یادی ئەو نەوە دەکەومەوە کە خۆم شایەتی بووم لە ٤٠ ساڵ لەوە پێش. "ڕەحمان" لەگەڵ لاوەکانی حیزب، پێوەندیگەلێکی هەبوو کە پێموایە کە ئەوان خۆشیان لێ دەهات، واتە نیشانیان دەدا بەڵام ئەو شتەی کە بە ڕای من گرینگتر لە هەموویان بوو ئەوە بوو کە دەیخستە زێهنیانەوە کە خەبات هەمیشە بەکەڵکە، نە تەنیا بەکەڵکە بەڵکوو پێویستە و لەمە گرینگتر ئەوە بوو کە نیشانیانی دەدا کە جیهان بەربڵاوە و نابێ تەنیا خۆیان ببینن بەڵکوو دەبێ جیهانیش ببینن، لەگەڵ جیهان بسازن، بە کورتی فێری ئەوانیشی دەکرد کە فیکرێکی نێونەتەوەییان قەبووڵ بێ و ئەنجامی بدەن و پەرەی بەم شێوازی بیرکردنەوە لە نێو لاوان و کەسانی دیکە دەدا و ئەمە بەڕای من زۆر گرینگە.

**•بۆچی کوردەکان بۆ هەمووان کێشەن، یان بە واتایەکی دیکە بۆچی چوار دەوری ئێمە کێشەیان لەگەڵ خەباتی کورد هەیە، مەگەر کورد داوای چ دەکا؟**

ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ مێژوو و خراپتر لەمە دوای شەڕی یەکەمی جیهانی، کوردستانیان کردە چوار بەش، هەموو ئەم وڵاتانە لە واقێعدا خۆیان باڵاتر لە کورد دەزانن و لە ژیانی مرۆڤ ئەمە جێگەی تەحەمووڵکردن نییە، گرفتی کورد ئەمەیە؛ دواتر گرفتی کورد ئەمەیە کە چوار وڵات لە واقێعدا کورد بە دەستکرد دەزانن و لە قوتابخانە و لە فێربوون دووریان خستووەتەوە و کوردیان بەشێوەی فەرمی دواکەوتوو هێشتووەتەوە. ئەمەیش بۆ هیچ کەس جێگەی قەبووڵ کردن نییە، کورد بۆ خۆی دەزانێ چی دەوێ، ئەوە شتێ کە من دەزانم دەیانهەوێ لە ژێر دەسەڵاتی ئەو وڵاتانەی کە بەسەریاندا دابەش بووە، بێنە دەرێ کە جیهان ئەوان وەك نەتەوەی ئازاد و بەرابەر بناسێ و بتوانن خۆیان ڕێبەری خۆیان بن. من ناڵێم کە دەبێ خێرا سەربەخۆییان بوێت، چوونکە یەکەم نازانن چی لێبکەن، چوون شارەزاییان لێی نییە، دووهەمەن دوژمن لە پشت سەریانە، هەر ئەو کاتەی کە کورد بە دەنگی بەرز بڵێت کە من سەربەخۆییم دەوێ لە خودموختاری وازبێنێ، ئەو کات دوژمن ئامادەیە کە هەموو کارێك بکات کە سەرلەنوێ کورد بخاتەوە ژێر دەسەڵاتی خۆی. دوکتور قاسملوو بارودۆخەکەی زۆر بە ڕوونی دەبینی نە تەنیا بۆ کورد بەڵکوو ڕۆژهەڵاتی ناڤینیش. کاتێکیش دەیگوت کە دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان مەبەستی هەر ئەمە بوو کە کورد سەرەتا فێربێ چۆن خۆی ڕێبەری و بەڕێوە ببات؛ کاتێ کە فێربوو یان لانیکەم تێگەیشت کە یانی چی، ئەو کات دەتوانێ داوای سەربەخۆیی بکات، هەڵبەت من دەزانم کە هەموو کوردەکان سەرەبەخۆییان دەوێ زۆر سروشتییە؛ تەنیا مێژوو لە هەمبەر کوردەکان تاوانی کردووە، ئێستایش جیهان نایهەوێ هەڵەکەی خۆی ڕاست بکاتەوە، کورد دەبێ خۆی هەوڵ بدات کە کارێك بکا کە بەڕاستی فێربێ و ئەو کات سەربەخۆیی وەربگرێ. تۆ وێنای بکە کە کوردستان سەربەخۆ دەبێ، کێ قەبووڵی دەکا، ئەم چوار وڵاتە، لەم چوار وڵاتە دەبێ لە هەر کامیان پارچەیەك جیا ببێتەوە لە بەر ئەوەیکە کوردستانە؛ بۆ زلهێزەکان هەموو ئیستراتیژی ڕۆژهەڵاتی ناڤین تێك دەچێ، ئەمانە دەبێ ئیستراتیژییەکی نوێ دابڕێژن. نەوت چەکێکی مەرگهێنەرە، ئەوەیش دەبێ کورد لێی تێبگات ئەمەیە کە کارەکەی ئاسان نییە بەڵکوو زۆر دژوارە بەڵام لە کۆتاییدا دەبێ بە خودموختاری و بە ئازادی خۆی بگات.

**• تۆ بۆ خۆت کوردت چۆن ناسیوە؟ ئایا کورد ئەو سیما و ڕووخسارەیە کە نەیاران و دوژمنانی وێنای دەکەن؟**

کوردەکان ناراحەت نەبن ئەگەر من ڕاستبێژانە قسەیەك بکەم؛ بە هۆی چارەنووسییەوە من تەنیا ئارەزوو دەکەم کە بەهێز بێ و خەبات بکات بەڵام مەسەلەی عاقڵ بوونی بۆ من گرفتێکی هەیە، ڕەنگە پێوەندی بەوە هەیە کە جیهان کورد لەگەڵ خۆی بەرانبەر نازانێ، کورد ئارەزوویەتی کە خۆی نیشان بدات کە لە هەموو کەس بەهێزترە و ئەمە وادەکات کە ڕێکخراو دادەمەزرێنێ و حیزب دادەمەزرێنێ و هێواش هێواش ئەم ڕێکخراو و حیزبە دابەش دەکا بە چەند دانە لەبەر ئەوەیکە قەبووڵی نییە یان وا بیر دەکاتەوە کە خۆی لە کەسی دیکە بە باشتر دەزانێ؛ کورد کەمێك لە منداڵ دەچێ، بۆ ئەوەیکە خۆی نیشان بدات هەڵەگەلێك دەکا کە نەدەبوا بیکردبا. من لە واقێعدا هەموو ژیانم لەگەڵ کوردەکاندا بووە، ڕەنگە هەمیشە لەگەڵیان ژیانم نەکردبێ بەڵام تەواوی بوون و ناخی من لەگەڵ کورد بووە ئەمەیە کە من کورد و کوردستانم خۆش دەوێ و ڕەنگە هەر ئەمەش بێ کە من هەڵەکانی کورد دەبینم و حەزم لێیە کە عاقڵ ببێ.

**• ئەم هەموو تراژیدیا گەورانە کە بەسەر کورددا هاتووە، هۆکاری چییە کە دونیای دەرەوە هێشتا لە کۆڕ و کۆبوونەوە سیاسی . دیپلۆماسییەکاندا ئاوڕ لە کورد ناداتەوە و پشتیوانی لە خەباتی کورد ناکات؟**

دەبێ فێر بین لە قوتابخانە، لە کتێب، لە ڕۆژنامە، لە جیران، لە نەتەوەکەی، دەبێ فێر بێ و بیر بکاتەوە و ببینێ کە چ دەرسێکی لێ وەرگرتووە؟ ئەگەر تێگەیشت، فێربوو، ئەو کات بوێری ئەوەی هەبێ کە بە پێی ئەوە کار بکات، خەبات بکات و قسە بکات، ئەمانە ناکرێ لە ڕۆژێکی دیکەوە فێر بێ و ئەنجامی بدات بەڵام دەبێ مرۆڤ ئەو بوێرییەی تێدا بێ کە بەڕاستی ژیانی بەرەو ئەم شتانە ببات و بزانێ کە ڕەوتێکی درێژخایەنە بەڵام بڵێت کە من کوردم، من ژنم، دەبێ من ئەم کارە بکەم، ئەمە من دەگەیەنێت بە ژنانی کورد.

مەسەلەی ژنانی کورد بۆ من بووەتە مەسەلەیەکی دژوار، دەزانی ژنانی وڵاتانی دواکەوتوو هەموویان چارەنووسیان زۆر دژوارە؛ لەڕاستیدا لەژێر دەستی باوکیان، مێردەکەیان، براکەیان، کوێخا، شارەدار و دەوڵەتدان و هەموویان دەبێ ئەم ژێردەستییە تەحەمول بکەن و درێژە بە ژیان بدەن، ژنانی کورد ژانێکی زیاتریان هەیە کە کوردن؛ لە ڕاستیدا هەموو ئەم زوڵمانەی دیکە کە ژنان ئەزموونی دەکەن، کوردبوونیشی پێوە زیاد دەبێ. من بینیومە کە ژنانی فارس و عەرەب لە باڵادەستییەوە سەیری ژنانی کورد دەکەن ئەمە وەحشەتناکە، بەڕاستی وەحشەتناکە! ئەمەیە کە پیاوی کورد کاتێك کە لەمە تێگەیشت دەبێ بۆی ئاسانتر بێ کە لەگەڵ ژنەکەی ڕەفتارێکی دیکەی هەبێت و ژن لەگەڵ خۆیدا بەرابەر بزانێ ئەو کات دەبینێ کە ژنانی کورد چ شتگەلێك دەزانن و چ بوێرییەکیان هەیە و چ تێگەیشتویەکیان هەیە . دەبینی ئێستا ڕێژەی ژنانی خوێندەواری کورد زیادی کردووە. سەرەڕای ئەمانە بگەڕێمەوە بۆ کوردستان مەسەلە هەر ئەمەیە و من نزا دەکەم کە ڕۆژێك بگات بەو شوێنەی کە ژنانی کوردیش( هەڵبەت بۆ ژنانی دیکەیش، بەڵام بۆ من ژنی کورد نیزیکترە تا ژنی تورك) ئازاد بن.

**•ئێمە دەزانین دوکتور قاسملوو جیا لەوەی کە کەسایەتێکی سیاسی بوو، ئۆگری بۆ هونەر و بوارەکانی دیکەیش هەبوو، دەتوانی پێمان بڵێت کە کاک دوکتور قاسملوو لەم شتانە حەزی لە چی بوو؟**

لەم بوارەدا دوکتور قاسملوو کەسێکی ئاسان بوو، لە بواری خواردن هەموو شتێکی دەخوارد، شتێك نەبوو کە حەزی لێ نەبێ و قەبووڵی نەبێ، هەڵبەت خواردنی ئێرانی پێخۆشتر بوو، بەڵام دەکرێ ئەمەیش لە بارەی خۆیشمەوە بڵێم من خواردنی ئێرانیم لە هەموو خواردنێك پێ خۆشترە، ئەمە بوو کە لە بواری خواردن کەسێکی سادە بوو واتە ئاشپەزێك کە بۆ دوکتور قاسملوو خواردنی دروست بکردبا، کارەکەی زۆر دژوار نەبوو.

**. خواردنێک تایبەت بوو کە زۆری حەز لێ بێ؟ بۆ خۆیشتان چ خواردنێکی تایبەت هەیە کە حەزتان لێ بێ لە خواردنە کوردی و ئێرانییەکان؟**

خواردنی تایبەت نازانم بەڵام ئەو شتەی کە بەڕاستی زۆری دەخوارد گوێز و فستەق بوو.

ئەو شتەی کە پێوەندی بە کتێبەوە هەیە من هەمیشە دەکەومە بیر باوەگەورەم، دوکتور قاسملوو هەموو شتێکی دەخوێندەوە هەر شتێکی پەیدا دەکرد، تیکە ڕۆژنامەیەك، کتێبێك هەموو شتێکی دەخوێندەوە، هەڵبەت کتێبە کلاسیکەکانی ئۆرووپا و ئەمریکایشی دەخوێندەوە. بۆ مووسیقی گوێی لە موسیقی کلاسیك دەگرت کاتێ لە ماڵەوە دامانددنا بەڵام ئەو شتەی کە لە هەموو شت زیاتر حەزی لێی بوو مووسیقی و گۆرانییە کوردییەکان بوو، لەبەر ئەوەیکە ئەوی دەبردەوە بۆ نیشتمانی خۆی. ژیانی تایبەتی دوکتور قاسملوو زۆر سادە بوو.

# «بۆ دوکتوری مەزن»



ماوەیەکە بەردەوام وێنەیەک دێتە بەرچاوم؛ پیاوێک بە پاڵتاوێکی خۆڵەمێشی و قژێکی ماش و برنجییەوە لە گۆڕستانێکی نامۆدا، لەسەر گۆڕەکەی خۆی ڕاوەستاوە. باران ئەباریێت بەڵام خەرمانەیەک لە مژ و ڕووناکی دەوری داوە و پێش بە تەڕبوونی ئەگرێت. دڵەڕاوکێم هەیە بە جۆرێک کە ناتوانم لە شوێنی خۆم بجووڵێم و بڕۆمە پێش. لەو شوێنەی کە من وەستاوم دەموچاوی ئەوم بە تەواوەتی لێ دیار نییە، بەڵام ئەوەیکە ئەیبینم خەمی تێدا نییە تەنیا ئەڕوانێت. لە خۆی، لەو بەردە، شایەدیش خەیاڵی لە شوێنێکی ترە ... لە کوردستان!

بۆ کەسێکی کورد کە ساڵگارێک لە کوردستان ژیابێت ئێرە زۆر نامۆیە، ئەم ئازارە کە ناخم ئەهەژێنێت ئازار و ئێشی خاکە، سەختە دووربوون لە خاک، لە وەتەن، لە نیشتمان... بە تایبەت بۆ ئەو!

ئەڵێن کاتێک لە کوردستان بوو، وانەی مرۆڤایەتی بە خەڵک ئەدا، پێشمەرگەکانی وڵاتم لە پۆلەکانی قوتابخانەی ئەودا، بە زانستەوە بۆ شەڕی دوژمنی داگیرکەر ئەڕۆیشتن. ئەڵێن هیچ کات شەڕی نەدەویست، شەڕی پێ فرۆشرا، مرۆڤانە لەگەڵ دوژمن هەڵسوکەوتی دەکرد. خوازیاری وتووێژ لەگەڵ کەسانێکدا بوو کە وتووێژیان بۆ خوێنڕشتن و فریودان بەکار ئەهێنا. خوێندوومەسۆ کە لە پێشمەرگەیەک کە فیلمی لە گرتنی پایگایەک گرتبوو، دڵگیر بوو و بۆ زانین سەبارەت بە بایەخی گیانی مرۆڤ لە تەشوێقی بێبەش کرا. ئینسانێکی وەها بەرز و گەورە ئەو خاکە، ئەو شوێنە دنجە چۆن ئەیگرێت؟ بە دوای چییەوەیە و خوازیاری چییە؟ ئەڵێن ڕۆحێکی سەرگەردان تا خواستەکەی بە ئەنجام نەگات ناحەوێتەوە. من لە ژێر ئەم بارانە ناکاوەدا خووساوم و بۆ ئەم خەمە گەورەیە ئاسمانی هەندەرانم بۆ ئەگری و ئەو بیر ئەکاتەوە. خەمبار نایبینم، دڵنیام مانوو بوو... باشتر لە هەرکەس ئەیزانی دوژمنی نیشتمانی داگیرکراومان، هەرگیز خواستمان بە حەق ناناسێت.

لە خۆم ئەپرسم ئەگەر بە هەر بکوژێک پێش جێبەجێ کردنی ئەرکی پێسپێردراوی مەجالێک بدرێت بۆ ناسینی کوژراو، ئایا دیسانیش ئەیکوژێت؟ دڵنیا نیم.

ئینسانێکی وەها بەرز کە لە کاتی خۆیدا هەزاران هەزار عاشقی ئەو و ڕێبازە پڕشنگدارەکەی بوون و تەنانەت دوای خۆیشی بۆ هەتاهەتایە لە دڵی میللەتەکەیدا ئەژی و جێگەی ڕێزە، بۆ دوژمنەکەی نەناسراو نەبوو. بەڵام بە داخەوە وڵاتە لەت لەت کراوەکەی من کەوتووەتە ژێر دەسەڵاتی کەسانێک کە هیچ ڕێزێک لە هیچ کەس و هیچ شتێک ناگرن. وەکوو هیچ جێگایەکی دیکەی ئەم دنیایە نییە. ئەم پیاوەش، ئەوەی باشتر لەهەرکەس ئەزانی. تەنانەت بەرلە هاتنیان وەکوو مونجییەک بۆ ئینسان! ئەمان باوەڕیان بە خودا بوو و ئەم باوەڕی بە مرۆڤایەتی. مەگەر فەلسەفەی هەر دین و هەر ئایینێک پاراستنی ئەخلاق و بە ڕەسمییەت ناسینی حەقی ئینسان نییە؟ ئەی چۆنە کە دیندارە داگیرکەرەکان بەبڕوا بەو ئایینە ئەوەندە بە ئاسانی تۆیان شەهید کرد؟

هەموو دیتمان کە لە دیوێکی خووساو لە خوێنی تۆ و هاوڕێکانت باڵی ڕاستت سپی ماوە! هەر ئەو باڵەی وا بۆ ئاشتی و ئازادی و بەدیهێنانی ئاواتەکانی کورد بەرەو نوێنەرانی ناحەقترین دەوڵەتی دنیا درێژ کرابوو...

لە پاڵتاوەکەت خوێن ئەڕێژێت... بۆ دەنگم ناگا پێت؟ ... بۆ نایبینی؟ گۆڕستانی نێوداران سوور هەڵگەڕاوە... خوێنە ئەباریێت لە ئاسمانی خەمباری هەندەران، خوێنە عەرزەکە دائەپۆشێ، خوێنە کە وێنەکە دائەپۆشێ و تۆ هەر ئەڕوانی و لەسەر گۆڕێک کە دەتەویست لەوێوە کوردستانی لێ دیار بێت، وەستاوی!

**شنە**

## هەتوان

له خوێنی سووریدا، گەرمی هەناسەی شاخە کان بوو
له دەشتی چاویدا، سەوزی گەڵای گشت باخە کان بوو
له دەنگی گەرمیدا، سروەی بلاوێنی بەهاری
بەڵام تەنیا، بەڵێ؛ تەنیای تێکڕای چاخە کان بوو
له مێژوودا بەشی کورد ئاخ و واوەیلا بووە هەر
کەچی سەرباری داخ، مەرگی بە قەت گش ئاخە کان بوو
له دەشتی سەوزی بیریدا، وشەی ئینسان ڕووابوو
له بەرزیدا، سەری هاوشانی دوندی شاخە کان بوو
له چاوماندا، ئەگەر بەژنی نیشانەی پیاوەتی بوو
نیشانەی گەورەیی مانای، بە قەت گشت ناخە کان بوو
حەیف بۆ دکتوری زانای سیاسەتوانی ئێمە
بریندارین و ڕێی ڕوونی ئەوە هەتوانی ئێمە

نەما ئەو کاتە باڵی ئەو نسێی سەر هەر سەرێک بێ
له دۆزەخگای شەڕ و شۆرا هەناسەی، سێبەرێک بێ
ئەگەر جاران لەشی خۆری گەشی ئازایەتی بوو
دەبێ ئێستاکە بۆ یەکبوون خەیاڵی پەیکەرێک بێ
له مەیدانی نەوەستانا هەزارانی له دوو بوون
له دەشتی یادیدا، ئێستا دەبوو کورد لەشکەرێک بێ
گەشە خوێنی شەهیدی ئەو بەشەی دایکی وەتەنمان
کە بۆ ئاشتی و تەبایی میللەتی پێغەمبەرێک بێ
له ڕێی ئازادی عیشقی نیشتمان و خاکی پیرۆز
هەموو ئامادە هەن لاوان، ئەگەر ڕۆژێک شەڕێک بێ
حەیف بۆ دکتوری زانای سیاسەتوانی ئێمە
بریندارین و ڕێی ڕوونی ئەوە هەتوانی ئێمە

**ڕابوون ڕۆژهەڵات**

# KURDISTAN

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com

http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr

telegram.me/PDKImedia

Published by Democratic Party of Iranian Kurdistan • No:753 6 July 2019


## ڕۆژنامەی کوردستان بە مەبەستی هەرچی زیاتر ئاشکراکردنی پێشێلکاری مافی مرۆڤ لە ناوچەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، هەر دوو حەوتوو جارێک ڕاپۆرتێک لە سەر بارودۆخی مافی مرۆڤ لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بڵاو دەکاتەوەو دەیخاتە بەر دیدی خوێنەرانی ڕۆژنامەی کوردستان.

**ئەم ڕاپۆرت و ئامارانە باس لە حاڵەتەکانی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ماوەی دوو حەوتووی سەرەتای مانگی پووشپەڕی ساڵی ٩٨ هەتاوی لە شار و ناوچە کوردنشینەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات دەکات کە بریتین لە حاڵەتەکانی دەستبەسەر کردن، بانگهێشت، ئێعدام، کوژران و بریندابوونی کۆڵبەران، کرێکاران، خۆکوشتن، زیندانیان و مەحکووم کردنی هاووڵاتییان لە کوردستانی ئێران.**

### دەسبەسەرکردن:

ڕۆژی چوارشەممە، ٢٩ی جۆزەردان، لاوێکی کورد بە ناوی "عەلی جەوازک"، خەڵکی شاری بۆکان، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە بانگهێشت و دواتر دەسبەسەر کرا.

هەمان ڕۆژ، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی "سامی محەممەدنژاد"، کوڕی جەماڵ، خەڵکی شاری سەڵماس، لە شوێنی کارەکەی خۆیدا لە شەقامی ڕەزایی، بە تۆمەتی "هاوکاری لەگەڵ یەکێک لە حیزبە کوردییەکانی دژبەری حکوومەتی ئێران"، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزرا.

ڕۆژی چوارشەممە، ٥ی پووشپەڕ، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی "هێمن بایزیدی"، خەڵکی شاری شنۆ، لە لایەن ئیتلاعاتی سپای پاسدارانەوە دەسبەسەر کرا.

ئێوارەی ڕۆژی سێشەممە، ٤ی پووشپەڕ، هاووڵاتییەکی خەڵکی شاری شنۆ، بە ناوی "ڕەحیم ئەرشەدی"، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە، دەسبەسەر و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزرا.

لە سەرەتاکانی پووشپەڕدا، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی "فەردین محەممەدزادە" خەڵکی گوندی "دەلەیلە"ی شاری جوانڕۆ، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە، بە هۆکاری نادیار دەسبەسەر و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزرا.

ڕۆژی چوارشەممە، ٥ی پووشپەڕ، هێزە ئیتلاعاتییەکان لە دەروازەی سەرەتای شاری شنۆ، هاووڵاتییەکی کوردیان بە ناوی "عیسا ڕەشۆزادە"، خەڵکی ناوچەی دەشتەبێڵی ئەو شارە دەسبەسەر و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگواست. هەتا کاتی بڵاوبوونەوەی ئەم هەواڵە، هیچ زانیارییەک لە چارەنووسی ئەم هاووڵاتییە کوردە پاش لە دەسبەسەرکرانی، لەبەر دەستدا نییە.

ڕۆژی چوارشەممە، ٥ی پووشپەڕ، هێزە ئیتلاعاتییەکان پاش هێرش کردنە سەر ماڵی هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی "منەت ڕەحمانی"، خەڵکی گوندی "لۆن سادات"ی شاری کامیاران و پاش دەسبەسەرکردنیان، ناوبراویان بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگواست.

ئێوارەی ڕۆژی چوارشەممە، ٥ی پووشپەڕ، "سیروان ئیبراهیمی"، بەرپرسی لقی ئەنجومەنی فەرهەنگی-کۆمەڵایەتیی "نۆژین" لە شاری کامیاران، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر و هیچ زانیارییەک سەبارەت بە چارەنووسی ناوبراو لەبەر دەستدا، نییە.

٨ هاووڵاتیی کورد بە ناوەکانی "شاهین ئاغاوەیسی، وەحید مێهرەوەرز، نازدار جەمشیدی، فەرامەرز ڕۆستەمی، عەلی ڕۆستەمی، ئیمان ڕۆستەمی، فەرشاد ئەمیری و پژمان ئومیدی". خەڵکی گوندی "بزمیرئاوا"ی شاری سەلاسی باوەجانی، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە، دەسبەسەر کران؛ ئەو ٨ هاووڵاتییە کوردە، لە ڕۆژانی چوارشەممە ٥ی پووشپەڕ هەتا ڕۆژی هەینی ٧ی پووشپەڕ، دەسبەسەر و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزراون.

ڕۆژی پێنجشەممە، ٦ی پووشپەڕ، فەرمانبەرێکی ئیدارەی پەروەردە و بارهێنانی سەلاسی باوجانی، بە ناوی "سالار ڕەمەزانی"، تەمەن ٤٠ ساڵ، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کرا.

ڕۆژی یەکشەممە، ٩ی پووشپەڕ، هێزە ئیتلاعاتییەکان هێرشیان کردە سەر گوندەکانی "باوان و فلەکان" و چوار هاووڵاتیی خەڵکی ئەو دوو گوندەیان دەسبەسەر کرد؛ بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، "عارف محەممەدی، "عابید محەممەدی" و "حەسەن بەراتی"، خەڵکی گوندی باوان و "سەرهەنگ بابەکری" خەڵکی گوندی فلەکان، لە لایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە، دەسبەسەر کراون و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزراون.

ڕۆژی یەکشەممە، ٩ی پووشپەڕ، هێزە ئیتلاعاتییەکان هێرشیان کردە سەر ماڵی هاووڵاتییەکی کورد لە شاری نۆدشە و ناوبراویان دەسبەسەر کرد.

شوناسی ئەو هاووڵاتییە کوردە، بە ناوی "عەلی مەحموودی"، تەمەن ٦٠ ساڵ، ڕاگەیەندراوە.

ڕۆژی یەکشەممە، ٩ی پووشپەڕ، هێزە ئیتلاعاتییەکان هێرشیان کردە سەر ماڵی هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی "سەید وەهاب عەلیزادە"، کوڕی سەید ئیبراهیم خەڵکی گوندی "بێژاوێ"ی شاری شنۆ و ناوبراویان دەسبەسەر کرد.

ڕۆژی چوارشەممە، ١٢ی پووشپەڕ، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی "حەمید کەرەونانی"، تەمەن ٢٤ ساڵ، خەڵکی گوندی "کەرەونان"ی شاری دێولان، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانی ئەو شارەوە، دەسبەسەر و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزراوە.

ڕۆژی سێشەممە، ١١ی پووشپەڕ، دوو هاووڵاتیی کورد بە ناوەکانی "جەزا مەکاری و عەلی مەحموودی"، خەڵکی شاری نۆدشە، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە، دەسبەسەر کران.

### ممنوع‌الخروج بوونی هاووڵاتییان و لێدانی ڕۆژنامەنووسان:

ڕۆژی دووشەممە، ٢٧ی جۆزەردان، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی "ئەفشین شێخ ئیسلامی وەتەنی"، لە لایەن لقی دووی پرسگری ئینقلابی شاری سنە، "ممنوع‌الخروج" کرا.ئەم هاووڵاتییە کوردە، بە تۆمەتی "کۆبوونەوە و تەبانی دژی نیزام" و "ئەندامبوون لە یەکێک لە حیزبە کوردییەکانی دژبەری حکوومەتی ئێران، "ممنوع الخروج" کراوە.

ڕۆژی دووشەممە، ٣ی پووشپەڕ، "دیاکۆ توتونچی"، هەواڵنێری پایگای خەبەریی "ڕێکار"، لە کاتی ئامادەکردنی ڕاپۆرتی ڕێوڕەسمی چاوپێکەوتنی بەرپرسانی قەزایی لە شاری مەهاباددا، لە لایەن "حامد حەیدەری"، بەرپرسی شۆرای شاری مەهاباد، هێرشی کرایە سەر.

لە کاتی ڕووماڵکردنی کۆنگرەی بەناو "ناودارانی کورد" لە شاری سنە، کە لە ڕۆژانی ١١ هەتا ١٢ی پووشپەڕ بەڕێوەچوو، هێزە ئەمنییەتییەکانی حکوومەت، ئیزنیان بە هەواڵنێران نەدا کە ڕووماڵی ئەو کۆنگرەیە بکەن و دەستیان بە لێدان و بێڕێزیکردنی هەواڵنێران کرد. سەرچاوەیەکی ئاگادار لەو بارەوە بڵاوی کردبووەوە کە تەنیا چوار هەواڵنێر ئیزنی ڕووماڵکردنی کارەکانی ئەو کۆنگرەیانە بووە و ئەوانی دیکە هێزە ئەمنییەتییەکان، بە ناوی هەواڵنێرانەوە بوون.

### مەحکووم کردنی هاووڵاتییان بە زیندان:

هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی "محەممەدئەمین کەنعانی"، خەڵکی گوندی "تەختە"ی سەر بە شاری سنە، بە تۆمەتی "هەوڵدان دژی تەناهیی نەتەوەیی"، لە لایەن لقی یەکی دادگای ئینقلابی ئەو شارەوە، بە ٥ ساڵ زیندانیی تەعلیقی مەحکووم کرا.

لقی یەکی دادگای ئینقلابی شاری سنە، بە سەرۆکایەتیی دادوەر "ڕەئیسی"، لاوێکی تەمەن ٢٤ ساڵەی بە ناوی "موبین ئەڵڵاوەیسی"، کوڕی جەلال، خەڵکی گوندی "قار"، لە بەخشی ناوەندیی ئەو شارە، بە سێ مانگ زیندانی مەحکووم کرد.

دادگای پێداچوونەوە، حوکمی ٧ ساڵ زیندانیی هاووڵاتییەکی کوردی بە ناوی "محەممەد پەتاشی"، کوڕی محەممەدکەریم، خەڵکی گوندی "قەمتەرە"، پشتڕاست کردەوە.

مانگرتنی زیندانییەک لە زیندان:

زیندانییەکی سیاسیی کورد بە ناوی "هیوا ئەژبەری"، ناوسراو بە "هیوای خاوی"، ماوەی ٦ ڕۆژە لێوەکانی لە زینداندا تەقەڵ داوە و مانی لە خواردن گرتووە.سەرچاوەیەکی ئاگادار لە زیندانی شاری مەریواندا بە ئاژانسی کوردپای ڕاگەیاند: "ئەو زیندانییە سیاسییە لە ماوەی زیندانیکرانیدا، لە هەر جۆرە مورەخەسی و چاوپێکەوتنێک لەگەڵ بنەماڵەکەی بێبەری بووە و بەو هۆیەوە، دەستی داوەتە مانگرتن".

بانگهێشت بۆ دادسەرا و دادگا:

سێ هاووڵاتیی کورد بە ناوەکانی "ئەمیر ڕەزایی"، کوڕی جەمیل، "سیروان ئەرغەوانی"، کوڕی خواکەرەم و "فەرزاد سادقی" کوڕی حەبیب، خەڵکی گوندی تەنگیسەر، دەبێ بۆ بەڕێوەچوونی حوکمەکەیان، خۆیان بە زیندانی ناوەندیی شاری سنە، بناسێنن.

"مامۆستا عەبدولباقی سەعیدی"، مامۆستای ئایینیی کورد و پێشنوێژی پێشووی هەینیی مزگەوتی "تەرخان ئاوا"ی شاری بانە، بانگهێشتی دادگای ڕۆحانییەتی شاری هەمەدان کرا.

ڕۆژی پێنجشەممە، ١٣ی پووشپەڕ، دوو هاووڵاتیی کورد بە ناوەکانی "عومەر داریووشی"، تەمەن ٥٥ ساڵ و "عەدنان داریووشی"، تەمەن ٣٠ ساڵ، خەڵکی گوندی سەردۆش، سەر بە شاری مەریوان، بانگهێشتی ئیدارەی ئیتلاعاتی ئەو شارە کران.

هێزەکانی ئیتلاعات، بە تۆمەتی "هاوکاری لەگەڵ یەکێک لە حیزبە کوردییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی حکوومەتی ئێران"، لێپرسینەوەیان لەگەڵ ئەو دوو هاووڵاتییە کوردە کردووە.

### گوشاری ئیتلاعات و

### هەڕەشەکردن لە شاعیران:

شەوی ٧ی پووشپەڕ، شەوەشێعرێک لە هۆڵی هونەری شاری سەردەشت، بۆ یادی قوربانییانی کیمیابارانکردنی ئەو شارە ڕێکخرابوو، کە ئیدارەی ئیتلاعات، هەڕەشەی لە شاعیرێک کرد کە نابێ شێعری سیاسی لەو یادکردنەوەیەدا، بخوێنێتەوە.

ئیدارەی ئیتلاعاتی شارەکانی مەهاباد و شنۆ، بنەماڵەی ئەندامانی حیزبە کوردییەکانی دژبەری حکوومەتی ئێرانیان بانگهێشتی ئەو ناوەندە حکوومەتییە کردووە و داوایان لەو بنەماڵانە کردووە کە کوڕەکانیان دەست لە ئەندامێتیی حیزبە کوردییەکان هەڵبگرن و بیانهێننەوە بۆ ئێران.

### کوژران و بریندابوونی کۆڵبەران:

ڕۆژی سێشەممە، ٤ی پووشپەڕ، کۆڵبەرێک بە ناوی "هێمن ساڵحپوور"، تەمەن ٢١ ساڵ، کوڕی سەلیم، خەڵکی گوندی "ئاڵوت"ی سەر بە شاری بانە، لە کاتی کۆڵبەریدا، بەهۆی تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتەوە، گیانی لەدەست دا.

لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا، کۆڵبەرێکی دیکەی کورد بە ناوی "عومەر محەممەدی"، کوری سادق، خەڵکی گوندی "بلەسەن"ی شاری بانە، بە تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەت، بریندار بوو.

کاسبکارێکی کورد بە ناوی "یوونس ئاڵتوون"، تەمەن ٢٦ ساڵ، کوڕی عومەر، خەڵکی گوندی "نەمنجێ"ی شاری پیرانشار، بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە نیزامییەکانی حکوومەت پێکرا و بۆ چارەسەریی پزیشکی ڕەوانەی ناوەندی دەرمانی کرا.

ڕۆژی یەکشەممە، ٩ی پووشپەڕ، کۆڵبەرێکی کوردی خەڵکی شاری سەردەشت، بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە نیزامییەکانی حکوومەت، پێکرا.

شوناسی ئەو کۆڵبەرە کوردە بە ناوی "ڕزگار ڕەسووڵی"، خەڵکی گوندی "بێورانی سەرێ"ی شاری سەردەشت ڕاگەیەندراوە.

ئێوارەی چوارشەممە، ١٢ی پووشپەڕ، هێزە نیزامییەکانی حکوومەت، لە نزیک گوندی "هانەگەرمەڵە"، سەر بە شاری نۆدشە، بە ناوی "گۆران عەزیززادە"، کوڕی حوسێن، خەڵکی گوندی "هانەگەرمەڵە"، گیانی لەدەست دا و کۆڵبەرێکی دیکە بە ناوی "ئەسیر شاپەسەندی"، کوڕی سەبری بەسەختی بریندار بووە و بۆ چارەسەریی پزیشکی، ڕەوانەی ناوەندی دەرمانیی شاری پاوە کراوە.

ڕۆژی چوارشەممە، ١٢ی پووشپەڕ، کاسبکارێکی کورد بە ناوی "یوونس ئاڵتوون"، تەمەن ٢٦ ساڵ، کوڕی عومەر، خەڵکی گوندی "نەمنجێ"ی شاری پیرانشار، بە هۆی قورسیی برینەکانیەوە، لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی شاری ورمێ، گیانی لەدەست دا.

کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی "ئەحمەد ڕازی"، تەمەن ٤٧ ساڵ، خەڵکی شاری نۆدشە، بە هۆی هەژاری و دەسکورتی، توانای تێچووی پزیشکیی بۆ چارەسەریی سەرمابردوویی قامکەکانی دەستی نییە.

تەقینەوەی مین:

بە هۆی تەقینەوەی یەکێک لە مینە چێندراوەکان، ئەندامێکی سپای پاسداران بە ناوی "حەسەن دەرگاهی"، گیانی لەدەست داوە.

بەپێی ئەو سەرچاوەیە، ئەو ڕووداوە لە ناوچەی سنووریی شاری "قوتوور" و ڕۆژی دووشەممە، ١٠ی پووشپەڕ، ڕوویداوە.

### گیان لە دەستدانی کرێکاران:

ڕۆژی شەممە، ١ی پووشپەڕ، کرێکارێکی کورد بە ناوی "سەلاح عەبدوڵڵاپوور"، کوڕی مستەفا، خەڵکی شاری بۆکان، لە کاتی کارکردندا بە هۆی تەقینەوەی "تی ئێن تی" لە کارگەیەکی ماسەدا، گیانی لەدەست دا.

ڕۆژی یەکشەممە، ٢ی پووشپەڕ، فەرمانبەرێکی کوردی خەڵکی شاری نۆدشە، بە هۆی کارەباگرتوویی لە کاتی کارکردندا، گیانی لەدەست دا.

شوناسی ئەو فەرمانبەرە کوردە بە ناوی "بێهنام شەریفیان"، تەمەن ٣٣ ساڵ، کوڕی محەممەدعەزیز، ڕاگەیەندراوە. هەروەها، کرێکارێکی دیکەی خەڵکی شاری نۆدشە بە ناوی "ڕێبوار مەحموود پوور ناسراو بە (حوسێن) کوڕی محەممەد، بە هۆی ڕووداوی کار گیانی لە دەستدا.

### خۆکوژی ژنان و پیاوان لە کوردستان:

ڕۆژی هەینی، ٣١ی جۆزەردان، دوکتور "شوان کەریمی"، کوڕی عێزەتوڵڵا، دانیشتووی گەڕەکی ئاغەزەمانی شاری سنە، خاوەنی دوکتورای کۆمەڵناسی، کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.سەرچاوەیەکی ئاگادار لەم بارەیەوە بە ئاژانسی کوردپای ڕاگەیاند: "ئەو کۆمەڵناسە کوردە، بە هۆی بێکاری خۆی کوشتووە و کۆتایی بە ژیانی خۆی هێناوە."

ڕۆژی یەکشەممە، ٢ی پووشپەڕ، ژنە هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی "شوکری سوارە"، خەڵکی شاری ڕەبەت، سەر بە شاری سەردەشت، دەستی دایە خۆسووتاندن.

ڕۆژی دووشەممە، ٣ی پووشپەڕ، مێرمنداڵێکی کورد بە ناوی "سوهراب ڕۆستەمی"، کوڕی سەلام، خەڵکی شاری مەهاباد، دەستی دایە خۆکوژی و گیانی لەدەست دا.

ڕۆژی سێشەممە، ٤ی پووشپەڕ، هاووڵاتییەکی تەمەن ٤٨ ساڵ بە ناوی "حەسەن"، خەڵکی گوندی "خانەگێ"ی شاری مەهاباد، کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

شەوی سێشەممە، ٤ی پووشپەڕ، کچێکی لاو بە ناوی "شیما خوسرەوی نیا"، تەمەن ١٩ ساڵ، کچی حەسەن، خەڵکی شاری سنە، کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.ئەو کچە لاوە، لە ڕێگای خۆهەڵواسینەوە کۆتایی بە ژیانی خۆی هێناوە.

لاوێکی کوردی خەڵکی شاری بۆکان، بە ناوی "هیوا کاکی"، کوڕی مەحیەدین، بە هۆی بێکارییەوە، خۆی هەڵواسیوە و کۆتایی بە ژیانی خۆی هێناوە.ئەو لاوە بۆکانییە، خێزاندارە و خاوەنی منداڵێکە.

پیاوێکی تەمەن ٤٠ ساڵ، خەڵکی گوندی "دزەی دۆڵ"، سەر بە شاری ورمێ، کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.هەر چەندە شوناسی ئەو هاووڵاتییە کوردە، بۆ ئاژانسی کوردپا ڕوون نەبووەتەوە، بەڵام سەرچاوە خۆجێییەکان، هۆکاری خۆکوژیی ئەو هاووڵاتییە، بۆ کێشەی خەمۆکی دەگەڕێننەوە.

ڕۆژی هەینی ١٤ی پووشپەڕ کچێکی مێرمنداڵ بە ناوی "شیوا شەعبانی" تەمەن ١٦ ساڵ کچی سابیر بە هۆکاری نادیار کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

ئەمڕۆ ١٥ی پووشپەڕ، کچێکی لاو بە ناوی "مەرزیە بایەزیدی موقەدەم" خەڵکی گوندی پەسوێی شاری پیرانشار، بە هۆکاری نادیار کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

لە ماوەی ئەم دوو حەوتوویەدا، ٥٦ حاڵەتی پێشێلکاری مافی مرۆڤ لە کوردستان ڕوویداوە کە بریتین لە دەسبەسەرکردنی ٢٦ هاووڵاتیی بانگهێشت بۆ دادگا ٦ هاووڵاتیی،هەروەها ٣ هاووڵاتیی کورد سەرجەم بە ١٢ ساڵ و ٣و مانگ زیندانی مەحکووم کراون، هاووڵاتییەک ممنوع‌الخروج کراوە و هێرش بۆ سەر هەواڵنێرێک لە شاری سەقز و لێدانی چەندین هەواڵنێر لە شاری سنە لە کۆنگرەی ناودارانی کورد، مانگرتنی زیندانییەکی سیاسی لە زیندانی مەریوان، هەڕەشە لە شاعێرێکی سەقز و بنەماڵەکانی ئەندامانی حیزبە کوردییەکان.

هەروەها، لەم ماوەیەدا، نزیکەی ٦ کاسبکار و کۆڵبەری کورد بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە نیزامییەکان،کوژراو و بریندار بوون و لە کۆی ئەو ٦ کاوسبکار و کۆڵبەرە کوردە، ٢ کوژرا و ٤ بریندار بووە و هەروەها یەکێک لەو کۆڵبەرە بریندارببووە، بە هۆی قورسی برینەکەیەوە، پاش ٣ ڕۆژ لە نەخۆشخانەی ورمێ، گیانی لە دەستداوە و لە لایەکی دیکەوەشەوە،کۆڵبەرێکی کورد بە هۆی نەبوونی تێچووی نەخۆشخانە، نەیوانی قامکەکانی بە هۆی سەرمابردووی ڕەش هەڵگەرابوون، چارەسەر بکات.

هەروەها لەو ماوەیەدا، ٩ هاووڵاتیی ژن، کچ و کوڕ وپیاو لە کوردستان بە هۆی کێشەی کۆمەڵایەتی، دەستکورتی و بنەماڵەیی کۆتاییان بە ژیانی خۆیان هێناوە. لە کۆی ئەو ٨کەسە کۆمەڵناسێکی کوڕ ،٣ پیاو، ژنێک، ٣ کچێک، مێرمنداڵێکی کوڕ.

سەرجەم لە کوردستانی ڕۆژهەڵات، لە دوو حەتووی ڕابردوودا، بە پێی ئاماری تۆمار کراوە لە ناوەندی ئاماری ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، ٤٨ حاڵەتی پێشێلکاری مافی مرۆڤ و ٩ حاڵەتی خۆکوژی تۆمار کراوە.